## دەنگدان بە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان خەباتە لەپێناو گەڕانەوەی




### لەم گەمە سیاسیەی هەڵبژاردنەکانی عێراقدا

# کوردستانیەکان چۆن پێگەی خۆیان دەپارێزن؟

# کەرکووک و سەرجەم ناوچە دابڕاوەکان بۆ هەرێمی کوردستان

**«لە گەمەی نەتەوەکاندا، ئامانجی هاوبەشی هەموو یاریزانەکان ئەوەیە ئەم گەمەیە رانەوەستێت و بەردەوام بێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر گەمەکە راوەستا ئەوا بەدیلەکەی شەڕ دەبێت، لەم گەمەیەدا هەر یاریزانێکیش ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە و جیاوازە لە ئامانجی ئەوانی دیکە، بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەش پێوەری سەرکەوتنە بۆ هەریەک لەو یاریزانانە»**

**زەکەریا محێدین**

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق هێندەی بە گەمەی سیاسیی نێوان نەتەوە جیاوازەکانی عێراق و گەمەی نێوان دەوڵەت ئیقلیمیە جیاوازەکان دادەنرێت،هێندە وەك گەمەیەکی سیاسیی یان پرۆسەیەك بۆ بونیادی دیموکراتی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لەقەڵەم نادرێت، هەربۆیە لە دەستپێکی ئەم راپۆرتە ئەو چەند وشەیەی زەکەریا محێدینی جێگری سەرکۆماری میسرمان دانا کە لەساڵی ١٩٦٢ لە کۆرێکی کۆلێژی سەربازی میسر ئاماژەی پێکردووە و پاشان وەك پێناسەیەکی عەرەبی بۆ (( گەمەی نەتەوەکان)) لە پێشەکی چاپی عەرەبی ( لعبە الامم- The Game of Nations)ی مایلز کۆپلاند دانراوە، ئەو چەند دێرەی زەکەریا محێدین ئاماژەی پێکردووە چرکردنەوەی مانای کتێبەکەیە، لەبەر ئەوەی کۆپلاند لە پێشەکی کتێبەکەی وەك دەروازەیەك بۆ چوونە ناو ئەم باسە ئاڵۆز و گرنگە ئاماژە بۆ شانۆگەریەکی سکۆت فیتز جیرالد دەکات کە لەو شانۆگەریەدا نەریت و ئەتەکێتی کۆمەڵایەتی هۆز و خێڵەکانی بە جوانی دەرخستووەو کۆپلاند دەڵێت: جیرالد زۆر جوان ئەتەکێت و نەریتی هۆز وخێڵەکانی دەرخستووە،بەوەی پابەندبوون و لانەدان لەو ئەتەکێت و نەریتە وەك پابەندبوونێکی ئەخلاقی هۆز و خێڵەکان دادەنرێت،ئەم خۆگرێدانەوەیەش بەو ئەتەکێت و نەریتانە هۆکاری ئەوەیە کە هەموو کات لە نێو هۆز و خێڵەکاندا پێکنەگەن و لە ناوخۆیاندا بەشەڕ کێشەکانیان چارەسەر بکەن.

ئەگەر لەم روانگەیەوە بارودۆخی ئێستای عێراق بخوێنینەوە ئەوا هەست بەوە دەکەین،ئێستا لە عێراقدا پێمان خۆش بێت یان نە، پرۆسەی سیاسیی عێراق بە پێی ئەو ئەتەکێت و نەریتانە بەرێوە دەچێت و ئەو نەریت و ئەتەکێتانە بوونەتە داینەمۆی گەمە سیاسیەکەش، کەواتە لێرەوە دەکرێت راشکاوانەتر دەست بخەینە سەر کێشەکە و وەك دەروازەیەك بۆ ناو ئەم باسە ئاڵۆزە پێویستە راستیەکان وەك خۆی بخەینەروو:

١- هەموو ئەو کێشانەی کە هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی بەغدا هەیەتی پەیوەستە بەو ئەتەکێت و نەریتەی کە سیاسەتی عەرەبی عێراق بەرامبەر بە کێشەی کورد و ناسنامە و سنووری جوگرافی هەریمی کوردستان هەیانە، ئەمەش واتە ئەگەر سیاسیەکی عەرەب دان بەو راستیە بنێت کە ئەو کێشانەی ئەوان وەك کێشە لەگەڵ کورد دروستیانکردووە لە بنەڕەتدا کێشە نیە،وای لێکبدەنەوە کە ئەو کۆمەڵە پرانسیپانەیان شکاندووە کە سیاسەتی عەرەبی لە عێراقدا لەسەر بونیادنراوە.

٢- نموونەیەك کە زیاتر راشکاوانەتر لەم مەسەلەیەدا پێویستمان پێیەتی و دەبێت راشکاوانە هەڵوەستەی لەسەر بکەین، دووفاقی هەڵوێستی ئەو سیاسەتمەدارانەیە کە دوێنی لە ریزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە هەولێر و سلێمانی و لەندەن و بەیروت و واشنتۆن شتێکیان دەگوت و ئێستا کە لەسەر کورسی حوکمڕانین لە بەغدا شتێکی دیکە دەڵێن،ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کاتێك ئەو سیاسەتمەدارانەی عێراق لە کەشوهەوای ئەو ئەتەکێت و نەریتە دێنە دەرەوە کە رای گشتی سیاسەتی عەرەبی لە عێراقدا بەرامبەر هەرێمی کوردستان دروستکردووە، جیاوازە لەو کاتەی دەگەڕێنەوە بۆ ناو هەمان ژێنگە و کاریگەری ئەو ئەتەکێت و نەریتانە لە ئەتمۆسفیری حکومڕانی و کورسی دەسەڵات لە بەغدا بەرجەستە دەبێتەوە.

٣- ئەم حاڵەتە لەناو عەرەبی عێراقیشدا بەشێوەی جیاوازیی مەزهەبی نێوان شیعە و سونە بە جۆرێکی دیکە دیسان رەنگدانەوەی هەیەو، هەر ئەو ئەتەکێت و نەریتە رێگە نادات عەرەبی عێراقیش لە ناو بازنەیەکدا کۆبکرێنەوە تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کەهەردوولا سوننە و شیعە وەك عەرەب رووبەڕووی کێشەی کورد دەبنەوە، هەر بۆ نموونە کێشەی سەرەکی کورد بەدرێژایی مێژوو لە عێراقدا لەگەڵ ئەو سیاسەتمەدار و دەسەڵاتدارانە بووە کەلەسەر عەرەبی سوننە حساب بوون، بەڵام عەرەبی شیعە وێڕای ئەو هەموو جیاوازی و ناکۆکیەی کە لەگەڵ عەرەبی سوننە هەیبووە وەك پێویست لەسەر کێشەی رەوای کورد و ناسنامەی جوگرافی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا نەهاتۆتە دەنگ و لەگەڵ کورد لەیەك سەنگەر و هاوپەیمانی یەکینەگرتۆتەوە.

٤- ئەوەی وایکردووە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کورد و شیعە و سوننە لە حکومەتێکدا کۆببنەوە، پرسی پابەندبوون یان هەستکردن بە ناسنامەی

# تا دوێنێ بە خوێن بەرگریمان لە

عێراقیبوونی هەر یەك لەو سێ لایەنە نەبووە بۆ بونیادنانەوەی عێراقێکی دیموکراتی و فرەیی و فیدڕاڵی و پەرلەمانی،لەوانەیە هەندێك ئەم قسەیەی ئێمە بەجۆرێك لە پابەندبوون یان هاندانی سۆزی نەتەوەیی لێکبدەنەوە، بەڵام با تەنها ئەو ڕستەیە شیبکەینەوە کەوەك پێناسە بۆ عێراقی ئایندە دروستکراوە کە ئەمەیە( عێراقێکی دیموکراتی و فرەیی و فیدرالی و پەرلەمانی ) کە هەندێك جار ئێمە خۆمان وەکو کورد( پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە)شی بۆ زیاد دەکەین.بەڵام باپرسین بێجگە لە کورد چ لایەنێکی عەرەبی سیاسیی عێراقی کە سەنگێکی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە،لە پراکتیکدا بڕوای بە عێراقێکی دیموکراتی و فیدرالی و فرەیی و پەرلەمانی هەیە، ئەوانەی ئەو دروشمانە بەرزدەکەنەوە و پشتیوانی خۆیانی بۆ دەردەبرن بەداخەوە لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا نابنە ئەو ژمارەی گرەویان لەسەر بکرێت.

٥- ئەمەیە ئەو ڕاستییەی زەکەریا محێدینمان بۆ ئاشکرا دەکات و پێماندەڵێت ئەگەر کێشەکانی عێراق وەك کێشەی نێوان گەلی کوردستان و حکومەتی بەغدا سەیر بکەین، دەبینین لە ڕوانگەی حکومەتی عێراقەوە ئەوجا هەر کەسێك سەرۆکی ئەو حکومەتە بێت وەك کێشەی نێوان نەتەوەی کورد و نەتەوەی عەرەب سەیر دەکرێت، با لەو کاتەی کێشە دەکەوێتە نێوان عەرەبی سونە و شیعە بەوجۆرە سەیر نەکرێت،بەڵام هەر لەگەڵ کێشەی سونە و شیعە تەواو تێڕوانینە هاوبەشەکەیان بەرامبەر بەکورد دەگەڕێتەوە بۆ جێگەی خۆی، ئەمە وایکردووە لە گەمەی سیاسیی عێراقدا کورد وەك یارییزانێك لەو گەمەیە لەگەڵ یاریزانەکانی دیکە کە نوێنەرایەتی عەرەبی شیعە یان عەرەبی سونە دەکەن ئامانجی جیاواز بێت، ئەمەش واتە هەرلایەکیان ئامانجێکیان هەبێت و لەگەڵ ئامانجی ئەوانی دیکە یەکنەگرێتەوە، بەداخەوە دەڵێین لەم گەمەیەدا،پێوەری سەرکەوتنی هەر لایەکیشیان ( لایەنە عەرەبییەکانی عێراق) ئەو پێوەرییە کەمافی کورد کەمبکاتەوە و نکۆڵی لە ناسنامەی جوگرافی و مێژووی کوردستان لە عێراقدا بکات.

٦- ئەم واقیعە بارودۆخێکی وای بۆ کورد دروستکردووە کە پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی لە دەستووری عێراقدا بەدەستهاتوون وەك ئامانجی خۆی سەیریان بکات و خەباتی لە پێناودا بکات، ئەمە لە کاتێکدا داکۆکی و خەباتکردن بۆ جێبەجێکردن و پاراستنی دەستووری عێراق، تەنها ئەرکی کورد و ئەو کوردستانیانە نیە کە لە چوارچێوەی عێراقدا دەژین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامانجی یاریزانەکانی ناو پرۆسە سیاسیەکەی عێراق جیاوازە و زۆربەیان ( بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندی بە تێڕوانینیانەوە هەیە بەرامبەر بەکورد) دەکەونە دەرەوەی دەستووری عێراقی دەبین ئەو دەستوورەی کە نەخشەی ڕێگایە بۆ دروستبوونی ناسنامەیەکی هاوبەشی عێراقیبوون، زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق خودی دەستوورەکە بە ڕێگر لەبەردەم دروستبوونی ئەو ناسنامە عێراقیە هاوبەش دەزانن، ئەوان ناسنامەی عێراقیبوون لە پابەند بوون بەو ئەتەکێت و نەریتە عەرەبییەوە دەبینن کە سەیری کوردی پێدەکەن، دەرچوون لەو دابونەریتە بە شکاندنی پابەندبوونێکی ئەخلاقی دەزانن بۆیە هەموو کات توانایان هەبوویێت دەرگای وتوێژی نێوان کورد و حکومەتەکانی عێراق داخراوە شەڕ لە نێوان شۆڕشەکانی کوردستان و حکومەتە یەك لە دوایەکەکانی عێراق بەردەوامبووە.

٧- ئێستا ئەمریکا لەم ڕاستیە تێگەیشتووە، کە پێکهاتن یان گەیشتن بە ڕێککەوتن و سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا کارێکی ئاسان نیە، بۆیە هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە پرۆسە سیاسیەکە ڕانەوەستێت چونکە هەر کاتێك ئەو پرۆسەیە ڕابوەستێت ئەوا بەدیلەکەی دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕ دەبێت، کەواتە ئێستا بەرژەوەندی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا بەوجۆرەیە هەر چۆنێك بێت پرۆسەی سیاسیی بەردەوام بێت، بەڵام ئەم بەردەوامیە ناچارییە هەموو کات کۆمەڵێك کێشە بە تایبەتی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بە هەڵواسراوی دەهێڵێتەوە، ڕاستە مانەوەی ئەم کێشانە بە هەڵواسراوی پرۆسەی سیاسیی عێراق لەبارێکی لەرزۆکدا دەهێڵێتەوە، بەڵام لای ئەمریکا بارێکی لەرزۆك لە بەدیلەکەی دیکە باشترە کە ئەویش دووبارە بوونەوەی شەڕە.

٨- ئەم خوێندنەوەیە پێمان دەڵێت ڕاستە ئێمە لەگەڵ ئەمریکادا کۆمەڵێك بەرژەوەندی هاوبەش کۆماندەکاتەوە، بەڵام ئامانج و تێڕوانینی ئێمە وەك کورد و کوردستانی بۆ عێراقی ئایندە دەقا و دەق لەگەڵ ئامانج و تێڕوانینەکانی ئەمریکا بۆ عێراقی ئایندە یەکناگرێتەوە، ڕاستە ئامانجی هەرێمی کوردستان بۆ عێراقی ئایندە دیموکراتی و فیدڕالیە و ئامانجی ڕاگەیەنراوی ئەمریکاش پشتگیریکردنە لەم ئامانجە، بەڵام دیموکراتی و فیدرالی بێجگە لەوەی تەفسیر و ڕەهەندی جۆراو جۆری هەیە، لەهەمانکاتدا مەرج نیە هەموو ئامانجی ئەمریکا لە عێراقدا لە دیموکراتی و فیدرالیدا چڕ کرابێتەوە، بۆ ئەمریکا ئاساییە دەستبەرداری فیدرالی و دیموکراتی یان جیاکردنەوەی فیدرالی و دیموکراتی لە عێراقدا ببێتەوە، بەڵام دەستبەرداربوونی کورد لە فیدرالی و دیموکراتی خۆکوشتنی سیاسیە .

ئەو چەند خاڵەی ئاماژەمان پێکردن هەموو ئەو خاڵانە نین کە دەبوو ئاماژەیان پێبکەین بەڵکو ئەوە چەند خاڵێکی گرنگ و پێویست بوون کە دەبوو بۆ جیاکردنەوەی ئامانجەکانمان لەوانی دیکە و دروستکردنی پردی پەیوەندی و هاوبەش لە نێوان ئامانجە هاوبەشەکانمان لەگەڵ ئەوانی دیکە ئاماژە پێبکەین، ئەم دەستنیشانکردنە بۆ ئەوەنیە کە ئامانجەکانی خۆمان لە ئامانجی ئەوانی دیکە یان یاریزانەکانی دیکەی ناو پرۆسەی گەمەی سیاسیی عێراق دابڕین و کورتبینانە سەیریان بکەین، نەخێر جیاکردنەوەی ئامانجەکانمان بۆ ئەو مەبەستەیە چۆن پردی پەیوەندی و

> **مانەوەی ئەم کێشانە بە هەڵواسراوی پرۆسەی سیاسیی عێراق لەبارێکی لەرزۆکدا دەهێڵێتەوە**

# کوردستان دەکرد ئەمڕۆ بە دەنگ

هاوبەش لە نێوان سەرجەم ئامانجە سیاسیە جیاوازەکان لەناو پرۆسەی سیاسی عێراقدا دروستبکەین،ئەم هەنگاوە بە میتۆدی ئەم نووسینە هەنگاوێك دەبێت بۆ چۆنیەتی بەردەوامبوونی پرۆسەکە و چۆنیەتی مامەڵەکردنی نێوان توخمە سەرەکیەکانی نێو هاوکێشەکە،ئەمەش لەبەر ئەوەیە بەردەوامی پرۆسەکەو پەیوەندی بەردەوامی نێوان توخمەکان دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئێستا نکۆڵی لێدەکرێت و سووربوون لەسەر ئەو نکۆڵی لێکردنە دەکاتە پاپەندبوونێکی ئەخلاقی بەرامبەر بە ئەتەکێت و نەریتی سیاسەتکردنەوە بەرامبەر بەکورد، دەگۆڕێت بۆ سیاسەتی ئەمری واقیع و ناچاربوونی بەرامبەر بۆ داننان بەو ئەمری واقیعەی کە لەسەر ئەرزی واقیع دروستدەبێت و لە توانایدا نابێت ئەو ئەمری واقیعە بگۆڕێت، لێرەدا دووپاتی دەکەینەوە راستە بوونی ئەمریکا یان دۆستانی کورد لەم پرۆسەیەدا بۆ زەمینەسازی بۆ دروستبوونی ئەم ئەمری واقیعە گرنگە، بەڵام دروستکردنی ئەو ئەمری واقیعە ئەرکی دەسەڵاتی سیاسی ئێستای کوردستان و گەلی کوردستانە کە لە پرۆسە سیاسیەکەدا مافی دەنگدان و یەکلاییکردنەوەی کێشەکانی هەیە، بۆ ئەوەی لە هەمبەر ئەم پرسە گرنگە خۆمان بەلاواز و هیوابڕاو نەزانین و پشتئەستوور بین بەوەی کە دەتوانین ئەو ئەمری واقیعە دروستبکەین، باشترین نموونە ئاماژەکردنە بەو پرۆسە دیپلۆماتیەی سەرکردایەتی سیاسیی ئێستای کوردستان لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەولێر و ئەنکەرا بۆ جیهانی سەلماند کە پەنابردن بۆ هێزی دبلۆماتی،هەمیشە سەرکەتووترە لە پەنابردن بۆ دپلۆماتیەتی هێز،لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە سەرکەوتنی هێزی دبلۆماتی بەتەنها سەرکەوتن نەبوو بۆ کورد و هەوڵە راستەکانی، بەڵکو سەرکەوتن بوو بۆ ئاشتی و سەقامگیری ئیقلیمی دووبارە دروستکردنەوەی بەرژەوەندی و پەیوەندی لەسەر بنەمای رێزی هاوبەش،دەکرێت بڵێین بەدرێژایی سالانی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ لە تێروانینی سیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان ئەسڵەن هەر بوونی هەرێمی کوردستان وەك هەڕەشەیەك بۆسەر یەکپارچەیی تورکیا سەیر دەکرا، بەدرێژایی ئەو دووساڵە راستە ئەمریکا نەیدەویست ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان تێکبچێت یان بشێوێت،بەڵام ئەو مەترسیەی لەسەر کورد و ئەزموونەکەی هەبوو بەو ئاستە لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا نەبوو، راستە ئاساییبوونەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئەنکەرا و هەولێر بەجۆرێك لە جۆرەکان لە بەرژەوەندی سیاسەتی ئەمریکادا بوو لە ناوچەکەدا، بەڵام ئەگەر ئەو گۆڕانکاریەش لەسیاسەتی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان روونەدایە پەیوەندی نێوان واشنتۆن و ئەنکەرا هەر نەدەپچڕا.کەواتە ئەوەی رۆڵی سەرەکی لە هێورکردنەوەو ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا گێڕا رۆڵی هەوڵ ودبلۆماتیەتی خۆمان بوو، هەر بۆ بەبیر هێنانەوە هەندێك لە سیاسەتمەدارانی عێراق کە ئێستا و ئەو کاتیش لە بەغدا بەشێکبوون لە حکومڕانی عێراق، لەبری ئەوەی بۆ بەرژەوەندی ئاسایش و سەقامگیری و یەکپارچەیی عێراق بەرگری لە هەڵوێستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەن، لە ئەنکەرا دەستخۆشیان لە حکومەتی تورکیا دەکرد، لەمەش زیاتر هەتا کورد دەنگی لێ بەرزنەبووەوە و پەرلەمانی عێراقی ئیحراج نەکرد، تەنانەت پەرلەمانی عێراقیش لەسەر دەستێوەردانەکانی سوپای تورکیا بۆ ناو هەرێمی کوردستان هەڵوێستێکیان نەبوو!!، کەواتە ئەم راستیانە پێماندەڵێن چەند باری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لەبار بن، ئەگەر ئیرادەی خودی سیاسەتی سەرکردایەتی دەوڵەت و پشتگیری گەلی کوردستان نەبوایە هاوکێشەکە بەو ئاراستەیە نەدەشکایەوە کە ئێستا هەموومان دەیبینین.

ئێستاش زۆر گرنگە کاتێك بەرەو هەڵبژاردنێکی چارەنووسسازی وەك هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠/٣/٧ دەچین ئەو راستیەمان لەبەر چاو بێت کە ئەم هەڵبژاردنە بۆ ئایندەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی ناوچەدابڕاوەکان پرۆسەیەکی چارەنووسسازە و ئامانجی ئێمەش وەك کورد و وەك کوردستانی لەم پرۆسەیەدا جیاوازە لە ئامانجی لایەنەکانی دیکە بۆیە گرنگە بەو ئاستە و بەو هۆشیاریەوە لەم پرۆسە گرنگە تێبگەین و بەئاستی گرنگی پرۆسەکە بەشداری تێدابکەین.

## چۆن ئەم پرۆسەیە لەئاستی عێراق بخوێنینەوە؟

ئەگەر عێراق دەوڵەتێکی فیدرالی و دیموکراتی بوایە و دەستوورەکەی هیچ ئاستەنگێکی بۆ جێبەجێکردنی لەبەردەمدا نەبوایە، شێوازی هەڵبژاردنەکان ئەو خوێندنەوەیەی ئێستای پێویست نەبوو کە ئێمە لەم راپۆرتە ئاماژەی پێدەکەین،بەڵام شێوازی ئەم خوێندنەوەی ئێستا ئێمە بۆ هەڵبژاردنەکانی دەکەین هەست دەکەین جۆرێك لە ئەرك و بەپرسیارێتی دەخاتە سەرتاکی دەنگدەری کوردستانی کە لە دەوڵەتی دیموکراتی و فیدرالی ناکەوێتە سەرشانی،ئەم راستیە گرنگە کە دەنگدەری کوردستانی لەبەر چاوی بێت و لە کاتی بانگێشەی هەڵبژاردندا وەك پابەندبوونێکی ویژدانی و ئەخلاقی پێوەی پابەند بێت،هەر ئەم پابەندبوونە ویژدانیەش بۆندێکی ئەخلاقی لە نێوان تاکی کوردستان و چۆنیەتی تێڕوانینی بۆ هەڵبژاردنەکان دروستدەکات، لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێدەکەین:

١- شێوازی هەڵبژاردنی ئەمجارەی پەرلەمانی عێراق شێوازێکی نیمچە کراوەیە، ئەمەش واتە راستە دەنگدەر دەنگ بە قەوارەیەکی سیاسیی دەدات، بەڵام لە ناو قەوارە سیاسیەکەشدا دەنگ بەو کاندیدە دەدات کە خۆی هەڵیدەبژێرێت، ئەم شێوازە پێویستە هاندەر بێت بۆ ئاستی فراوانی بەشداری هاوڵاتیان لەبەر ئەوەی ئەگەر پێشتر پێی وابووبێت کە دەنگی ئەو کاریگەری لەسەر دەنگی ئەو قەوارە سیاسیە نابێت کەئەو خۆی بەلایەنگیری

**سەرکردایەتی سیاسیی ئێستای کوردستان لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەولێر و ئەنکەرا بۆ جیهانی سەلماند کە پەنابردن بۆ هێزی دبلۆماتی، هەمیشە سەرکەتووترە لە پەنابردن بۆ دپلۆماتیەتی هێز**



# ئایینی ئیسلام ئایینی تەبایی و لێبوردەیی و

دەزانێت، بەڵام ئەمجارە کاریگەری دەبێت و مەسەلەکە تەنها دەنگدان بە قەوارەکە یان دەرچوونی قەوارە سیاسییەکە نیە، بەڵکو تاکی دەنگدەر بریار دەدات کێ لەو کاندیدانە دەچنە ناو پەرلەمان و کێ ناچێت،بۆیە لەم پرۆسەیە دەنگی تاك رۆڵێکی کاریگەری هەیە و نابێت ئەم رۆڵە فەرامۆش بکرێت.

٢- گرنگە دەنگدەر کە بۆ دەنگدان دەچێت ئەوەی لەبیر بێت ئەو پێش ئەوەی دەنگ بە قەوارەیەکی سیاسیی دەدات، ئامانجی سەرەکی لە دەنگدانی خۆی بزانێت کە دەنگدانی ئەو تەنها دەنگدان نیە بۆ قەوارەیەکی سیاسیی و بەس بەڵکو دەنگدانە بۆ کێشە چارەنووسسازەکانی کوردستان و یەکلاییکردنەوەی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان،ئەم تێگەیشتنە زۆر گرنگە لای تاکی دەنگدەری کوردستانی هەبێت کە ئەم پرۆسەیە ئەگەر لە رووکاریشدا پرۆسەیەکی فرەیی و هەمەلایەنە بێت ئەو لە گەوهەردا بۆ کورد و نوێنەرانی کورد لەبەغدا مەسەلەی چارەنووس و یەکهەڵوێستی کوردستانیەکان وپیشاندانی قەوارەی راستەقینەی هەرێمی کوردستانە لە پەرلەمانی عێراقدا.

٣- بۆ هەموو ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە بەگشتی و بۆ ئەوانەی هەواداری لیستی هاوپەیمانی کوردستانین و دەنگ بە هاوپەیمانی کوردستان دەدەن، زۆر گرنگە بە وردی دروشمەکانی هاوپەیمانی کوردستانی بخوێننەوە و بەپێی ئەو ئەولەویەتەی کە هاوپەیمانی کوردستان بۆ بەرنامەی خۆی دایرشتووە سەیری بەرنامەکە بکەن و وەك خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و رێزبەندی بەرنامە پاش و پێش نەخەن،لەم لایەنەوە ئەگەر بەرنامەی هاوپەیمانی کوردستان بە وردی بخوێنینەوە دەبینین ئەولەویەت بە کێشە چارەنووسسازەکان دراوە وەك کێشەی چارەسەرنەکراوی کوردستانیەکان و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان

بەشێوەیەکی ئاشتیانە، ئەم خاڵە کە دەبێتە گەوهەری بەرنامەی هاوپەیمانی کوردستان و خاڵی هاوبەشی نێوان سەرجەم قەوارە سیاسیە جیاوازەکانی کوردستانیشە، پێویستەو باشترە بکرێتە چەتری پێکەوە کۆکردنەوەی جیاوازیەکانمان و فاکتەرێك

بۆ بەشداریمان لە هەڵبژاردنەکانمان، ئەمەش بەو مانایەی ئەگەر تاکی دەنگدەری کوردستانی لەو کاتەی دەچێتە سەر سندوقی دەنگدان دەبێت ئامانجی هەموان کێشە چارەنووسسازەکان بێت و قەناعەتی بەوە بێت ئەمە بەشداریەکی



لەم پرۆسەیەدا پێویستە دەنگدەر کێشە سەرەکی و چارەنووسسازەکان نەکات بە قوربانی کێشە لاوەکیەکان

# برایەتی و دادپەروەرییە، دەیپارێزین

ئاشتیانەی تاکی کوردستانە لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە چارەنووسسازەکانی کوردستان و دەنگدانەکەی بۆ دەرخستنی قەوارەی راستەقینەی خەڵکی کوردستانە لە عێراق و بۆ یەکهەڵوێستی کوردە لە پەرلەمانی عێراقدا.

٤- گرنگە تاکی دەنگدەر لە کاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ئەو پرسیارە لای خۆی بورووژێنێت بۆچی بەرنامەی قەوارەسیاسیەکانی کوردستان بەگشتی و لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بە تایبەتی لە بەرنامەی قەوارە سیاسیە غەیرە کوردستانیەکان جیاوازە، دەبێت لە خۆی بپرسێت بۆچی لەبەرنامەی هاوپەیمانی کوردستاندا چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکان وەك هەنگاوی یەکەم بۆ پرۆسەی بونیادی دیموکراتی و سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسیی و ئاشتی و سەقامگیری لە عێراقدا ئاماژەی پێکراوە و لەبەرنامەی قەوارە سیاسیە غەیرە کوردستانیەکان فەرامۆش و پشتگوێ خراوە،گەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانە تەنها بۆ لایەنێك یان قەوارەیەکی سیاسیی گرنگ نیە بەڵکو بۆ ئاییندەی سیاسیی هەرێمی کوردستان لەعێراقدا گرنگە.

٥- لەم پرۆسەیەدا پێویستە دەنگدەر کێشە سەرەکی و چارەنووسسازەکان نەکات بە قوربانی کێشە لاوەکیەکان، دەبێت ئەوەی لەبیر بێت ئەولەویەتی کێشەکان بەپێی جۆری هەڵبژاردنەکان دەگۆرێت، هەر بۆنموونە بۆ ناوچەکانی ئێستای ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت تاکی دەنگدەر هۆشیاری لەو ئاستەدا بێت چەند کێشەو گرفتە ناوخۆییەکان بکرێنە دروشمی هەڵبژاردن و کۆکردنەوەی دەنگ هێندە ئاستی هۆشیاری و هەستکردنی تاك بە کێشە چارەنووسسازەکان بۆندی ئەخلاقی نێوان تاك و چارەنووسی کوردستان لاواز دەکات، ئەمە ئەگەر بەهەڵە تەفسیری بۆ نەکرێت و لێمان نەکەن بەوەی ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان دەمانەوێت کەموکورتیەکان بە ئامانجە نیشتمانیەکان داپۆشین، راشکاوانە دەڵێین تاکی دەنگدەری کوردستانی بێجگە لە هەڵبژاردنەکانی عێراق چەندین هەڵبژاردنی دیکەی لەپێشدایەو بەشداری تێدا دەکات وەك هەڵبژاردنی پارێزگاکان و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان، ئەمەش واتە تاکە بریاردەر لە دانانی حکومەت و پارێزگاری پارێزگاکانیشدا هەر گەلی کوردستانەو پێویستە تاکی دەنگدەر لەو راستیە ئاگادار و هۆشیار بێت کە ئەرکەکانی خۆی بەپێی قۆناخ و جۆری هەڵبژاردنەکە دیاریبکات و لەو

**لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا مەسەلەکە لێپرسینەوە یان دادگاییکردنی ئەندامانی پێشووی پەرلەمانی عێراق نیە، بەڵکو دووبارە پیشاندانەوەی هێز و قەوارەی راستەقینەی گەلی کوردستانە**



# پابەندبوون بەدەستووری هەمیشەیی عێراق،

کاتەی پێویستە دەنگ بۆ گۆڕین یان دانانی حکومەتی خۆی بدات یان لەو کاتەی کە پێویستە دەنگ بۆ پارێزگار و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا بدات، ئەوە ئەو کاتانەیە کە پێویستە دادگایی بەرپرسانی پێشوو بکرێت و لەسەر ڕەفتار و حکومرانی پێشوویان دەنگیان پێبدرێت یان پێنەدرێتەوە،بەڵام لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا مەسەلەکە لێپرسینەوە یان دادگاییکردنی ئەندامانی پێشووی پەرلەمانی عێراق نیە، بەڵکو دووبارە پیشاندانەوەی هێز و قەوارەی راستەقینەی گەلی کوردستانە، ئەم راستیە زۆر گرنگە دەنگدەر لەبەرچاوی بێت و بزانێت چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات.

٦- دەنگدەر پێویستە لەو راستیە ئاگادار بێت کە مەسەلەی کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان بەغدا و هەولێر و مەسەلەی دواخستنی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان پەیوەندی بەوە نیە کە فڵان کوتلەی پەرلەمانی یان فڵان پەرلەمانتار وەك پێویست ئەرکەکانی خۆی لە پەرلەمانی عێراقدا جێبەجێ نەکردووە، ئێستا هەندێك لایەن ئەم مەسەلەیە وەك پروپاگەندەی دژی هاوپەیمانی کوردستانی بەکاردەهێنن، گرنگە خەڵك لە وە هۆشیارتر بێت کە هەموو کێشەکانی عێراق لەماوەی چەند ساڵی رابردوو،هەر لەیاسای فیدرالیەوە تا دەگاتە هەموار کردنی دەستوور و کێشەی یاسای نەوت و گاز و بودجەی پێشمەرگە و هتد. ئەم کێشانە نەتوانراوە لە ناو پەرلەمانی عێراقدا قسەی لەسەر بکرێت ئەگەر پێشتر لە چوارەچێوەی هاوپەیمانی چوار قۆڵی لەسەری ڕێکنەکەوتبن،ئەمە هەڵخەڵەتاندنی تاکی کوردستانیە و خۆڵکردنە چاوی خەڵکە و شاردنەوەی ئەو راستیەیە ئەگەر هاوپەیمانی کوردستان پشت بەو قەوارەی خۆی لە پەرلمانی عێراقدا ببەستێت نەك ناتوانێت هیچ بە هیچ بکات بەڵکو بوون و نەبوونی لەناو پەرلەمانی عێراقدا وەك یەك دەبێت، دەبێت راستگۆیانە لەسەر ئەم پرسە گرنگە هەڵوەستە بکرێت و پرۆسەی سیاسیی عێراق و ئامانجی پێکهاتە جیاوازەکانی ناو ئەم پرۆسەیە وەك خۆی چۆنە ئاوا بخرێتە بەردەم خەڵکی کوردستان، دەبێت ئەو راستیە لەخەڵك چەواشە نەکرێت لە پێناوی کۆکردنەوەی چەند دەنگێکی زیاتردا رەخنە لە کوردستانیەکان بگیرێت و دەستخۆشی لەوانە بکرێت کە هەموو ئامانجیان ئەوە بووە سیاسەتی بەعس لە ناوچە دابراوەکاندا بکەنە ئەمری واقیع. بێگومان ئەم هەڵبژاردنە زۆر لەوە گرنگترە لە پێناوی کۆکردنەوەی چەند سەد دەنگێك رەخنە لە هاوپەیمانی کوردستان بگیرێت و دەستخۆشی لە کۆنە بەعسیەکان بکرێت، مەسەلەکە هەر ئەوەندە نیە کە لە دووری ٣٠٠ کیلۆمەترەوە شرۆڤەی هەڵوێست و بۆچوونەکان بکەین، بەڵکو گرنگە لە ناو هۆڵی پەرلەمانی عێراقەوە کێشە و گیروگرفتەکان چارەسەر بکرێت.

٧- خاڵێکی دیکەی گرنگ کە پێویستە لە ئامانجە چارەنووسسازەکانی نێو بەرنامەی هاوپەیمانی کوردستانی هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەو راستگۆییەیە کە دەڵێت ئامانجی ئێمە ئەوەیە ئەم کێشە چارەنووسسازانە بە ڕێگەی ئاشتیانە چارەسەر بکەین، تێگەیشتن لە چەمکی چارەسەری ئاشتیانە چەند خاڵێکی شاراوە ئاشکرا دەکات ئەگەر ئەو خاڵانە لەبەر چاو نەگرین هەموو ئەو دەستکەوتانەی بەدەستمانهێناوە لەماوەیەکی زۆر کورتدا لەدەستیدەدەین، بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم خاڵە بەمجۆرە ئاماژەی پێدەکەین:

أ- مانای چارەسەری ئاشتیانە واتە کوردو نوێنەرانی گەلی کوردستان نابنە هۆکارێك بۆ راوەستانی گەمەی سیاسیی لە عێراقدا،بۆچی؟ لەوەڵامدا دەبێت ئاگاداری ئەو راستیە بین ئەگەر کورد ببێتە هۆکارێك بۆ راوەستان یان فەشەل پێهێنانی پرۆسەی سیاسیی لەعێراقدا، ئەوا ئامانج و بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان دەبێتەپێچەوانەی ئامانج و بەرژەوەندیەکانی پێش هەموان ئەمریکا و ئینجا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئینجا دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیش.

ب- ئامانج لە چارەسەری ئاشتیانە واتە بەرگریکردن لە گەوهەری دەستووری عێراق و هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی،دەبێت تاکی کوردستانی لەو راستیە ئاگادار بێت کە گەورەترین سەرکەوتن لە مێژووی سیاسەتی کوردستاندا، رۆڵی سەرکردایەتی سیاسیی هاوپەیمانی کوردستان بووە لە چۆنیەتی دارشتن و نووسینەوەی ئەم دەستوورەدا، لەبەر ئەوەی ئەم دەستوورە چەند بانگێشەی ئەوەی بۆ بکرێت کە دەبێت هەموار بکرێت بەبێ ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ژمارەی دانیشتوانی تەنها پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك هەموار ناکرێت، بۆ زامنی ئاسایش و ئارامی ئەم سێ پارێزگایەش لە دەستووری عێراقدا لە چوارچیوەی ئیدارەی ئەمری واقیعی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ساڵی ٢٠٠٣ دانی پێدانراوە، ئەمەش دووربینی و ورد بینی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و هاوپەیمانی کوردستان دەردەخات و زامنی شەرعیەتی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ئەم سێ پارێزگایە گەرەنتی دەکات، بۆیە هەتا ئەم سێ پارێزگایە وەك ئیدارەی ئەمری واقیعی کوردستان خاوەنی ئەو شەرعیەتە دەستووری و نێودەوڵەتیە بێت، دەستووری عێراق بەوجۆرە هەموار ناکرێت کە شۆڤێنیەکان ئومێدی بۆ دەخوازن.ئەمەش واتە سەری گوریسەکە بۆ تێکدانی دەستووری عێراق یان هەموارکردنی بەو جۆرەی شۆڤێنیەکان ئومێدی بۆ دەخوازن، لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکە، نەك لە بەغدا و ناسریە و تکریت و موسڵ، کەواتە بۆ ئەوەی کورد نەبێتە لایەنێك لە وەستان یان شکستپێهێنانی پرۆسەی سیاسیی لەعێراقدا هاوپەیمانی کوردستان سەری گوریسەکەی هێناوەتە کوردستان و هەتا مافە دەستوورییەکانی گەلی کوردستان جێبەجێ نەکرێت هیچ کەس حەدی نابێت لەسەر مافە دەستووریەکانی گەلی کوردستان باسی هەموار کردنی دەستووری عێراق بکات، بەڵام عەرەبی سوننە یان عەرەبی شیعە دەستوورەکە هەموار دەکەن یان نایکەن، یان پرۆژەی یاسای دروستکردنی هەرێمە فیدرالیەکانی

سەرۆکی کوردستان لە گەشتە سەرکەوتووەکەی ئەمجارەی بۆ ئەمریکا بە هەموو جیهانی راگەیاند هەر پێشنیارێک لەگەڵ مادەی ١٤٠ یەکنەگرێتەوە لەلایەن کوردستانیەکانەوە رەتدەکرێتەوە

# زامنی یەکڕیزی و مانەوەی عێراقی نوێیە

ناوەڕاســـت و باشـــوور دوادەخـــەن ئەوە پەیوەندی بەکوردو گەلی کوردستانەوە نیە و هەرێمی کوردســـتان وەك ئەمری واقیع لەدەســـتووری عێراقدا دانـــی پێدانراوە و شەرعیەتی دەستووری هەیە، بۆیە ئەوانە بۆ پروپاگەندەی هەڵبژاردن بانگێشـــەی ئەوە دەکەن هاوپەیمانی کوردســـتانی لە مەســـەلەی مادەی ١٤٠ و گەڕانەوەی ناوچە دابراوەکان سەرکەتوو نەبووە یان ئەو مادە دەستوورییە ئیدی جێبەجێ ناکرێت، دەبێت تاکی دەنگدەری کوردستانی لەوە هۆشیار تر بێت کە ئەو پروپاگەندانە قبوڵ بـــکات، لەبەر ئەوەی تەنها کەسـێك کە مافی هەبێت مادەی ١٤٠ لە دەستووری عێراقـــدا پەکبخات یان نەیەوێت جێبەجێ بکرێت، دەنگی هاوڵاتیانی تەنها ســـێ پارێزگای کوردستانە نەك هەموو گەلی کوردستان لە عێراقدا، ئەمەش واتە هەولێر و ســـلێمانی و دهۆك بریاردەدن ئایا ئەو مادە دەستوریە دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت یان نە .

ت- لەمـــەش گرنگتـــر بـــۆ ئەوانەی دەســـتووری عێراقیان باش نەخوێندۆتەوە یان بۆ یاریکردن بە هەســـت و ســـۆزی گەلی کوردســـتان یاری بە وشـــەکانی ناو ئەودەســـتورە دەکەن دەڵێین،راســـتە ئێســـتا بێجگـــە لـــە ئەمریـــکا نەتەوە یەکگرتووەکانیش هاتۆتە ناو مەســـەلەی ناوچە جێناکۆکەکان و چەندین پێشنیاری جـــۆراو جۆریـــان ئامادەکردووە،بـــەڵام ســـەرکردایەتی سیاســـیی کوردســـتان هەمـــووی ڕەتکردۆتـــەوە و ســـەرۆکی کوردستان لە گەشـــتە سەرکەوتووەکەی ئەمجـــارەی بـــۆ ئەمریکا بـــە هەموو جیهانـــی ڕاگەیانـــد هەر پێشـــنیارێك لەگـــەڵ مـــادەی ١٤٠ یەکنەگرێتەوە لەلایەن کوردســـتانیەکانەوە ڕەتدەکرێتەوە، ئەم ڕەتکردنەوەیە بە مانای هەڕەشەکردن نیە لە پرۆســـەی سیاسیی عێراق لەبەر ئـــەوەی هەتا ئێســـتا حکومەتی عێراق بەفەرمـــی ڕاینەگەیانـــدووە ئەو مادەیە جێبەجێ ناکرێت، خۆ ئەگەر حکومەتی عێراق ئەو هەڵوێستەی خۆی بە فەرمی ڕابگەیەنێت، ئەوا ئەســـڵەن مەســـەلەی گەڕانەوەی ناوچـــە دابراوەکان پەیوەندی بە حکومەتی فیدرالی عێراقەوە نامێنێت و دەبێتە مەسەلەیەك لە نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراقدا و ئەوان بڕیـــار دەدەن ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە یان نـــە، لەم پرۆسەیەشـــدا زیاتر پەرلەمانی کوردستان بڕیاردەدات، ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ پەرلەمانـــی عێراق پەســـەندکردنی بڕیاری هاووڵاتیانی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت.

ث- بوار دان بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەیەك بە شـــێوەیەکی ئاشـــتیانە و وازهێنان و دەستهەڵگرتن لە کێشەکە دوو مەسەلەی لێکجیاوازن، ئەمەش واتـــە نابێت کورد و هاوپەیمانی کورســـتان ببنە هۆکار بۆ فەشـــەلپێهێنانی پرۆســـەی سیاسیی لە عێراقدا، هەروەها نابێت داوا لە هاوپەیمانی کوردستان بکرێت دەســـتبەرداری مافە دەستووریەکانی گەلی کوردستان ببێت، لە حاڵەتـــی یەکەمدا کورد پابەند بوونی خۆی بە دەســـتوور و وەك رایەڵەیەك بۆ مانەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، یان وەك سەرۆکی کورستان لە ئامۆژگای برۆکینگز وەڵامی پرسیاری ئامادەبوانی لەســـەر مادەی ١٤٠ دایـــەوە و گوتی ئەگەر دەستووری عێراق مادەی ١٤٠ی تیا نەبوایە کورد بەشـــداری لە پرۆسەی سیاســـیی عێراقـــدا نەدەکـــرد، ئەمەش واتە ئـــەو ڕایەڵەیەی کـــورد بەعێراقەوە گرێدەداتەوە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و گەڕانـــەوەی ناوچـــە دابراوەکانە بۆ ســـەر هەرێمی کورستان، ئێستا نموونەی زیندوو لەبەر دەستە کە ئاماژەی پێبکەین بۆ ئەوەی ببێتە وەڵامێك بۆ ئەوانەی کە پێیانوایە مـــادەی ١٤٠ کاری پێناکرێت دەڵێین، باری ئێســـتای ئیدارەی لۆکاڵی پارێـــزگای نەینەوا باشـــترین نموونەیە، ئەســـیل نوجێفی سەرۆکی لیستی حەدبا نکوڵی لـــە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دەکات و دەیەوێـــت بەزۆر ئەو ناوچانەی پارێزگای نەینەوا کە دەکەونە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ ســـەروەرییەکانیان پێیشێل بکات، ئەوا ئەوەی بەسەر دێت کە ئێستا بەسەر ئەســـیل نوجێفی هاتووە، بینیمان چۆن لە یەك دوو هەفتەی رابردوو هەوڵیدا سەروەری ئەو ناوچانە پێشێل بکات چۆن بەرد بـــاران و تەماتە بـــاران کرا، ئەمە وایکرد کە راشکاوانە بە ئەسیل نوجێفی بگوترێت بەبێ هەماهەنگی و پرسکردن بـــە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان تۆ ئەو مافەت نیە بچیتـــە ئەو ناوچانە و ئێســـتا ئەو ناوچانە راستە بە بەفەرمی نەبوونەتەوە بە بەشێك لە سنووری ئیداری هەرێمی کورستان بەڵام لە ژێر ئیدارەی لۆکاڵی پارێـــزگای نەینەواش نەماون و ئەمریکاو حکومەتی عێراقیش دەبێت ڕێز لەو ئەمری واقیعە بگرێت و بەدوای ڕێگە چارەی گونجاودا بگەڕێن، کە بێجگە لە گەڕانەوە بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ بەدیلی باشـــتر نیە، یان بەدیلێکی دیکە نیە کە ســـەرکردایەتی سیاسیی ئێستای کورستانی پێ رازی بێت.

ئـــەو خاڵانـــەی ئاماژەمـــان پێکردن هەڵوەســـتەکردن بوو لەسەر ئەولەویەتی بەرنامەی هاوپەیمانی کوردســـتانی بۆ چۆنیەتی مامەڵەکـــردن و دەنگدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە چارەنووسسازەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی هەرێمی کوردســـتان لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و هەڵوەستە کردنێك بوو لەسەر ئامانجی هاپەیمانـــی کوردســـتان کـــە بۆچی بەرنامەکەی لەگەڵ بەرنامەی تێکڕای قەوارەسیاســـیە غەیرە کوردســـتانیەکان جیاوازە؟ هەروەهـــا بۆ ئەوەبوو کە چۆن تاکی دەنگدەری کوردستانی لەسەر ئەو پرســـە چارەنووسسازانە هەڵوەستە بکات و لەوە تێبگات کێشـــەکانی کوردستان و بەغدا لە چوارچێوەی پرۆسەی سیاسیی عێراق و ســـەنگی کوردســـتانیەکان لە پرۆســـەی سیاســـیی عێراقدا چارەسەر دەکرێـــت نەك لە ژێر ســـەقفی تەلاری پەرلەمانی عێراقدا، گرنگە دەنگدەری کوردســـتانی لـــەو راســـتیە تێبگات کـــە بنمیچـــی پەرلمانـــی عێراقی بۆ شەرعیەتدانە بەو بڕیارە سیاسیانەی کە لە هاوپەیمانیە سیاسیەکاندا کۆدەنگی و ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت نەك بریاردان لەناو پەرلەماندا.

**سەرۆکی کورستان لە ئامۆژگای برۆکینگز وەڵامی پرسیاری ئامادەبوانی لەسەر مادەی ١٤٠ دایەوە و گوتی ئەگەر دەستووری عێراق مادەی ١٤٠ی تیا نەبوایە کورد بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا نەدەکرد**

**گرنگە دەنگدەری کوردستانی لەو راستیە تێبگات کە بنمیچی پەرلمانی عێراقی بۆ شەرعیەتدانە بەو بڕیارە سیاسیانەی کە لە هاوپەیمانیە سیاسیەکاندا کۆدەنگی و ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت نەك بریاردان لەناو پەرلەماندا**

**ولیام ئەناتۆلیس تۆژەر لە برۆکینگز بۆ گوڵان:**

# هەرێمی کوردستان سەرقاڵی بونیادنانەوە و گەشەپێدانی ئابوورییەو بەرپرسانە لەگەڵ دەستوور و دابەشکردنی داهاتی نەوتدا ڕەفتاری کردووە

*** عێراق وەك وڵاتێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێویستییەکی زۆری بە یارمەتیدان هەیە بۆ ئەوەی ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی و سەقامگیر، بەڵام ئێمە دەبینین کە دەوڵەتە دراوسێکان دەستێوەردان دەکەن و کێشەی گەورە دروست دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین عێراقێکی سەقامگیری و دیموکراتی لەم ناوچەیەدا بنیاتبنێینەوە؟**

- من پێم وایە گرنگە بۆ هەر وڵاتێك کە خوازیاری پەرەپێدانی دیموکراسییە کار بۆ ئەوە بکات کە هاوڵاتیان هەست بکەن بەشدارن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، هەروەها دەبێت جۆرێك لە ئاوێتەبوونی ئابووری لە وڵاتەکەدا بەرجەستەبکرێت، بە تیڕوانینی من کێشە و تەحەددیەکە ئەو کاتە سەرهەڵئەدات کە هێز و وڵاتە دەرەکییەکان سەرچاوە داراییەکانی خۆیان بە چەشنێك بەکاربهێنن بۆ ئەوەی وڵاتێکی دیاریکراو ناچاربکەن بە جۆرێکی دیاریکراو ڕەفتاربکات کە دەرئەنجامێکی سیاسی خوازراوی لێنەکەوێتەوە لەسەر ئاستی ناوخۆیی. بە تیڕوانینی من هەنگاوی هەرە گرنگ ئەوەیە چیتر وڵاتانی دراوسێی عێراق وەك سەرچاوەی هەڕەشە لە عێراق نەڕوانن، لە ڕاستیدا یەکێك لە لایەنە باشەکانی دەستێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا ئەوەیە چیتر عێراق وەك سەرچاوەی هەڕەشە و دوژمنکاری نەماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی هەموو دەوڵەتە دراوسێکان هەڕەشە لە عێراقەوە بەدی دەکەن، کە سەرچاوەی ئەو هەڕەشانەش حکومەتی مەرکەزی وڵاتەکە نین، بەڵکو هەندێ لایەن و گروپی دیاریکراوە، کە باشترە حکومەتی عێراق کار بۆ کەمکردنەوەی ئەم هەڕەشانە بکات و پەیوەندی ئابووری و تۆڕی بەرژەوەندی ئابووری لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا دروست بکات.

*** بەڵام هەردوو وڵاتی سعودیە و ئێران زۆرترین دەستێوەردان لە عێراقدا دەکەن، هەروەها عێراقیان کردۆتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکانیان لەگەڵ یەکدا، ئایا چۆن عێراق دەتوانێت خۆی لەم دۆخە ڕزگاربکات و چیتر نەبێتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکیانە؟**

- ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە پێکهاتە و گروپە ئیتنیەکانی عێراق ناسنامەی نیشتمانی و عێراقیبوونی خۆیان لە سەرووی پەیوەندییەکانیانەوە دابنێن کە لەگەڵ پێکهاتە و گروپە هاوشێوەکانی خۆیاندا هەیانە، ئەو گروپانەی لە چوارچێوەی سنووری وڵاتانی دراوسێدا نیشتەجێن، ئەمە پەیامێك بە وڵاتانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەدات کە لایەن و پێکهاتەکانی عێراق ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی خۆیان لە سەرووی ئەولەویاتەکانیانەوە دادەنێن، هەرچەندە هێنانەدی ئەم دۆخەش کارێکی

**گرنگە بۆ هەر وڵاتێک کە خوازیاری پەرەپێدانی دیموکراسییە کار بۆ ئەوە بکات کە هاوڵاتیان هەست بکەن بەشدارن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا**





**پرۆفیسۆر ولیام ئەناتۆلیس بەڕێوەبەری کارگێڕی ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگزە و یەکێکە لە گەورە تۆژەرانی دیراساتی حکومەت و لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لەسەر هەردوو بواری سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ئاسایشی نیشتمانی کاریکردووە، پێشتر بەڕێوەبەری ئامۆژگای مارشاڵ فاند بووە، هەروەها لە بواری تایبەتمەنیشدا پرۆفیسۆر ئەناتۆلیس تایبەتمەندە لەم بوارانە،گەشەپێدانی دیموکراسی، پەرەپێدان، دەستووری ئەمریکا، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، سەبارەت بە رەوشی ئێستای عێراق و سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا، پرۆفیسۆر ئەناتۆلیس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

زەحمەتە و پێویستی بەوە هەیە پێکهاتە جیاوازەکانی وڵاتەکە بگەنە رێککەوتنێکی هاوبەش لە سەر زۆرێك لەمەسەلەکان، بۆ نموونە دابەشکردنی داهاتی نەوت و وزە لە وڵاتەکەدا.

*** ئایا چۆن دەتوانرێت پرۆسە سیاسییەکە رزگار بکرێت لەم مەترسیانە و ئەم پرۆسەیە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟**

- بە تیڕوانینی من دەبێت بە دوو شێوە رووبەڕووی ئەم کێشەیە ببینەوە، یەکەمیان پێویستە ئەو ئەندامە باڵایانەی پێشتر لە حزبی بەعسدا کاریان کردووە و بەشداربوونە لە ئەنجامدانی تاوانەکاندا رووبەڕووی بەرپرسیارێتیەکانیان بکرێنەوە، واتە دەبێت دادگایی بکرێن و حوکمیان لەسەربدرێت و سزابدرێن، خاڵی دووەم پەیوەستە بە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەندامە ئاساییەکانی حزبی بەعسدا کە دەبێت و رێوشوێنی گونجاو بگیرێت بۆ ئەوەی بڕیاری لێخۆشبوونیان بۆ دەربچێت.

*** چۆن بەرەوپێشچوونەکانی هەرێمی کوردستان دەخوێنیتەوە لە کاتێکدا بەشەکانی دیکەی عێراق بەدەست ناسەقامگیرییەوە دەناڵێنن؟**

- ئاشکرایە کە هەرێمی کوردستان سەرقاڵی بنیاتنانەوەی ئابووری و گەشەپێدانی ئابوورییەوە، هەروەها توانیویەتی ئارامی بچەسپێنێت، لە هەمان کاتدا بەرپرسانە رەفتاری لەگەڵ دەستوور و لەگەڵ کێشەی دابەشکردنی داهاتی نەوتدا کردووە. بە هەمان شێوە بەرپرسیارانە رەفتاری کردووە لەئاست پرسەکانی پەیوەست بە سنوورەوە، چ لەگەڵ ئێران و چ لەگەڵ تورکیادا. من هەر تەنها ئومێدی بەردەوامبوونی بەرەوپێشچوونەکانی هەرێمی کوردستان دەخوازم، بەڵکو لەوەش زیاتر هیواخوازم کە سەرکردە کوردەکانیش درێژە بەو رۆڵە بنیاتنەرە بدەن کە حاڵی حازر دەیبینن.

*** هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، بەڵام لە دۆخێکی ئەمنی و سیاسی جیاوازتردایە، بە چەشنێك پەیوەندی باشی لەگەڵ دراوسێکانیدا هەیە، وەك تورکیا و ئێران، ئێمە دەمانەوێت ئەوە بپرسین ئایا چۆن بەشەکەی دیکەی عێراق دەتوانێت بە هەمان شێوەی کوردستان پەیوەندی باشی لەگەڵ دراوسێکانیدا هەبێت؟**

- ئەگەر لە ئەزموونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بڕوانین، ئەوا ئەوە بەدی دەکەین کە هەندێ جار بەرپرسی ویلایەتەکان هەڵدەستن بە ئەنجامدان یان لە ئەستۆگرتنی ئەرکێکی نێودەوڵەتی و جیهانی، بۆ نموونە حاکمی ویلایەتی کالیفۆڕنیا، ئارنۆڵد کە پێشتر ئەستێرەی سینەما بوو، ئەرکێکی لەم چەشنەی گرتە ئەستۆ، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەوڵنەدەن سیاسەتێکی دەرەکی دژ و پێچەوانە لەگەڵ سیاسەتی نیشتمانی وڵاتەکەدا بگرنەبەر.

**یەکێک لە لایەنە باشەکانی دەستێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا ئەوەیە چیتر عێراق وەک سەرچاوەی هەڕەشە و دوژمنکاری نەماوەتەوە**



وڵیام باوچەر بۆ گوڵان:

# ئارامی سەقامگیری کوردستان هۆکارێکە بۆ ئاسییبوونەوەی پەیوەندییەکانتان لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیادا

**عێراق چەندین کێشەی دژواری لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا هەیە و دەبێت یەکلایان بکاتەوە**

*** چۆن بتوانین عێراقێکی سەقامگیری و دیموکراتی لە ناوچەیەکی نامۆ بەدیموکراتی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بنیاتبنێینەوە؟**

- لە راستیدا بۆ بەرەوپێشبردنی پرۆسەی دیموکراسی لە عێراق، پێویست بە بەدەستهێنانی نەك تەنها پشتگیری وڵاتانی نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات، بەڵکو پێویست بە بەدەستهێنانی پشتیوانی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش دەکات، بە هەمان شێوە دەبێت دەوڵەتە دراوسێکانیش رۆڵ و کاریگەریەکی بنیاتنەرانەیان هەبێت لە پەرەپێدانی ئەو پرۆسە دیموکراتییەی لە عێراقدا هەیە، بە پێچەوانەوە پشتگیری کردنی لایەنێك یان پێکهاتەیەگی ئایینی یاخود ئیتنی لە دژی لایەنەکانی دیکە، کارێکی مەترسیدارە و دەرئەنجامی سلبی لێدەکەوێتەوە.

*** بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی سەقامگیر و دیموکراسی دەبێت پەیوەندی باشی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا هەبێت، ئەویش لەسەر بنەمای دراوسێیەتی باش، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن عێراق بتوانێت کار بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە بکات؟**

- لە راستیدا ئەم پرسیارە دوو پرسی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، یەکەمیان ئەوەیە کە بۆ بەرەوپێشبردن و گەشەپێدانی پرۆسەی دیموکراتی لە عێراقدا پێویست بە پاراستن و پەرەپێدانی پەیوەندی باش دەکات لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا، دووەم ئەوەیە نموونەیەکی باڵای دیموکراسی نییە لە نێو وڵاتانی دراوسێدا بۆ ئەوەی ببێتە سەرمەشقێك بۆ عێراق، هەروەها عێراق دەبێت ئەو راستییەی لەبەرچاوبێت کە چەندین کێشەی دژواری لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا هەیە و دەبێت یەکلایان بکاتەوە.

*** چۆن عێراق دەتوانێت خۆی لەم دۆخە رزگاربکات و چیتر نەبێتە مەیدانی یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییانە؟**

- دەبێت سەرکردە سیاسییەکانی عێراق ئەو راستییە رەچاو بکەن کە پشت بەستن بە هێزە دەرەکییەکان، جا بەدەستهێنانی پشتیوانی ئێران بێت لەلایەن شیعەکانەوە، یاخود سوننەکان لە لایەن دەوڵەتانی دیکەوە، نابێتە هۆی پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی پرۆسە سیاسییەکە و چەسپاندنی دیموکراسی، واتە رەنگە لەم گەمەیەدا لایەنێك بتوانێت پێگەی خۆی باشتر بکات لە بەرامبەر لایەنێکی دیکەدا، بەڵام ئەم کارە نابێتە هۆی سەرخستنی پرۆسەی ئاشتەوایی سیاسی و نیشتمانی و گەیشتن بە رێککەوتنێکی سیاسی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان لایەنە جیاوازەکان.

*** ئایا دەستێوەردانی سلبی ئەم دەوڵەتانە بەهۆی بوونی سەربازی ئەمەریکایە لە وڵاتەکەدا، چونکە ئێمە دەزانین ناسەقامگیری عێراق زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەوانیش دەگەیەنێت؟**

- من پێم وایە تاوەکو ئەو کاتەی دۆخی عێراق ناسەقامگیربێت و هێشتا روون نەبێت کە وڵاتەکە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوات، ئەوا دەوڵەتە دراوسێکان هەوڵ و کۆششەکانی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی بارودۆخێك لە عێراقدا بخولقێنن کە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بێت، هەروەها پێم وایە بە کەمبوونەوەی رۆڵ و کاریگەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رەوتی ئەم دەستێوەردانانە بەرەو هەڵکشان دەچن.

*** هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، بەڵام لە دۆخێکی ئەمنی و سیاسی جیاوازتردایە، بە چەشنێك پەیوەندی باشی لەگەڵ دراوسێکانیدا هەیە، وەك تورکیا و ئێران، ئێمە دەمانەوێت ئەوە بپرسین ئایا چۆن بەشەکەی دیکەی عێراق دەتوانێت بە هەمان**





**پرۆفیسۆر ولیام باوچەر ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی نۆرس کارۆلینان و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاو سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا، خاوەنی کتێبی (تێڕوانینی رای گشتی بۆ سەرکەوتن و شکستی ئەمریکا لە عێراقدا)یە و لە نزیکەوە چاودێری رەوشی عێراق و گۆڕانکارییەکانی دەکات، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و ئایندەی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا، پرۆفیسۆر باوچەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

**شێوەی کوردستان پەیوەندی باشی لەگەڵ دراوسێکانیدا هەبێت؟**

- لە راستیدا سەقامگیرییەکی رێژەیی لە دۆخ و کەشی سیاسی کوردستاندا بەدی دەکرێت، هەروەها ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کوردەکان لە هەرێمی کوردستاندا بتوانن بەرەیەکی یەکگرتوو لەبەرامبەر هێزە دەرەکیەکاندا پێکبهێنن، بە چەشنێك کوردەکان توانیویانە پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەمای رێزگرتن و هاوکاری کردنی یەکتری لەگەڵ هەردوو وڵاتی تورکیا و ئێراندا بەرەوپێشببەن. لە هەمان کاتدا هەر کاتێك دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق دەرفەتی دەستێوەردان بەدی بکەن و بە گونجاوی بزانن کە دەستێوەردان بکەن، ئەوا ئەم کارە ئەنجام دەدەن.

**سەقامگیرییەکی رێژەیی لە دۆخ و کەشی سیاسی کوردستاندا بەدی دەکرێت، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کوردەکان لە هەرێمی کوردستاندا بتوانن بەرەیەکی یەکگرتوو لەبەرامبەر هێزە دەرەکیەکاندا پێکبهێنن**

*** بەڵام هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی هەڵپەسێردراوی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراقدا هەیە، ئایا هۆکاری نائامادەیی حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە چییە و دەبێت کوردەکان لەم رووەوە چ هەنگاوێك بنێن بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنیان؟**

- من پێم وایە هەموو لایەك چاوەڕوانی چۆنیەتی پێکهاتنی هاوپەیمانێتی و چۆنیەتی خۆسازدانە بۆ هەڵبژاردنەکان، هەروەها چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کە لایەنی براوە و دۆڕاوە دەربکەون، هەر ئەمەش هۆکاری خەمساردیە لە ئاست ئەم کێشانەدا. لەلایەکی دیکەوە من پێم وایە ئیدارەی ئەمەریکا خوازیارە ئەم کێشانە بە شێوەیەکی ئاشتییانە و بە شێوازی سیاسی چارەسەربکرێن، من باوەڕم وایە تەنانەت دوای کشانەوەی هێزەکانیش، ئەمەریکا پابەنددەبێت بە یارمەتیدانی لایەنەکان بۆ ئەوەی ئەم کێشانە بێ توندوتیژی چارەسەربکرێن، هەرچەندە ئیدارەی ئەمەریکا زیاتر بایەخ بە دۆخی ئابووری ناوخۆی وڵاتەکە و بارودۆخی ئەفغانستان دەدات، کە رەنگە باسەنەکردنی عێراق لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکاندا، یاخود نەبوونی عێراق لە سەرووی ئەولەویاتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکادا هەواڵێکی باش بێت بۆ عێراقییەکان، چونکە رەنگە ئاماژەبێت بەوەی چیتر دۆخێکی زۆر خراپ و توندوتیژ لە عێراقدا نییە. هەروەها دەبێت ئەو راستیە بزانین کە دیموکراسی پرۆسەیەکی دورودرێژ و دژوارە و لە عێراقدا چەندین کێشەی ئابووری، ئیتنی و ئاینی هەیە و چارەسەرکردنی ئەم کێشانەش کارێکی زەحمەتە.

*** ئەگەر موتابەعەی لێدوانەکانی بەرپرسە عەرەبەکان بکەین، ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە هێشتا وەك پێویست نەگۆڕاون، هەروەها ئەوە بۆ ماوەی حەوت ساڵە وەزیری دەرەوەی عێراق کوردە، کەچی هێشتا تێڕوانینی وڵاتە عەرەبییەکان لە ئاست کورددا وەك پێویست نەگۆڕاوە؟**

- ئەگەر سەیری پەیوەندیی دوورودرێژی ئیتنی لەم ناوچەیەدا بکەین، ئەوا رەنگە حەوت ساڵ کاتێکی زۆر نەبێت و لە راستیدا قبوڵکردن و رێزگرتن لەوەی کوردەکان رۆڵێکی زیاتر ببینن لە سەر ئاستی عێراق و لەسەر ئاستی ناوچەکەش لە لایەن دەوڵەتە عەرەبییەکانەوە بە شەو و رۆژێك روونادات و پێویستی بە کاتێکی دوورودرێژە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من تەنها هەر ئەوەندە دەڵێم کە پێویستە زیاتر ئارامگربن لەگەڵ ئەمەریکادا، لەبەر ئەوەی لە ماوەی داهاتوودا ئەمەریکا بە هەڵبژاردنی پەیوەست بە کۆنگرێسدا تێدەپەڕێت و لەو کاتەدا پتر تەرکیزی لەسەر پرسە ناوخۆییەکانە و کەمتر بایەخ بە پرسە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوە دەدات کە پەیوەستن بە هاوپەیمانەکانیەوە.



**جۆشۆ لاندیس پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر سوریا و عێراق بۆ گوڵان:**

# دەبێت کورد پشووی درێژ بێت هەتا عەرەب واقیعی کوردستانی پێ قبوڵ دەکرێت، ئێستا کوردستان بۆتە ئەمری واقیع هەر دەبێت قبوڵی بکەن

*** ئێستا ئێمە لە عێراقدا بەرەو هەڵبژاردنێکی سەرتاسەری دەچین، بەڵام هەست بەگەشبینیەکی ئەوتۆ ناکرێت ئەو پرۆسەیە دیموکراتی لە عێراقدا بەرهەم بهێنێت، ئایا تۆ وەك پسپۆرێك لەسەر رەوشی عێراق پێتوایە چۆن دیموکراتی لە عێراقدا بونیاد دەنرێت؟**

- ئەمە کارێکی قورسە، لەبەر ئەوەی لە ناوچەکەدا دۆخەکە بە ئاراستەی جێگیرکردنی حکومڕانێتی کردنی بنەماڵەیەکی دیاریکراو دەڕوات، تەنانەت ئەو وڵاتانەشی کە سیستمی حکومڕانیان کۆمارییە، وەك سوریا و لیبیا و میسر، بەرەو ئەم ئاڕاستەیە هەنگاو دەنێن، ئەمەش لە پێناو ئەوەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە ئاسانی پیادەبکەن و کودەتا روونەدات، لەم روانگەیەوە ئەگەر عێراق بتوانێت خۆی لەم کلتوورە دابڕێت، ئەوا شتێکی نوێ پێشکەش دەکات، هەرچەندە ئەمەش کارێکی زەحمەتە ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە ناوچەکەدا روودەدات لە پرسی پەیوەست بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتەوە.

*** ئایا دەستێوەردانی سلبی ئەم دەوڵەتانە بەهۆی بوونی سەربازی ئەمەریکایە لە وڵاتەکەدا، چونکە ئێمە دەزانین ناسەقامگیری عێراق زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەوانیش دەگەیەنێت؟**

- لە راستیدا من پێم وایە لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئەوا دەوڵەتە دراوسێکانی زیاتر دەستێوەردان لە وڵاتەکەدا دەکەن، لەبەر ئەوەی هەر یەکە لە ئێران و سعودیە و سوریا و تەنانەت تورکیاش ئەم دەستێوەردانە بە بەرژەوەندی خۆیان دەزانن.

*** بەڵام بۆ ئەوەی عێراق ببێتە دەوڵەتێکی سەقامگیر و دیموکراسی دەبێت پەیوەندی باشی لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیدا هەبێت، ئەویش لەسەر بنەمای دراوسێیەتی باش، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن عێراق بتوانێت کار بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە بکات؟**

- من باوەڕم وایە پێویستە عێراق هەوڵ و کۆشش بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی کۆدەنگییەك لە نێوان دەوڵەتە دراوسێکانیدا دروست بکات لە بارەی ئەوەی کە پاراستن و چەسپاندنی سەقامگیری عێراق خزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانە دەکات، لەم روانگەیەوە عێراق دەتوانێت کار بۆ بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە بکات، بە چەشنێك ئەم دەوڵەتانە لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکاندا کار بۆ تێکدانی سەقامگیری عێراق نەکەن. لە راستیدا عێراق دەتوانێت سوود لە هەردوو وڵاتی سوریا و تورکیا وەربگیرێت بۆ ئەوەی قەناعەت بە هەردوو وڵاتی ئێران و سعودیە بکەن کە لەم رووەوە بگەنە رێککەوتنێکی هاوبەش، مەبەستم ئەوەیە بواری ئەوە لە ئارادایە کە دەوڵەتە دراوسێکانی عێراق بگەنە رێککەوتنێك لەسەر ئەوەی هەوڵی تێکدانی دۆخی سەقامگیری لە عێراقدا نەدەن. بە تێڕوانینی من پاڵنەر و هۆکاری دەستێوەردانی سعودیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خوازیارە سوننەکان نوێنەرایەتییەکی باشتریان هەبێت لە سیستمە سیاسییەکەدا، لە هەمان کاتدا ئێرانیش پاڵپشتی هاوپەیمان و لایەنگرانی خۆی دەکات لە عێراقدا. لەبەر ئەوە هەر کاتێك هەر لایەکیان هەستیان کرد کە ئەو پێکهاتانەی پشتگیریان دەکەن بە شێوەیەکی گونجاو نوێنەرایەتی دەکرێن، ئەوا پاڵنەری دەستێوەردان کەم دەبێتەوە. لەلایەکی دیکەوە من پێم وایە باشترین زەمانەت بۆ ئەوەی دەوڵەتە دراوسێکان دەستێوەردانی سەربازی نەکەن، بریتییە لە دیموکراسی، مەبەستم ئەوەیە هەر کاتێك پێکهاتەکانی عێراق گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە دەتوانن بەهۆی ئامرازە سیاسییەکانەوە گۆڕانکاری پێویست بخولقێنن، ئەوا پاڵنەر و پاساوی دەستێوەردانی سەربازی نامێنێت.

*** دۆخی سیاسی عێراق ئەوەندە ئاڵۆزە، کە مەترسی ئەوە هەیە ئەو توندوتیژییەی لە ئارادایە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، هەروەها حاڵی حازر گفتوگۆ لە بارەی ئەوەوە دەکرێت ئایا رێگە بە کۆنە بەعسییەکان بدرێت بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن یاخود نا، ئایا چۆن دەتوانرێت پرۆسە سیاسییەکە رزگار بکرێت لەم مەترسییانە و ئەم پرۆسەیە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟**

- کێشەکە ئەوەیە دوورخستنەوە و بێبەشکردنی نزیکەی ٥٠٠ پاڵێوراو لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، وەك هەوڵ و هەنگاوێك دژی عەرەبە سوننەکان لێکدراوەتەوە، ئەمەش تێڕوانینێکی مەترسیدارە، نەك لەبەر ئەوەی تێڕوانینێکی راستە، بەڵکو لەبەر ئەوەی سوننەکان بەم شێوەیە لێی دەڕوانن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی ببردرێت و پاساو دەداتە دەست سعودیە و لایەنە توندڕەوەکان بۆ ئەوەی دەستێوەردان بکەن، چونکە ئەو کاتە وەك شەڕێکی ئایینی لە ناکۆکیەکە دەڕوانن، ئەمە لە کاتێکدا ئەمە ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییە جیاوازەکانە، لەبەر ئەوەی گەیشتنی سوننە و شیعەکان بە رێککەوتن و تێگەیشتنێکی هاوبەش لەم

لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا، دەوڵەتە دراوسێکانی زیاتر دەستێوەردان لە وڵاتەکەدا دەکەن



**پرۆفیسۆر جۆشـــۆ لاندیس بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی ئۆکلاهۆما و پســپۆر و تایبەتمەندە لەسەر ســوریاو عێراق، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشـــی ئێستای عێراق و دەستێوەردانی ئیقلیمی بۆ کاروباری ناوخۆی عێراق، پرۆفیسۆر لاندیس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

رووەوە، کاریگەرییەکـــی ئیجابـــی هەیە و رۆڵی لە هێنانەدی ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا دەبێت.

*** هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، بەڵام لـــە دۆخێکی ئەمنی و سیاســـی جیاوازتردایە، بە چەشنێك پەیوەندی باشی لەگەڵ دراوسێکانیدا هەیە، وەك تورکیا و ئێران، ئایا چۆن بەشەکەی دیکەی عێراق دەتوانێت بە هەمان شـــێوەی کوردســـتان پەیوەندی باشـــی لەگەڵ دراوســـێکانیدا هەبێت؟**

- ســـەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە کوردستان هەرێمێکـــی گەشـــەکردووە لـــە رووی ئابوورییەوە، دواتر ئەم هەرێمە توانیویەتی پەیوەندیی باش لەگـــەڵ دەوروبەرەکەیدا دروســـت بکات، بۆ نموونە پێشتر تورکیا بیرۆکەی بوونی کوردســـتانی پێ قبوڵ نەدەکـــرا، بەڵام دواتر هەڵوێســـتی خۆی گۆڕی، ئەویش لەبەر ئەوەی مامەڵەکردن لەگەڵ کوردســـتان لە چەنـــد روویەکەوە ســـوودبەخش بوو، یەکەمیان لەبەر ئەوەی خزمەت بـــە بەرژەوەندییـــە ئابوریەکانی دەکات و دووەم لەبـــەر ئەوەی یارمەتیدەر دەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردی وڵاتەکـــەی، ئەمـــە شـــتێکی ئیجابییە کـــە روودەدات. ئەوەی پەیوەســـت بێت بە بەعەرەبەکانـــی عێراقەوە، مـــن پێم وایە دەبێت ســـەرەتا کێشـــە و ناکۆکـــی نێوان شیعە و ســـوننەکان چارەسەربکرێت، دواتر دەتوانرێت بیر لـــە هەڵگرتنی هەنگاوی دیکە بکەنەوە.

*** ئەی سەبارەت بە کێشە هەڵواسراوەکانی نێـــوان هەرێمی کوردســـتان و حکومەتی بەغدا، ئایـــا کورد چـــۆن دەتوانێت ئەو کێشانە چارەسەربکات؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە عەرەبەکان بە شێوەیەکی گشتی بیرۆکەی سەربەخۆبوونی کوردەکان قبوڵ ناکەن و ئەوەی لە ماوەی ئەو پێنج شەش ساڵەدا روویدا، شتێکی نوێ بوو کـــە عەرەبەکان لەگەڵیدا رانەهاتبوون، بۆ نموونـــە لە عێراقدا زمانی کوردی ببو بە زمانێکی رەســـمی، دەستووری عێراق نووسرایەوە و چیتر وەك دەوڵەتێکی عەرەبی ئاماژە بە عێراق ناکات، ئەمانە کاریگەری گەورەیان هەبـــوو، بۆ نموونە کەمینەکانی ســـوریاش لە دوای ئەمەوە داوای ئەوەیان دەکرد کە ســـوریا وەك دەوڵەتێکی عەرەبی باســـی لێوەنەکرێت، بەڵکـــو وەك دەوڵەتی ســـوری و بەس. ئەوەی پەیوەست بێت بە هەنگاوەکانی کوردســـتانەوە، من پێم وایە بەرەو پێشـــبردنی ئابووری هەرێمەکەتان و پەرەپێدانی پەیوەندی باش لەگەڵ دەوڵەتە دراوســـێکانتان کاریگەری ئیجابی دەبێت، لەبەر ئەوەی تاوەکـــو پەیوەندیتان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا باشتربێت، ئەوا حکومەتی عێراق کەمتر دەتوانێت فشارتان بۆ دروست بکات.

*** زۆرێك لە چاودێران پێیان وایە جیاوازی نێوان کوردســـتان و بەشـــەکانی دیکەی عێـــراق بۆ جیـــاوازی ئەو سیاســـەت و دیپلۆماسیەتە دەگەڕێتەوە کە هەرلایەکیان پیادەی دەکەن، ئایا هەرێمی کوردســـتان چۆن دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ بەشەکەی دیکەی عێراقدا بکات بۆ ئەوەی بتوانێت کێشەکانی چارەسەربکات؟**

- ئێـــوە نابێت چاوەڕێی ئـــەوە بکەن کە لە شـــەو و رۆژێکدا عەرەبـــەکان بوونی کوردســـتانی سەربەخۆ قبوڵ بکەن، ئەمە پرۆســـەیەکە و کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئـــەوەی عەرەبەکان مامەڵـــە لەگەڵ ئەم واقیعەدا بکەن. بەڵام هەر دەبێت مامەڵەی لەگەڵدابکـــەن و قبوڵی بکـــەن، چونکە هەروەك ئاماژەم پێکرد ئەمە بۆتە ئەمری واقیع.

*** ئەگـــەر موتابەعـــەی لێدوانەکانـــی بەرپرسە عەرەبەکان بکەین، ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە هێشـــتا وەك پێویســـت نەگۆڕاون، هەروەها ئەوە بۆ ماوەی حەوت ساڵە وەزیری دەرەوەی عێراق کوردە، کەچی هێشـــتا تێڕوانینی وڵاتە عەرەبییەکان لە ئاست کورددا وەك پێویست نەگۆڕاوە؟**

- لەبەر ئـــەوەی عەرەبـــەکان پێیان وایە کوردەکان دەست بەسەر ئەو زەوییانەدا دەگرن کـــە پێیان وایە خاکـــی خۆیانە، هەروەها جیاوازییەکی گەورە لە بیروبۆچوونەکانی هەردوولادا هەیە، بۆ نموونە لە ســـوریادا عەرەبەکان پێیان وایە کوردەکان مێژوویەکی دووروودرێژیان نییە لە جەزیرە و ماوەیەکی کورتە لەم ناوچەیەدا نیشتەجێن، لە کاتێکدا کوردەکان تیڕوانینـــی پێچەوانەیان هەیە، ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبوونی ناکۆکیی و لێکتێنەگەیشتن و رەنگە دوژمنایەتیشی لێبکەوێتەوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

ئێمە دەزانین تورکیا بەهۆی سنووردارکردنی تموحەکانیەوە، توانیتـــی پەیوەندی باش لەگەڵ تێکـــڕای دەوڵەتە دراوســـێکانی دروســـت بـــکات، تەنانەت کێشـــەکانی لەگەڵ یۆنان و ئەرمینیاشدا کەمبکاتەوە، کوردەکانیـــش لە دۆخێکی هاوشـــێوەدان، ئەوان حاڵی حازر پەیوەندی باشیان لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکانیان هەیە و ئابووریەکی گەشـــەکردویان هەیە، ئەگەر ســـنووری تموحە واقیعیەکانی خۆیان تێپەڕێنن، ئەوا رەنگە ئەو دەوڵەتانە دژیان بوەستنەوە.

**هەر کاتێک پێکهاتەکانی عێراق گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە دەتوانن بەهۆی ئامرازە سیاسییەکانەوە گۆڕانکاری پێویست بخوڵقێنن، ئەوا پاڵنەر و پاساوی دەستێوەردانی سەربازی نامێنێت**

**ڕۆژنامەنووس حوسێن عەبدولحوسێن تۆژەر لەچاتام هاوس بۆ گوڵان:**

# سەرۆک مسعود بارزانی بە جیهانی ڕاگەیاندووە هەتا عێراق دیموکراتی بێت هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراقدا دەمێنێتەوە

**کێشەی نێوان کورد و عەرەبەکان دەبێتە تەحەددیەکی گەورە و هیوادارم بەرپرسانی بەغدا ژیرانە بیربکەنەوە**

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت بە تایبەتی کە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان نزیک دەبینەوە؟**

- ڕاستە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە شارەکاندا دۆخە ئەمنییەکە بەرەوپێشچوونی بەخۆوەبینی، بەڵام سەرەڕای ئەم دەستکەوتە ئەمنییانە، ئەمە هاوشان نەبوو بە بەرەوپێشچوون لە دۆخە سیاسییەکەدا، لەبەر ئەوە من نیگەرانم لە ڕەفتاری هەندێ لایەنی سیاسی و پێم وانییە دوورخستنەوەی هیچ لایەنێك لە پرۆسەکە کارێکی ژیرانە بێت و ئەمەش لە مەودای دوور و نزیکدا دەرئەنجامی باشی لێناکەوێتەوە.

*** چۆن هەوڵەکانی گەڕاندنەوەی حزبی بەعس بۆ ناو پرۆسە سیاسییەکە دەخوێنیتەوە؟**

- لە ڕاستیدا پێویستە ئەو کەسانە موحاسەبە و دادگایی بکرێن کە دەستیان بە خوێنی عێراقییەکان سوورە، ئەو بەعسییانەی تاوانیان لە دژی خەڵکی عێراق کردووە، ئەمە شتێکی ڕەوایە، بەڵام دوورخستنەوە و بێبەشکردنی ئەو کەسانەی کە تەنها پشتگیری بیرکردنەوەی بەعسییەکانیان کردووە، دەرئەنجامێکی باشی بۆ عێراق لێناکەوێتەوە، هەروەها هاوڕانەبوون لەگەڵ هەندێ لە سیاسییەکانی وەك تاریق هاشمی و ساڵح موتڵەگ لە پشتگیرکردنی سیاسییاندا بۆ بیرکردنەوەی بەعسییەکان پاساوێکی تەواو نییە بۆ بێبەشکردنیان لە هەڵبژاردن.

*** هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی هەڵپەسێردراوی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراق هەیە، ئایا هۆکاری نائامادەیی حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە چیە و ئایا لە دەرەوەی دەستووری عێراقدا هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە هەیە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە پێویستە بەشەکانی دیکەی عێراق وەك نموونە و مۆدێلێك لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بڕوانن، بە تایبەتی لە ڕووی بەرەوپێشچوونی پرۆسەی حکومڕانێتیکردن لەو هەرێمەدا، بۆ نموونە من لە نزیکەوە چاودێری هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی کوردستانم کرد، کە دەتوانین بڵێین هەڵبژاردنێکی شەفاف و عادیلانە بوون و بوونە هۆی دروستبوون و سەرهەڵدانی موعارەزە لەو هەرێمەدا، ئەگەرچی موعارەزەیەکی گەورەش نەبوو. دواتر هەموو کەس لە عێراقدا باس لە ڕێزگرتن و پابەندبوون بە دەستوورەوە دەکات، بۆ نموونە بەرپرسانی دەستەی لێپرسینەوە و دادوەری، وەك لامی و چەلەبی شەو و ڕۆژ باس لە ڕێزگرتن لە دەستوور دەکەن، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئەگەر هەمووان پەرۆشی جێبەجێکردنی دەستوورن، بۆچی ڕێگە نادەن ڕاپرسی لەسەر چارەنووسی کەرکوك ئەنجامبدرێت، من هیچ هۆکارێك نابینم بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، من پێم وانییە جێبەجێکردنی دەستوور کێشە دروستبکات، بەڵام دوورخستنەوە و بێبەشکردنی کەسانێکی دیاریکراو لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا ناچێتە چوارچێوەی جێبەجێکردنی دەستوورەوە. من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە لە مەودای مامناوەندی و دووردا کێشەی نێوان کورد و عەرەبەکان دەبێتە تەحەددیەکی گەورە و من هیوادارم بەرپرسانی بەغدا ژیرانە بیربکەنەوە و کێشەکانیان لەگەڵ کوردستاندا چارەسەربکەن.

*** ڕاوبۆچوونی ئێوە لە سەر هەوڵەکانی دوورخستنەوەی کورد لە ئیدارەی پارێزگای موسڵ چییە و هەوڵدان بۆ دووبارە بە عەرەبکردنی ئەو ناوچانەی پێشتر بە عەرەبکرابوون، کە تا ئێستا کوردەکان لەم ڕووەوە دانیان بەخۆیاندا گرتووە، ئایا چۆن دەکرێت ئەم کێشانە چارەسەربکرێن؟**

- من باوەڕم وانییە سیاسەتی بە عەرەبکردن سەرکەوتوبێت و بتوانرێت پیادە بکرێت، دواتر من پێم وایە زۆربەی کێشەکانی نێوان کورد و عەرەبەکان لە نەبوونی متمانەوە سەرچاوە دەگرن، بۆ نموونە ئەگەر حکومەتی مەرکەزی عێراق ببێتە جێی متمانەی کوردەکان، خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەموولایەك دەکات، بەڵام بە تێڕوانینی من حکومەتی عێراق ئەرك و بەرپرسیارێتی ئەدا نەکردووە لەم ڕووەوە بۆ دروستکردن و بنیاتنانەوەی متمانە، کە من لەم ڕووەوە ئۆباڵی نەبوونی ئەم متمانەیە ناخەمە ئەستۆی کوردەکان، لەبەر ئەوەی من زۆرێك لە بەرپرسە کوردەکانم بینیوە لە واشنتۆن و ئەوان ئامادەن بۆ هەڵگرتنی هەر هەنگاوێك کە ببێتە هۆی دروستبوونی ئەم متمانەیە، واتە لەم ڕووەوە تۆپەکە لە ساحەی حکومەتی مەرکەزیدایە.

*** ئێمە دەزانین کوردەکان لە کەرکوکدا زۆرینەن، بەڵام ئامادەی دابەشکردنی دەسەڵاتن لەگەڵ تورکمان و عەرەب و مەسیحییەکانی ئەو شارەدا، لەگەڵ ئەوەشدا لەم ڕووەوە پشتگیری لە کوردەکان ناکرێت، هۆکارەکە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- من پێم وایە مەسەلەی هەڵوێست وەرگرتن لە ئاست کەرکوکدا پەیوەستە بە دۆخە سیاسییە ناوخۆییەکەوە، مەبەستم ئەوەیە هەندێ لە سیاسییە عێراقییەکان بە شێوەیەکی پۆپۆلیستیانە ڕەفتار دەکەن و هەوڵدەدەن دژی هەر ڕێککەوتن و تێگەیشتنێك بوەستنەوە کە لە بەرژەوەندی کوردەکان بێت، بۆ نموونە دەیانەوێت بەو شێوەیە دەرکەون کە ئەوان بەرهەڵستی ئەو هەوڵانە دەکەن کە دەیانەوێت بەشێك لە خاکی ئەوان زەوت بکات، ئەمە لە کاتێکدا دەتوانرێت کێشەکانی ئەم شارە چارەسەربکرێن و من باوەڕم وانییە کە کێشەکان زۆر ئاڵۆزبن، بۆ نموونە دەکرێت کێشەی داهاتی نەوت لە ڕێی دروستکردنی سندوقێکی تایبەتیەوە چارەسەربکرێت کە



**ڕۆژنامەنووس حوسێن عەبدولحوسێن تۆژەر لە ئامۆژگای بەناوبانگی چاتام هاوس تۆژەر لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆگرامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەتا ئێستا چەندین توێژینەوەی گرنگی لە ئامۆژگای چاتام هاوسی بەریتانیا پێشکەشکردووە کە یەکێکیان بە ناونیشانی (دیموکراسی لە عێراق و لوبنان) هەروەها عەبدولحوسێن یەکێکە لە ستونووسەکانی نیۆرك تایمز و ئەهرام ویکلی و ئەهرام دیموکراسی جۆرناڵ، حوسێن عەبدولحوسێن ئێستا لە ئەمەریکا و سەبارەت بە باردۆخی ئێستای عێراق و ئایندەی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا، بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

ئەوەی تێیدا دیار بکرێت، هەر لایەنێك چی بەردەکەوێت، بەڵام من پێم سەیرە کەسانێك کە پێشتر پشتگیری لە فیدراڵیەتی باشووریان دەکرد، ئێستا بەرهەڵستی حکومڕانێتی فیدراڵی کوردستان بکەن.

*** ئەمەریکا پێداگیری لە سەر یەکگرتوویی عێراق دەکات، بەڵام ئەمە پێوستی بە لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی عێراق هەیە، هەروەها ئێمە هیچ پشتگیرییەك بۆ کوردەکان بەدی ناکەین، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا عێراق بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە؟**

- کاتێك سەرۆك بارزانی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو، لێدوانێکیدا کە من پێم وایە لێدوانێکی ژیرانە بوو، کاتێك ڕایگەیاند کە ئێمە وەك بەشێك لە عێراق دەمێنینەوە، تاوەکو عێراق وەك دەوڵەتێکی دیموکراسی بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر بگۆڕێت بۆ دیکتاتۆرییەت ئەو کاتە دۆخ و هەلومەرجێکی دیکە دروست دەبێت. ئەمە فڕێدانی تۆپەکە بوو بۆ ساحەی حکومەتی عێراقی بۆ ئەوەی سیاسەتێکی دیموکراتی و لێبوردەیی پیادەبکات. ئەوەی پەیوەست بێت بە ئەمەریکا من پێم وایە هەڵەیە ئەگەر وابزانین دوای کشانەوەی هێزەکانی، ئەمەریکا عێراق پشتگوێ دەخات، چونکە عێراق وەك ئەولەویەتێکی سەرەکی ئەمەریکا دەمێنێتەوە، بە چاوپۆشین لەوە کێ ئیدارەی ئەو ولاتەی بەدەستەوە دەبێت.

*** ئایا چۆن بتوانرێت کار بۆ دروستکردنی گیانی پێکەوە ژیان و لێکتێگەیشتن لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا بکەین؟**

- ئەو لێدوانەی سەرۆکی ئەمەریکا کە داوای لە کوردەکان کردبوو کار بۆ پاراستن و چەسپاندنی یەکگرتوویی عێراق بکەن لە هەمان کاتدا پشتگیریکردنی لە سروشتی فیدراڵیەتی حکومڕانێتی عێراقی تێدا دوپاتکرابۆوە، واتە سەرۆکی ئەمەریکا داوای لە کوردەکان نەکردووە دەست لە سیستمی فیدراڵی لە عێراقدا هەڵبگرن، هەر کەسێکی دیکە تەفسیرێکی پێچەوانەوەی هەیە بۆ ئەم لێدوانە، ئەوا بەباشی لە سیاسەتی ئەمەریکا تێنەگەیشتووە. دواتر لە نێو عێراقییەکاندا کوردەکان باشترین هاوپەیمانی ئەمەریکان و ئەمەریکاش هەوڵدەدات لە ڕێی ئەم هاوپەیمانێتییەوە کار بۆ چەسپاندنی ئاشتی لە عێراقدا بکات و داواکەی ئەمەریکاش لە کوردەکان دەچێتە چوارچێوەی داواکردنی هاوکاری لەلایەن دۆست و هاوپەیمانێك لە دۆستێکی دیکەی خۆی.

*** ئێمە لە هەڵبژاردنەکان نزیك دەبینەوە، بەڵام دروشمی لایەنە سیاسییەکان دروشمگەلێکی تائیفی، ئیتنی و ئایینین، واتە هیچ دروشمێکی نەتەوایەتی و نیشتمانی بەدی ناکەین، پرسیارەکە ئەوەیە لە دۆخێکی لەم چەشنەدا چۆن هەڵبژاردنەکان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە لەم ڕووەوە نیفاقێکی سیاسی بەدی دەکرێت و هەندێ لە سەرکردەکان هەوڵدەدەن سیاسەتێکی پۆپۆلیستیانە پیادەبکەن و بەهەر نرخێك بێت خەڵکی لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، بەڵام من پێم وانییە دابەشکردنی عێراق لەسەر بنەمای ئیتنی و تائیفی لە بەرژەوەندی عێراق بێت، لە ڕاستیدا ولاتەکە بە قوڵکردنەوەی ڕق و گیانی تۆڵەسەندنەوە بنیاتنانرێت، من پشتگیرییەکی تەواو لە لێدوانەکەی بارزانی دەکەم کاتێك ڕایگەیاند کە هەر کەسێك دەستی بە خوێنی عێراقییەکان سوورنەبوو، دەبێت دەرفەتی بەشداری کردنی پێبدرێت. لەبەر ئەوە تاوەکو هەڵبژاردنەکان، یاخود دەنگدان لەسەر بنەمای بەرنامەی لایەنەکان نەبێت، ئەوا ولاتەکە بە ئاڕاستەیەکی ئیجابیدا هەنگاو نانێت.

*** بەهۆی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانەوە پێشبینی هەڵکشانی توندوتیژی دەکرێت، هەروەها ئەگەری ئەوە دەکرێت دووبارە شەڕی ناوخۆیی لە نێوان شیعە و سوننەکاندا سەرهەڵبداتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە دەبێت کوردەکان چی بکەن بۆ ئەوەی خۆیان لەم دۆخە دووربخەنەوە و نەبنە بەشێك لەو شەڕە لە کاتی بەرپابوونیدا؟**

- تا ئێستا کوردەکان سیاسەتێکی ژیرانەیان پیادە کردووە و ڕایانگەیاندووە کە تاوەکو عێراق وەك ولاتێکی دیموکرات و ئاشتیخواز بمێنێتەوە، ئەوا وەك بەشێك لەو ولاتە دەمێنینەوە، بەڵام ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆرییەت، ئەوا ئێمە ئۆتۆنۆمی خۆمان دەپارێزین. جێی داخە ئەگەر دووبارە دۆخەکە بە ئاڕاستەی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆییدا ببردرێت، ئەمە لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییە. من باوەڕم وایە پێویستە شیعەکان لەم ڕووەوە دەرس لە ئەزموونی کوردەکانەوە وەربگرن، لەبەر ئەوەی کوردەکان نەهامەتییەکی زیاتریان بەدەستی بەعسییەکان چەشت، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕیان بە تۆڵەسەندنەوە نییە لە سوننەکان، لەبەر ئەوە باشترە لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە و ئەگەر شیعەکانیش بەم شێوەیە ڕەفتار نەکەن، ئەوا ولاتەکە دەخەنە سەر سکەی پێکدادان لە داهاتوودا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من لە چەند ستوونێکدا کە نووسیومن ئیعجابی ئیجابی خۆم دەربڕیوە بەرامبەر بە کوردستان و باوەڕم وایە دەبێت بەشەکانی دیکەی عێراق و ناوچەکەش لە ئەزموونی کوردستانەوە فێرببن، لە سیاسەت و دیموکراتی و پێشکەوتنە ئابوورییەی لە ئارادایە دەرس وەربگرن، لەبەر ئەوە هیوادارم بەردەوام بن لەسەر ئەم کارانەتان، چونکە ئەمە لە مەودای دووردا لە بەرژەوەندی خۆتان و هەورەها لە بەرژەوەندی ناوچەکەشدایە.

**ئەگەر حکومەتی مەرکەزی عێراق ببێتە جێی متمانەی کوردەکان، خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هەمو ولایەک دەکات**

لاری دایمۆند بیرمەندی سیاسیی بۆ گوڵان :

# ناتوانرێت ئەوەی لە کوردستاندا هەیە بەسەر بەشەکەی دیکەی عێراقدا جێبەجێبکرێت

**پرۆفیسۆر لاری دایمۆند کە ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ستانفۆرد و یەکێکە لە گەورە تۆژەرانی ئامۆژگای هۆڤەر و سەرنووسەری جۆرنالْ ئۆف دیموکراسییە، دایمۆند لەسەر ئاستی جیهان وەك بیرمەندێکی سیاسیی لەبواری پرسەکانی دیموکراتی لەقەڵەم دەدرێت و تەنانەت ئەمەریکا کاتێك عێراقی ئازاد کرد، پرۆفیسۆر دایمۆندی وەك راوێژکاری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان بۆ عێراق هێنا بۆ ئەوەی یارمەتی ئەمەریکا بدات لە**

**ئەگەر هەنگاونان بەرەو ئاشتەوایی نیشتمانی و سیاسی و بەرەو دوورکەوتنەوە لە سیاسەتی پەراوێزخستن بەردەوام بێت، ئەوا پاساوی پەنابردن بۆ توندوتیژی کەمتر دەبێتەوە**

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت و ئایا لە روانگەی بارودۆخی ئێستاوە چۆن حوکم لەسەر ئایندەی ئەم وڵاتە دەدەیت؟**

- لە راستیدا زۆرێك لە مەسەلەکان دەوەستێتەسەر ئەو هەڵبژاردنانەی بڕیارە لە مانگی داهاتوودا ئەنجامبدرێن، ئایا ئەو هەڵبژاردنانە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەدەچن یاخود نا، ئەگەر هەڵبژاردنەکان سەرکەوتووبوون و هەموولایەك پێیان وابێت رۆڵ و کاریگەرییان لە پرۆسە سیاسییەکەدا هەیە، ئەوا من بە حەزەرەوە گەشبین دەبم، بەڵام ئەگەر مەسەلەی دوورخستنەوەی پاڵێوراوەکان بە تایبەتی پاڵێوراوەکانی پێکهاتەیەکی تایبەتی وڵاتەکە و بێبەشکردنیان لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن درێژەبکێشێت، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە ئەم پێکهاتەیە پەنا بۆ هەمان ئەو کردار و رەفتارە تراژیدییانە ببات کە لە دوای هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ەوە بینیمان، چونکە لەو کاتەدا پەراوێز و گۆشەگیرکرابوون، هەرچەندە ئەمە تاقە کێشەی وڵاتەکە نییە، بەڵکو وڵاتەکە پێویستی بە چەندین یاسا و تەشریعاتی دیکە هەیە، پێویستی بە بەرەوپێشبردنی بوارە ئابووری و سیاسییەکان هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم وەك پێویست جەخت لەسەر گرنگی ئەم هەڵبژاردنانە بکەمەوە.


*** ئایا تا چ رادەیەك هەڵبژاردنەکانی عێراق بە تەواوەتی دەبنەهۆی دیاریکردنی رۆڵ و پێگەی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- ئەگەر بڕیاری دوورخستنەوەی پاڵێوراوەکان جێبەجێبکرێت و دووبارە عێراق بگەڕێتەوە بۆ بازنەی توندوتیژییەکی بەرفراوان لە وڵاتەکەدا، ئەوا من پێم وایە لەو کاتەدا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەست لە عێراق هەڵدەگرێت و رایدەگەیەنێت کە عێراقییەکان بڕیار و رەفتارێکی نابەپرسیارانەیان ئەنجامداوە و ئۆباڵی دۆخەکەش دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان. لەم ساتەوەختەدا ئەمەریکا خوازیارە عێراق لە دۆخێکی باشدابێت و سەقامگیری سیاسی بەخۆوە ببینێت و دیموکراسی لە وڵاتەکەدا بچەسپێت، بەڵام ئەمەریکا چیتر خوازیارنییە بوونی سەربازی خۆی لە عێراقدا درێژە پێبدات و لە راستیدا عێراقییەکانیش ئەمەیان ناوێت، لەبەر ئەوە بوونی ئەمەریکا لە عێراقدا لە بوونێکی سەربازییەوە دەگۆڕێت بۆ بوونێکی ناسەربازی و من پێم وایە زەحمەتە بتوانرێت ئەمە پێچەوانە بکرێتەوە.

*** عێراق وەك وڵاتێك لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پێویستییەکی زۆری بە یارمەتیدان هەیە بۆ ئەوەی ببێتە وڵاتێکی دیموکراسی و سەقامگیر، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین عێراقێکی سەقامگیری و دیموکراتی لەم ناوچەیەدا بنیاتبنێینەوە؟**

- لە رێی بنیاتنانەوەی دامەزراوەکان و چەسپاندنی سەقامگیری سیاسی و گەشەپێدانی دۆخی ئابووری لە وڵاتەکەدا، هەروەها لە رێی بەرەنگاربوونەوەی دەستێوەردانی دەرەکی، بە تایبەتی دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان، باشترین رێگەش بۆ بەرپەرچدانەوە و ئیحتیواکردنی ئەم دەستێوەردانانە، بوونی دامەزراوەگەلی بەهێز و شەرعیەتی سیاسی ناوخۆییە، لە هەمان کاتدا پێویستی بە حکومەتێکی بەهێز هەیە کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنێك بێت کە لە تیڕوانینی خەڵکدا ئەنجامی هەڵبژاردنێکی شەرعی و نەزیە و عادیلانە بێت، بە هەمان شێوە پێویستە پەرە بە بەرەوپێشبوونی ئابووری بدرێت و گەندەڵی ئیحتیوابکرێت، ئەو کاتە عێراق وەك وڵاتێکی بەهێز و کارا دەردەکەوێت، ئەمەش کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی دەستێوەردانی ئەم دەوڵەتانە دەبێت.

*** ئێمە دەزانین هەردوو وڵاتی سعودیە و ئێران زۆرترین دەستێوەردان لە عێراقدا**



**پرۆســەی دیموکراتیزەکردنی عێراقدا، بەڵام ئەم بیرمەندە گەورەیە پاش ئەوەی چەند مانگێك لە عێراق مایــەوەو دوای ئەوەی لە زانکۆی کوف ســیمینارێکی پێشــکەش کرد، راپۆرتــی خۆی دایە هێزی هاوپەیمانان و پێی راگەیاندن عێراق بەرەو شــەڕی ناوخۆیی مەزهەبی نێوان شــیعە و سوننە هەنگاو هەڵدەگرێت، نەك دیموکراسی. بۆیە عێراقی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ ئەمەریکا و دواتر لە دانشتنێکی گوێگرتن لە کۆنگرێس، فاکتەرەکانی بۆ کۆنگرێسمانەکان روونکردەوە، لەو کاتەوە تا ئێستا شەش ساڵ بەســەر پێشــبینیەکەی دایمۆند تێپەڕیوە، نەك عێراق هەنگاوی بەرەو دیموکراتی هەڵنەگرتووە، بەڵکو هەمووجیهــان خەریکە دەگاتە قەناعەت کە دیموکراتییەت بــۆ عێراق زۆر زەحمەتە، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان لە چەندین بۆنەی تایبەتی دیکە لێدوانی تایبەتمان لە لایمۆند وەرگرتووە، ئەمجارەش لە دەســپێکی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی عێراق بە پێویستمان زانــی جارێکی دیکە بۆچوونی ئەم بیرمەندە بۆ خوێنەرانی گوڵان بگوازینەوە، بە سوپاسەوە پرۆفیسۆر دایمۆند بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

**دەکــەن، هەروەهــا عێراقیــان کردۆتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکانیان لەگــەڵ یەکدا، کــە لــەم رووەوە ئێران پاڵپشــتی لە شیعە و سعودیە پشتگیری لە ســوننەکان دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن عێراق دەتوانێــت خۆی لەم دۆخە رزگاربــکات و چیتر نەبێتــە مەیدانی یەکلاکردنەوەی ئەو ناکۆکییانە؟**

- ئەمــە کارێکی ئاســان نییە، هەروەها دەبێت جیاوازی لە نێوان پشتگیری کردن لە چالاکــی توندوتیژی و پشــتگیری سیاســیدا بکەین، لە شێوەی دابینکردنی دارایــی بۆ هەنــدێ لایەنی سیاســی دیاریکــراو، هەرچەنــدە هەردوولایــان پشتگیرییەکی ناشەرعین، بەڵام پاڵپشتی کردن لە کــردەوە توندوتیژییــەکان و لە میلیشیاکان مەترســیدارترە. بەهەرحاڵ، ئەگــەر هەنگاونــان بەرەو ئاشــتەوایی نیشتمانی و سیاسی و بەرەو دووركەوتنەوە لە سیاسەتی پەراوێزخستن بەردەوام بێت، ئەوا پاســاوی پەنابردن بــۆ توندوتیژی کەمتر دەبێتــەوە. ئەمەش بارێکی قورس دەخاتەسەر شــانی عێراقییەکان، هەروەها بارێکی قورس دەخاتە ئەستۆی دامەزراوە سیاســی و قەزائییەکان کە هەڵبستن بە پیادەکردنی سیاســەتی ئاشــتەوایی و دووركەوتنەوە لە سیاسەتی پەراوێزکردن.

ئەوەی پەیوەست بێت بە ئێرانەوە، ئەوا ئێمە دەزانین کە ئەو وڵاتە بە دەســت کێشەی ناوخۆییەوە دەناڵێنێــت، بە تایبەتی ئێمە دەبینیــن کە بزووتنــەوەی نارەزایی لەو وڵاتەدا بە پێداگیرییەکی زۆرەوە لەســەر هەوڵەکانیان بۆ هێنانەدی گۆڕانکارییەکی دیموکراسی لە وڵاتەکەدا بەردەوامن، هەر لەم رووەوە ئاشــکرایە دەستێوەردانی ئێران لە عێراقدا لە بەشــێکیدا دەوەستێتە سەر چۆنیەتی یەکلابوونەوەی ئەو کێشــەیەی لەو وڵاتەدا هەیە.

*** دۆخی سیاسی عێراق ئەوەندە ئاڵۆزە، کە مەترسی ئەوە هەیە ئەو توندوتیژییەی لە ئارادایە ببێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخــۆ، هەروەها حاڵی حــازر گفتوگۆ لــە بارەی ئەوەوە دەکرێــت ئایا رێگە بە کۆنە بەعســییەکان بدرێت بەشداری لە هەڵبژاردنەکانــدا بکەن یاخــود نا، ئایا چۆن دەتوانرێت پرۆسە سیاسییەکە رزگار بکرێت لەم مەترســیانە و ئەم پرۆســەیە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟**

- من هەروەك پێشــتریش ئاماژەم پێکرد، ئەگەر عێراق دەیەوێت لە ئاشتیدا بژێیت، ئەگەر خوازیارە پرۆسەی بە دیموکراتیکردن بە سەرکەوتوویی بەڕێوەببات، ئەوا دەبێت بــوار بۆ بەشــداری تێکــڕای لایەن و پێکهاتە جیاوازەکان برەخســێنێت و هیچ لایەنێك یاخــود پاڵێوراوێك بێبەش نەکات لە بەشــداری کردن، ئەگەر بەڵگەیەکی روون و ئاشکرای لەسەر نەبوو کە بەشدار بــووە لە ئەنجامدانی ئــەو تاوانانەی لە سەردەمی سەددام حوسێندا روویاندا، واتە بێ سەلماندنی تۆمەتی بەشداربوون لەو تاوانانــەدا، ئەوا دوورخســتنەوەی چەند لایەن و پاڵێوراوێکی دیاریکراو مەترسی زیادبوونی جەمســەرگیری سیاســی و گەڕانەوە بۆ توندوتیژیی لێدەکرێت.

*** هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق، بەڵام لــە دۆخێکی ئەمنی و سیاســی جیاوازتردایە، بە چەشنێك پەیوەندی باشی لەگەڵ دراوسێکانیدا هەیە، وەك تورکیا و ئێران، ئێمە دەمانەوێت ئەوە بپرســین ئایا چۆن بەشەکەی دیکەی عێراق دەتوانێت بە هەمان شێوەی کوردســتان پەیوەندی باشی لەگەڵ دراوسێکانیدا هەبێت؟**

- مــن پێم وایــە ناتوانرێت ئــەوەی لە کوردســتاندا هەیە بەســەر بەشــەکەی دیکــەی عێراقــدا جێبەجێبکرێت، لەبەر ئــەوەی ئــەو بەرژەوەندییانــەی ئێران هەیەتی لەگەڵ کوردســتاندا جیاوازە لە بەرژەوەندییەکانی ئێران لەگەڵ باشووری عێراقــدا، بۆ نموونە ئێــران ناتوانێت بەو شێوەیە لە باشووردا دەستێوەردان بکات و لە هەرێمی کوردستاندا دووبارەی بکاتەوە،

**ئەگەر عێراق دەیەوێت لە ئاشتیدا بژێیت، دەبێت بوار بۆ بەشداری تێکڕای لایەن و پێکهاتە جیاوازەکان برەخسێنێت**



من هیوادارم عێراقییەکان ڕێگەنەدەن ئێرانییەکان بەسەر ژیان و دۆخی سیاسی باشووری وڵاتەکەیاندا باڵادەست بن.

*** هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی هەڵپەسێردراوی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراقدا هەیە، وەك کێشەی کەرکوك و ماددەی ١٤٠ و هتد، هەروەها پێشتر هەرێمی کوردستان توانیتی کێشەکانی لەگەڵ تورکیادا بەرەو ئاساییبوونەوە ببات، ئەمە لە کاتێکدا ئەو کێشانە زۆر لە کێشەی نێوان کوردستان و حکومەتی مەرکەزی عێراق ئاڵۆزتر بوون، ئایا هۆکاری ئاناماددەیی حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە چییە و دەبێت کوردەکان لەم ڕووەوە چ هەنگاوێك بنێن بە ئاراستەی چارەسەرکردنیان؟**

- ئاشکرایە کە هەندێ لە عێراقییەکان ناڕازین لە ئاست ئەو چارەسەرەی لە دەستوورەکەدا هاتووە، یاخود پێیان وایە دەستوور بە شێوەیەکی خێرا نووسراوەتەوە. بەهەرحاڵ پرسیارەکەی ئێوە پەیوەستە بەوەی چۆن کوردەکان بتوانن لە نزیکترین دەرفەتدا ڕاپرسی لە سەر پرسی کەرکوك ئەنجام بدەن، من دەڵێم دەبێت ئەو چارەسەرەی لە دەستووردا هاتووە، پارسەنگ بکرێتەوە لەگەڵ واقیعە سیاسییەکەدا، بۆ نموونە ئەگەر تۆ ڕاپرسیت بە شێوەیەك ئەنجامدا کە بووە هۆی دروستبوونی گۆماوی خوێن، ئایا تۆ چ دەستکەوتێکت بەدەستهێناوە؟ لەبەر ئەوە ئەمە پرس و کێشەیەکی زۆر دژوارە و ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتە هۆی پێچەوانەکردنەوەی بەرەوپێشچوونەکانی پرۆسە سیاسییەکە، کەواتە چارەسەرکردنی ئەم پرسە پێویستی بە سازشی بەردەوام هەیە، پێویستی بەوە هەیە کە تێکڕای لایەنەکان نیازپاکانە گفتوگۆی لەبارەوە بکەن، کە من هیوادارم حکومەتی داهاتوو بتوانێت ببێتە جێی متمانەی خەڵك و شەرعیەتی هەبێت لە تێڕوانینی خەڵکدا بۆ ئەوەی بتوانێت هەوڵ و هەنگاوی پێویست بخاتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من هەمیشە ئەوەم دوپاتکردۆتەوە کە ناتوانم وەك پێویست جەخت لەسەر گرنگی ئەم هەڵبژاردنانە بکەمەوە، چونکە ئەگەر عێراق خوازیارە سەقامگیربێت، ئەوا دەبێت هەڵبژاردنەکان بەسەرکەوتوویی بەڕێوەبچن، واتە ئەم هەڵبژاردنانە حکومەتێك بەرهەم بهێنن کە خەڵکی بە شەرعی بزانن و پێیان وابێت ڕەنگدانەوەی بەرژەوندی و ناسنامەی ئەوانە، من نیگەرانم لەوەی بڕیاری دوورخستنەوەی هەندێ لە پاڵێوراوەکان جێبەجێبکرێت، ئێمە بینیمان لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ چی ڕوویدا، کاتێك سوننەکان موقاتەعەی هەڵبژاردنەکانیان کرد، لەبەر ئەوەی پێیان وابوو کە سیستمە سیاسییەکە مامەڵەیەکی ڕەوا لەگەڵ ئەواندا ناکات، من هیوادارم ئەم هەڵەیە بە شێوەیەکی دیکە دووبارە نەکرێتەوە، چونکە ئەو کاتە دەبێت عێراقییەکان باجێکی گەورە و گران بدەن.

هاوپەیمانیی کوردستان
٣٧٢



# میدیای بەرپرس و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن

میدیا یان هۆیەکانی راگەیاند رۆڵێکی کاریگەر لــە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن دەگێڕن،بەڵام ئــەم رۆڵەی میدیا لەم کاتە هەستیارە پیادەی دەکات دەکرێت راشکاوانە ئاماژەی پێبکەین کەهەندێك جار میدیا لەگەڵ هەڵکشانی سۆز و هەڵمەتەکانی هەڵبــژاردن کۆنترۆڵی خــۆی لەدەســت دەدات و ئەرکــی راســتەقینەی خــۆی فەرامــۆش دەکات، بۆیە باســی ئێمە لەسەر ئەو ســاتانە نییە کە میدیا و هۆیەکانی راگەیاندن رۆڵێکی ســلبی لەم پرۆسە گرنگە دەگێڕن بەڵکو ئێمە باسی رۆڵ و کاریگەری میدیای بەرپرس دەکەین وەك پردێــك یان هۆکارێك بۆ گەیاندی زانیاری دروست بە هاوڵاتییان، ئەوەی گرنگە لەم باردۆخە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە ئەرك و بەرپرســیاریەتی لەو خاڵەدا کۆتایی نایەت کە دەبێتە کەناڵێك بۆ بانگێشــەی هەڵبژاردن یان تەنانەت ئەگەر ئەو کەناڵە میدیایە بانگێشە بۆ لایەنێکی دیاریکراویش بکات، بەڵام لەو کاتە میدیا لە ڕێگەی راستکەی خۆی لادەدات و لــە پابەندبوونی ئەخلاقی پیشەی رۆژنامەگەری دووردەکەوێتەوە کە لە شــێوازی بانگێشــەکردنی بۆ لایــەك رەچــاوی بنەماکانی کاری رۆژنامەگــەری پرۆفیشــنال نەکات بۆ هەڵوەســتەکردن لەســەر ئەم پرسە گرنگە بە پێویســتمان زانی ئەم پرسە گرنگە رووبەرووی چەند پسپۆرێکی تایبەتمەند لەمبوارە بکەینەوە کە ئەمە دەقی بۆ چونەکانیانە.

هاوپەیمانیی کوردستان
٣٧٢




پرۆفیسۆر داڤید بۆینك ئوستادی رۆژنامەوانیە لە زانكۆی ئیندیانا و محرر بووە لە چەندین رۆژنامەی ئەمریكادا و لە بواری كاری ئەكادیمیشـــدا پسپـــۆڕ و تایبەتمەندە لە بوارکانی ئاكاری رۆژنامەنووسی، ئامادەكرنی راپۆرت و نووسینی سەروتار، بۆ قسەكردن لەسەر بایەخی میدیا لە كۆمەڵگە، پرۆفیسۆر بۆینك بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

## رۆژنامەنووس داڤید بۆینک بۆ گوڵان:

# خەڵک ئەو کاتە متمانەیان بە رۆژنامەنووس نامێنێت کە لایەنگیری خۆی تێکەڵ بە رووماڵکردن و گواستنەوەی هەواڵەکان بکات

*** زەمینەسازی بۆ بونیادی راگەیاندنی ئازاد و بەرپرس کارێکی ئاسان نییە و چەند ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە چۆن ئەم زەمینەسازییە دەکرێت؟**

- سەرەتا دەبێت خەڵك پشتگیری لەم کارە بکات، مەبەستم ئەوەیە دەبێت خەڵك پاڵپشتی لە هێنانەدی راگەیاندنی ئازاد بکات، لەبەر ئەوەی بێ بوونی ئەم نەریتە ئەوا ناتوانرێت تەقدیری راگەیاندنی ئازاد بکرێت، لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی دەزگاکانی راگەیاندن بتوانن درێژە بە کار و ئەرکەکانی خۆیان بدەن، ئەوا دەبێت لەڕووی داراییەوە سەربەخۆ بن، چونکە ئەگەر لەڕووی داراییەوە تەنها پشت بە حکومەت ببەستن، ئەوا ناتوانن وەك پێویست ئەرك و پەیامی خۆیان ئەدا بکەن، لەبەر ئەوە دەبێت خاوەنی داهاتی خۆیان بن، کە ئێستا ئەمە کێشەیەکە زۆرێك لە راگەیاندنەکانی ئەمەریکاش بەدەستیەوە دەناڵێنن، لەبەر ئەوەی داهاتیان لە کەمبوونەوەدایە و ئینتەرنێتیش نەبۆتە سەرچاوەیەکی باشی داهات، لە لایەکی دیکەوە دەبێت حکومەت پشتیوانی لە دەزگاکانی راگەیاندن بکات، مەبەستم لەم پشتیوانییە ئەوەیە دەبێت دەرفەت و بواریان بۆ برەخسێنێت بۆ ئەوەی ئازاد بن لە گوزارشتکردن و گەیاندنی بیروبۆچوونەکاندا. واتە لە لایەك دەبێت خەڵك پشتگیریان لێبکات، لە لایەکی دیکەوە دەبێت پشتیوانی و سەربەخۆییەکی داراییان هەبێت و لە هەمان کاتیشدا حکومەت پاڵپشتییان لێبکات بەو شێوەیەی کە ئاماژەم پێکرد.

*** چۆن بتوانین ئەم راستیانە بۆ رۆژنامەنووسان روون بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەرکی خۆیان بە شێوەیەك ئەدا بکەن کە لە خزمەتی بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگەدا بێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی باشە، لە راستیدا مەرج نییە رۆژنامەنووسان لە کاتی ئەداکردنی ئەرکەکانی خۆیاندا دژی حکومەت بن، بەڵکو بەهۆی چاودێریکردنی حکومەتەوە وا دەردەکەوێت کە حکومەت لە ئاستی ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانیدا نییە، ئەمەش لەلایەن بەرپرسانەوە بە دژایەتی کردنی حکومەت تەفسیر دەکرێت، کەواتە بەشێك لە کێشەکە ئەم تیروانینەیە، چونکە لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی سلبی لەسەر حکومەت، ئەوا بە دژایەتی لێکدەدرێتەوە، لەبەرئەوەی حکومەت خوازیارنییە هەواڵی سلبی



داڤید بۆینك

لەبارەیەوە بڵاوبکرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا ئامانجی چاودێریکردنی حکومەت ئەوەیە حکومەت راستگۆ بێت و لە ئاستی بەرپرسیارێتییەکانیدا بێت.

*** لەو وڵات و کۆمەڵگەیانەی لەسەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان ئەولەویەت نادرێت بە بنیاتنانی راگەیاندنێکی ئازاد، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی بەدگومان بن بەرامبەر بە راگەیاندن کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کار و بڕیارەکانی حکومەت بێ چاودێری و رەخنەگرتن تێپەڕن، پرسیارەکە ئەوەیە لە سایەی چ هەل و مەرجێکدا راگەیاندن متمانە و میسداقیەتی خۆی لە دەست دەدات؟**

- ئەوکاتە خەڵکی متمانەیان بە رۆژنامەنووس و راگەیاندنەکان نامێنێت، ئەگەر هاتوو رۆژنامەنووس لایەنگیری خۆی تێکەڵ بە رووماڵکردن و گواستنەوەی هەواڵەکان بکات، لەبەر ئەوەی لەم حاڵەتەدا زانیارییەکی ورد پێشکەش بە خەڵك ناکات و گوزارشت لە تەنها بیروبۆچوونێکی دیارکراو دەکات. هەروەها لەو کۆمەڵگەیانەی لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراسیکردندان، لە سەرەتادا هێڵی نێوان راگەیاندن و حکومەت دیارنییە، واتە یان دەزگاکانی راگەیاندن بەشێکن لە حکومەت، یاخود لە ژێر کاریگەری حکومەتدان، ئەمەش وایان لێدەکات تەنها نوێنەرایەتی بیروبۆچوونی پارتێکی سیاسی یان لایەنێکی دیارکراو بکەن.

*** ئەوەی تۆ باسی دەکەیت مەسەلەی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی رۆژنامەنووسە، بۆیە من دەپرسم چۆن ئەم هەستە لای رۆژنامەنووس دروست دەبێت؟**

- لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا دەستەواژەیەك هەیە بریتییە لەوەی ئازادی رۆژنامەگەی بە مانای رزگاربوون نایەت لە بەرپرسیارێتی، بەڵکو لە کاتێکدا کە رۆژنامەنووس ئازادە و کۆت و بەندی لەسەر نییە، ئەوا لە هەمان کاتدا بەرپرسیارێتی هەیە لە ئاست هێنانەدی ئامانجگەلێکی دیارکراودا، یاخود روونتر بڵێین لە بەردەم کۆمەڵگەدا بەرپرسیارە، ئەویش بریتییە لە خستنەڕوو و وروژاندنی کێشە و پرسە جددییەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگەوە، چونکە ئەگەر رۆژنامەنووس نەتوانێت هاوکار و یارمەتیدەر بێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی شارەکەی و وڵاتەکەی، ئەوا ئەرکی خۆی ئەدا نەکردووە وەك رۆژنامەنووسێکی ئازاد و سەربەخۆ.

*** لەو کۆمەڵگەیانەی لە سەرەتای**

**دەبێت خەڵک پاڵپشتی لە هێنانەدی راگەیاندنی ئازاد بکات ، لەبەر ئەوەی بێ بوونی ئەم نەریتە ئەوا ناتوانرێت تەقدیری راگەیاندنی ئازاد بکرێت**

**قۆناغی گەشەکردندان، کە هێشتا سیستمە سیاسییەکە سەقامگیر نەبووە و سەروەری یاسا نەچەسپێنراوە، ئەوا دەزگاکانی راگەیاندن هەوڵئەدەن هەمان ئەزموونی وڵاتانی رۆژئاوا دووبارە بکەنەوە، بێ ئەوەی تایبەتمەندی بارودۆخەکە لەبەرچاوبگرن، ئایا تا چ رادەیەك ئەم لاساییکردنەوە و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی وڵاتانی دیکە زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت؟**

- من جارێکیان لەگەڵ رۆژنامەنووسێکی تەنزانیدا قسەم دەکرد کە کاری لە رۆژنامەیەکدا دەکرد لە وڵاتەکەیدا بە ناوی «ئوهورو» کە بە مانای ئازادی دێت، من پرسیارم لێکرد تۆ چۆن ناوی ئازادی لە رۆژنامەکەت دەنێیت لە کاتێکدا کە بەشێکیت لە حکومەت، وەڵامەکەی ئەوەبوو مەبەستی ئێمە لە ئازادی ئەوەیە ئازادبین لە هەژاری، لە نەزانی و لەبرسێتی. لە راستیدا ئەمە یەکێکە لەو کێشە و تەنگژانەی راگەیاندن لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا رووبەڕووی دەبێتەوە، رەنگە ئەمە بەو مانایەش بێت کە دەبێت راگەیاندن لە هەر وڵاتێکدا پەرە بە پەیوەندییەکی تایبەتی بدات لەگەڵ حکومەتی وڵاتەکەیدا، واتە رەنگە شێوازی کاری راگەیاندنی رۆژئاوا شیاونەبێت لە هەموو وڵاتانی دیکەدا دووبارە بکرێتەوە، بەڵام من تەنها ئەوەندە دەڵێم کە پەیوەندی نێوان راگەیاندن و حکومەت هەرچۆنێك بێت، ئەوا هەمیشە خەڵکانێك هەن هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەزگاکانی راگەیاندن دەدەن بۆ مەبەست و مەرامی تایبەتی و بەرتەسکی خۆیان.

*** پێتوایە ئەگەر رۆژنامەنووس بەشێوەیەکی پیشەگەرانە کاری کرد کەمتر رووبەڕووی ئاستەنگ دەبێتەوە، یان با بەجۆرێکی دیکە پرسیارەکە بکەم، ئایا دووركەوتنەوە لە کاری پیشەگەرانە چەند زیان بە کاری میدیا دەگەیەنێت؟**

- لە راستیدا رەخساندنی دەرفەت بۆ رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی لەڕووی پێگەیاندن و پەروەردەکردنیانەوە مەشقیان پێبکرێت، کارێکی زۆر یارمەتیدەرە، بە تایبەتی فێری ئەوە دەکرێن چۆن چاوپێکەوتن ئەنجام بدەن و چۆن زانیاری کۆبکەنەوە و چۆن راپۆرت و هەواڵی ورد و راست و دروست بنووسن، هەروەها ئەو رێسا و بنەما ئەخلاقییانە چین کە دەبێت پێیانەوە پابەندبێت لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیدا. لە لایەکی دیکەوە ئینتەرنێت بۆتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوەی بتوانیت خۆت بە بنەما و رێساکانی کاری رۆژنامەنووسی پیشەگەرانە ئاشنابکەیت، ئەگەرچی بواریشت نەبێت بۆ ئەوەی لە پەیمانگا و دامەزراوەی تایبەت بە پەروەردەکردنی رۆژنامەنووس بخوێنیت. مەسەلەیەکی دیکە کە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە لە داهاتوودا ئەگەری ئەوە هەیە هاوڵاتیان زیاتر بەشداربن لەم پیشەیەدا و کاری رۆژنامەنووسی ئەنجام بدەن، مەبەستم ئەوەیە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و بوونی مۆبایل بە تایبەتی، ئێستا هاوڵاتیان بەشدارن لە گواستنەوە و گەیاندنی وێنە و ڤیدیۆ و تەنانەت هەواڵ و زانیاریش، بۆ نموونە ئێستا هاوڵاتیان دەتوانن بەشداربن لە گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکان بە کەناڵی «سی.ئێن.ئێن»، واتە دەتوانین بڵێین لە داهاتوودا هاوڵاتی رۆژنامەنووس دروست دەبێت.

*** زۆرجار پرۆسەی بنیاتنانی راگەیاندنی ئازاد لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ئەو دەرئەنجامە خوازراوەی لێناکەوێتەوە کە وڵاتانی رۆژئاوا پلانیان بۆ دانابوو لە سەرەتادا، ئایا هۆکاری ئەم ناسازییە بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- من پێم وایە هەندێ بەها و بنەمای رۆژنامەگەری و راگەیاندن هەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کە دەکرێت گرنگی و کاریگەری ئیجابیان لە وڵاتانی دیکەدا هەبێت، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە پیادەکردنیان، یاخود لەبەرچاوگرتنیان هەمان ئەو دەرئەنجامەی لێبکەوێتەوە کە لە ئەمەریکا بەدی دەکەین، بۆ نموونە لە وڵاتی بەریتانیادا رۆژنامەکان نوێنەرایەتی تێکڕای ئایدولۆژیا و بیروبۆچوونە سیاسییەکان دەکەن و ئەمەش جیاوازە لەو کارەی رۆژنامەکانی ئەمەریکا دەیکەن. هەرچۆنێك بێت من پێم وایە ئەگەر رۆژنامەکان خۆیان پابەندنەکەن بە گەیاندنی زانیاری راست و دروست بە مەبەستی بەرچاوڕوونکردنەوە و ئاشکراکردنی راستییەکان و هۆشیارکردنەوەی خەڵك، ئەوا ناتوانن ببنە سەرچاوەی باوەڕپێکراوی زانیاری، ئەمە بەو مانایە نایەت کە دەزگایەکی راگەیاندن یاخود رۆژنامەیەك ناتوانێت کاربکات کە سەربەخۆ نەبێت و نوێنەرایەتی لایەنێکی دیارکراو بکات، بەڵکو ئەم راگەیاندن و رۆژنامانەش دەتوانن دروستبن و کاربکەن، بەڵام لەو باوەڕەدانیم ببنە سەرچاوەی باوەڕپێکراو و متمانەپێکراوی زانیاریی و هەواڵ بۆ خەڵك.

*** دوا وتەت چییە؟**


- من پێم وایە دەبێت هەر وڵاتێك پەرە بە دەزگای راگەیاندن و رەوتی رۆژنامەگەری تایبەت بەخۆی بدات، کە مەرج نییە ئەم دەزگا و رۆژنامانە دەقا و دەق هاوشێوەی دەزگاکانی راگەیاندنی رۆژئاوا بن بۆ ئەوەی بتوانن خزمەت بە وڵاتەکەیان بکەن، لە هەمان کاتدا مەرج نییە ئەم وڵاتانە تێکڕای بەها و رێساکانی رۆژنامەگەری و کاری راگەیاندنی رۆژئاوا رەتبکەنەوە، چونکە ئەو بەهایانە سوودبەخشن و کاریگەری ئیجابیان لەسەر ئەدای ئەو دەزگایانە دەبێت، لەبەرئەوەی ئەم بەهایانە پەیوەستن بە رەچاوکردنی راستگۆیی، وردبینی و خزمەتکردن بە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە.

**لە راستیدا مەرج نییە رۆژنامەنووسان لە کاتی ئەداکردنی ئەرکەکانی خۆیاندا دژی حکومەت بن، بەڵکو بەهۆی چاودێریکردنی حکومەتەوە وا دەردەکەوێت کە حکومەت لە ئاستی ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانیدا نییە**

هاوپەیمانیی کوردستان

التحالف الكوردستاني قورەستان الـخطي

٣٧٢

خاتوو دیبرا ماسۆن سەرنووسەری رۆژنامەی میدیا و ئایینە(Media and Religion) هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری ئایین و پیشەگەرییە و ماوەی ٢٥ ساڵە رووماڵی ئەم بوارە بۆ رۆژنامەکان دەکات و تائێستا چەندین جار خەڵات کراوە، بۆ قسەکردن لەسەر پرسی میدیا و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە، خاتوو دیبرا بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستە روو.

### رۆژنامەنووس دیبرا ماسۆن بۆ گوڵان:

# ڕێسا و بنەما ئەخلاقیی و پیشەییەکان ڕێنمایی رۆژنامەنووس دەکەن و دەبێت رۆژنامەنووس پێیانەوە پابەندبێت

باشترین کارێك رۆژنامەنووسان لەم رووەوە ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی ببنە جێی متمانە و باوەڕی خەڵك ئەوەیە بیسەلمێنن لە کارەکانیاندا لایەنگیری لە بەرژەوەندی لایەنێك و لە دژی لایەنێکی دیارکراو ناکە

*** لە وڵاتە دیموکراتییەکاندا دەزگاکانی راگەیاندن داینەمۆی پرۆسە سیاسییەکان و بەشێکن لەو پرۆسەیە، هەروەها ئامرازی پێکەوە پەیوەستکردنی خەڵك و دەسەڵاتن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین راگەیاندنێکی سەرکەوتو تەندروست بنیات بنێین، ئایا دەبێت سەرەتا ئەولەویەت بە چی بدرێت؟**

- لە وڵاتە یەکگرتووەگانی ئەمەریکادا رۆژنامە و راگەیاندنەکان رێسا و بەها و ئەخلاقیاتی تایبەت بە پیشەکەی خۆیان هەیە، واتە کارێکی پیشەگەرانە ئەنجام دەدەن، لە لایەکی دیکەوە دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەکان ئازادی تەواویان بۆ خستنەڕو و گفتوگۆ کردن لە بارەی کێشە و پرسە جیاوازەکانەوە هەیە، تەنانەت ئەگەر ئەم مەسەلەیە جێی رەزامەندی و خۆشحاڵی بەرپرس و سیاسییەکانیش نەبێت، کەواتە بوونی ئەم رێسا پیشەییانە و ئەم ئازادی و سەربەخۆی و کرانەوەیە وامان لێدەکەن بە بایەخ و گرنگییەوە لە رۆڵ و ئەرکی راگەیاندن لە وڵاتەکەماندا بڕوانین.

*** ئەرکی سەرەکی راگەیاندن چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتە بێ ئەوەی خۆی ببێتە بەشێك لە کێشەکە، واتە ئەرکی رۆژنامەنووس چاودێریکردنی حکومەتە نەك دژایەتی کردن و رووبەڕووبوونەوەی حکومەت، چۆن دەکرێت ئەم راستییە بۆ رۆژنامەنووس روون بکەینەوە بۆ ئەوەی بتوانێت ئەرکی خۆی تێدا بکات؟**

- لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ئەو رێسا و بنەما ئەخلاقیی و پیشەییانە هەیە کە رێنمایی رۆژنامەنووس دەکەن و دەبێت رۆژنامەنووس پێیانەوە پابەندبێت، ئەم رێسا و بنەمایانەش رێگە بە رۆژنامەنووس نادەن کار لەگەڵ رێکخراوێك یان پارتێکی سیاسی یان ببێتە لایەنێك لە هەر پەیوەندییەکدا کە ناچاری بکات لایەنگیری بکات لە کارەکانیدا و لە ئەنجامدانی گواستنەوە و تەغتیەو رووماڵکردنەکانیدا، ئاشکرایە رۆژنامەنووسیش بیروبۆچوونی خۆی هەیە وەك هەر کەسێکی دیکە، بەڵام ئەگەر رۆژنامەنووسێك زۆر نزیك بێت لە کەسێکی سیاسییەوە، ئەوا نابێت بوار بە خۆی بدات لە بارەی ئەو کەسەوە بنووسێت یان تەغتیەو رووماڵی چالاکییەکانی بکات. من پێم وایە لە ئەمەریکادا تا ئاستێکی باش ئەم بەها و رێسایانە لەبەرچاو گیراون و رەنگدانەوەیان لە کاری رۆژنامەنووساندا هەبووە. هەروەها ئەگەر ئاشکرابێت رۆژنامەنووسێك خۆی بەشداره لەو چالاکی و کارانەی لەبارەیانەوە دەنووسێت، ئەوا دووچاری دەرکردن دەبێتەوە. هەرچەندە ئێمە ئەو رۆژنامەنووسانەشمان هەن کە وتار دەنووسن و بیروبۆچوونی خۆیان تێدا دەردەبڕن، بەڵام ئەمە جۆرێکی جیاوازی کاری رۆژنامەنووسییە.

*** لەو وڵات و کۆمەڵگەیانەی لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان ئەولەویەت نادرێت بە بنیاتنانی راگەیاندنێکی ئازاد، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی بەدگومان بن بەرامبەر بە راگەیاندن کە ئەمەش سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کار و بڕیارەکانی حکومەت بێ چاودێری و رەخنەگرتن تێپەڕن، پرسیارەکە ئەوەیە لە سایەی چ هەل و مەرجێکدا راگەیاندن متمانە و میسداقیەتی خۆی لە دەست دەدات؟**

- لە راستیدا ئەمە کێشەیەکە لە وڵاتی ئێمەشدا بوونی هەیە. من پێم وایە باشترین کارێك



دیبرا ماسۆن

رۆژنامەنووسان لەم رووەوە ئەنجامی بدەن بۆ ئەوەی ببنە جێی متمانە و باوەڕی خەڵك ئەوەیە بیسەلمێنن لە کارەکانیاندا لایەنگیری لە بەرژەوەندی لایەنێك و لە دژی لایەنێکی دیارکراو ناکەن، ئەویش بە پەیڕەوکردنی بنەماکانی رۆژنامەگەری پیشەگەرانە، وەك هاوسەنگی و دیققەت و راستگۆیی، کێشەیەکی دیکە ئەوەیە زۆرجار هاوڵاتیان یاخود خەڵك بە شێوەیەکی گشتی وەك یەك قەوارە و یەك دامەزراوە لە دەزگاکانی راگەیاندن دەڕوانن، ئەمە لە کاتێکدا رۆژنامەنووسی باش هەیە و رۆژنامەنووسی خراپیش هەیە، هەروەها ئەو دەزگا راگەیاندنانە هەن کە راستگۆیی و هاوسەنگی رەچاو دەکەن و دەزگای دیکە هەن بە پێچەوانەوە کاردەکەن، کە بە تێڕوانینی من ئەمەش پرۆسەیەکی زەحمەتە، واتە لەلایەکەوە ئەرکێکی زەحمەتە رۆژنامەنووسی پیشەگەر دروست بکەین و لە لایەکی دیکەوە زەحمەتە وا لە خەڵك بکەین ئەم جیاوازییە بکەن، ئەمە پرۆسەیەکی دووروودرێژە و بە شەو و رۆژێك نایەتەدی.

*** زۆرجار لەو کۆمەڵگەیانەی لەسەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان، رۆژنامەگەری ئازاد هەیە، بەڵام راگەیاندنی ئازاد بەرپرسیار نابێت لە ئاست بەرهەمەکانیدا، واتە ئەرکی سەرەکی راگەیاندن دەبێتە خوڵقاندنی کێشە و گرژی و ئاڵۆزی و ناسەقامگیری دەبێت بۆ حکومەت بێ ئەوەی هیچ بایەخێك بە خەڵکی بدات، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن بتوانین راگەیاندنێك بنیات بنێین لەم قۆناغەدا کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات؟**

- لە راستیدا لەو وڵاتانەدا پێویستییەکی زۆر بە مەشقپێکردن و راهێنانی رۆژنامەنووسان هەیە، بە تایبەتی لە بواری لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانیدا، کە دەکرێت زۆرێك لە دەزگا راگەیاندنە جیهانییەکان هاوکار و یارمەتیدەربن لەم رووەوە. ئەگەر ئێمە باس لە ئەزموونی وڵاتە یەکگرتووەکان بکەین، ئەوا لەم وڵاتەدا رۆژنامەنووسان لەسەر بەها و بنەما و رێسا ئەخلاقییەکانی پیشەکە پەروەردە دەکرێن و ئەمەش دەبێتە هۆکار و سەرچاوەی دروستکردنی رۆژنامەنووسی بەرپرس، بە چەشنێك ئەم بەها و رێسایانە لە رێی قوتابخانەکانەوە، هەندێ جار لە قۆناغی سەرەتاییشدا، قوتابیانی لەسەر پەروەردە دەکرێت و دواتر ئەگەر کەسێك بیەوێت بە شێوەیەکی پیشەگەرانە ئەم کارە ئەنجام بدات، ئەوا دەچێتە کۆلێژ و پەیمانگای تایبەتی کە تێیدا پەروەردە دەکرێت و لەسەر بنەما و رێساکانی پیشەکە گۆش دەکرێت، کە بە بێ ئەم مەشق و خوێندنەوە ناتوانرێت کارەکەی بە شێوەیەکی پێویست و پیشەگەرانە ئەنجام بدات.

*** لەو کۆمەڵگەیانەی لەسەرەتای قۆناغی گەشەکردندان، کە هێشتا سیستەمە سیاسیەکە سەقامگیری نەبووە و سەروەری یاسا نەچەسپێنراوە، ئەوا دەزگاکانی راگەیاندن هەوڵئەدەن هەمان ئەزموونی وڵاتانی رۆژئاوا دووبارە بکەنەوە، بێ ئەوەی تایبەتمەندی بارودۆخەکە لەبەرچاوبگرن، ئایا تا چ رادەیەك ئەم لاساییکردنەوە و دووبارەکردنەوەی ئەزموونی وڵاتانی دیکە زیان بە پرۆسەکە دەگەیەنێت؟**

- ئەوە راستە شێوازی کاری راگەیاندن و رۆژنامەنووسی رۆژئاوایی لە زۆرێك لە وڵاتە

ديموكراسييەكاندا شێوازێكی پيادەكراوە، بەڵام گرنگ ئەوەيە لە كاتی دووبارەكردنەوە و سوود وەرگرتن لەم ئەزموونانە مامەڵەيەكی هۆشيارانە لەگەڵ ئەو مەسەلە و لايەنانەی كاری راگەياندنی رۆژئاواييدا بكرێت كە لە كۆمەڵگەكەتدا تيڕوانين و هەڵوێستی سلبی لە بارەيانەوە هەيە.

*** بە پێچەوانەوەی وڵاتانی رۆژئاوا كە زەمينەی تايبەتيان بۆ پێگەياندن و پەروەردەكردنی رۆژنامەنووسی پيشەگەر هەيە، ئەوا لە ناوچەكەی ئێمەدا ئەم حاڵەتە بەدی ناكرێت و بە دەگمەن رۆژنامەنووسی پيشەگەر بوونيان هەيە، ئايا ئەمە تا ئاست و ئەندازەيەك زيان بە پرۆسەی بنياتنان و دروستكردنی پێگەی كۆبوونەوەی رۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی تێيدا ئەزموون و بيروبۆچوونی رۆژنامەگەری تێيدا ئاڵوگۆڕ بكەن و گفتوگۆ لە بارەی زۆرێك لە پرس و مەسەلەكانی تايبەت بە پيشەكەوە تەرح بكەن و هەوڵی دۆزينەوەی وەڵام و چارەسەری بۆ بدەن.**

*** زۆرجار وڵاتانی رۆژئاوا گرنگی و بايەخ بە يارمەتيدانی دەزگاكانی راگەياندنی وڵاتە تازەگەشەكردووەكان دەدەن، بەڵام كێشەكە ئەوەيە هەندێ جار ئەمە دەبێتە هۆی زيانگەياندن بە پرۆسەی بنياتنانی راگەياندنی ئازاد لە وڵاتە تازەگەشەكردووەكاندا و ئەو دەرئەنجامە خوازراوەی لێناكەوێتەوە كە وڵاتانی رۆژئاوا پلانيان بۆ دانابوو لە سەرەتادا، ئايا هۆكاری ئەو وڵاتەدا زەمينە و ئامادەيی پێويست نەبووە بۆ ئەم كارە.**

*** ئەگەر ناو و مانای راگەياندنی ئازاد بێبەها بكرێن، ياخود ئەگەر چيتر راگەياندنی ئازاد وەك پێويست و لە ئاستی چاوەڕوانكراودا نەيتوانی كارەكانی خۆی ئەدا بكات، ئايا ئەمە چ كاريگەری و رەنگدانەوەيەكی لەسەر سيستمە سياسييەكە دەبێت؟**

- ئێمە دەزانين رۆڵی دەزگاكانی راگەياندن و رۆژنامەنووسان چاودێريكردنی كار و بڕيارەكانی حكومەتە، ئەمەش لە پێناو ئەوەی حكومەت بە شێوەيەكی ژيرانە و لە بەرژەوەندی خەڵكی وڵاتەكە هەڵبستێت بە بەكارهێنانی بودجە و دارايی وڵاتەكە، بە چەشنێك ئێمە



**ئەگەر ئێمە باس لە ئەزموونی وڵاتە يەكگرتووەكان بكەين، ئەوا لەم وڵاتەدا رۆژنامەنووسان لەسەر بەها و بنەما و رێسا ئەخلاقييەكانی پيشەكە پەروەردە دەكرێن و ئەمەش دەبێتە هۆكار و سەرچاوەی دروستكردنی رۆژنامەنووسی بەرپرس**

### راگەياندنی ئازاد دەگەيەنێت؟

- لە راستيدا ئەمە لايەنێكی گرنگە و دەبێت لەبەرچاو بگيرێت، كە لەم رووەوە چەندين سەرچاوە و دامەزراوە بوونيان هەيە و دەتوانن لەم بوارەدا هاوكار و يارمەتيدەر بن وەك سەنتەری نێودەوڵەتی رۆژنامەگەری كە بارەگاكەی لە وڵاتە يەكگرتووەكانی ئەمەريكايە، هەروەها چەندين دامەزراوەی ديكە هەن لەم بوارەدا. لە لايەكی ديكەوە دەكرێ لەم رووەوە سوود لە تۆڕی ئينتەرنێت وەربگيرێت بۆ بەدەستهێنان و خوێندنەوەی زۆرێك لەو سەرچاوانەی كە تەرخانكراون بۆ پێگەياندنی رۆژنامەنووسی پيشەگەر. خاڵێكی ديكە كە دەمەوێت ئاماژەی پێبكەم، بوونی كۆمەڵە و سەنديكاكانی رۆژنامەنووسانە كە دەكرێت ببنە شوێن و

### ئەم ناسازييە بۆچی دەگەڕێنيتەوە؟

- من پێم وايە دەبێت هەوڵ و كۆششەكانی پەيوەست بە هێنانەدی ياخود بنياتنانی رۆژنامەگەری ئازاد و راگەياندنی ئازاد لە ناو كۆمەڵگەكە خۆيەوە سەرچاوەبگرێت، واتە ناكرێت راگەياندن و رۆژنامەگەری ئازاد هاوردە بكرێن، ياخود لە دەرەوەڕا بسەپێنرێن، بەڵكو دەبێت كۆمەڵگە خۆی خوازياری هێنانەدی راگەياندنی ئازادبن، ئەگەرنا زۆر زەحمەتە بتوانن قەناعەتيان پێبكەن بە زەرورەتی دروستكردنی راگەياندنێكی لەم چەشنە، هەر ئەمەش هۆكاری شكستهێنانی زۆرێك لە هەوڵەكانی لايەنە دەرەكييەكان بووە كە هەوڵياندا‌وە ئەم راگەياندنە لە وڵاتێكی ديكەدا دروست بكەن، لەكاتێكدا لە ناوخۆی حاڵەتی گەندەڵبوونی حكومەت لەو وڵاتانەدا بەدی دەكەين كە رۆژنامەگەری و راگەياندنی ئازاديان تێدا نييە، بە شێوەيەك حكومەتی وڵاتەكە كۆنترۆڵی زۆربەی دەسەڵات و بوارەكانی ژيانی كردووە. لەم روانگەيەوە ئێمە لە ئەمەريكا رۆڵی چاودێريكردن كە لە لايەن راگەياندنەوە ئەدا ئەكرێت، بە رۆڵێكی گرنگ دەزانين بۆ وڵاتەكە و بۆ ديموكراسی لە وڵاتەكەدا.

*** دوا وتەت چيە؟**

- خەباتكردن بۆ دروستكردنی ياخود هێنانە رۆژنامەگەری ئازاد خەباتێكی سەخت و دوورودرێژە. بەڵام ئەمە ئامانجێكە شايستەی ئەوەيە كات و كۆششی خۆمانی بۆ تەرخان بكەين.

# موسڵ.. گۆڕەپانی یەکلاییکردنـــــ بەگژداچوونەوەی دەستوور و



بۆ ئەوەی کۆنە بەعسییەکان و شۆڤێنییەکان لە هێزی دەستوور و باجی بەگژداچوونەوەی دەستوور و پێشلکردنی مادەی ١٤٠ی ئەو دەستوورە تێبگەن، موسڵ ئێستا بەکردەیی بۆتە گۆڕەپانی یەکلایکردنەوەی کێشـــەی ناوچە جێناکۆکەکان و پیشـــاندانی هێزی دەستووری عێراق کە چیدیکە پرانسیپ و بیرکردنەوەی شـــۆڤێنیانەی بەعس نەك لە موســـڵ بەڵکو لە تەواوی عێراق جێگەی نابێتـــەوە، هەقە هەمـــوو عێراقییەکان بە کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکەی وەك تورکمان و کلدو ئاشـــوورییەوە بە شێوەیەکی گرنگ هەڵوەستە لەسەر ئەو بارە ئاڵۆزەی ئێستای ئیدارەی لۆکاڵی پارێزگاری موسڵ ئەســـیل نوجێفی بکەن، کـــە چۆن ماوەی ساڵێك زیاترە ئاکامی سندوقەکانی کردۆتە هۆکارێك بۆ هەڵسوڕاندنی کارەکتەرەکانی ئەو شـــانۆگەرییەی ڕۆڵـــی گێڕانەوەی دەسەڵاتی بەعس و بیرکردنەوەی شۆڤێنیانە لەشـــارێکی وەك موسڵ کە بچووککراوەی عێراقێکی گەورەیە دەگێڕن .

ئەسیل نوجێفی کە ئێستا عەرەبی شۆڤێنی و هەندێك لە دەوڵەتانی ئیقلیمی چەپڵە بۆ پێشـــنیار و لێدوانە شۆڤێنییەکانی لێدەدەن، بە ئاســـتێك سەرمەست بوو بـــوو، وای دەزانـــی لـــە وانکێ و تلکیف گوڵباران دەکرێـــت و پێشـــوازی لێدەکرێـــت، بەڵام بەردبـــاران و تەماتـــە بارانکردنی لەلایەن هاوڵاتییانی دەڤـــەری تلکیف و وانکێیەوە ئەو سەرمەســـتییەی ئەســـیل نوجێفییان ڕەواندنـــەوەو پێیان ڕاگەیاند ئـــەو زەمەنە بەسەرچوو شۆڤێنییەکان بتوانن بە ئارەزووی خۆیان یاری بەهەست و خواستی گەلانی عێراق و برایەتـــی نێوان کورد و عەرەب و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە بکەن.

کورســـتانییەکان ئامـــادەن لەگەڵ عەرەب بژین

بەڵام ئامادەنین لەگەڵ شۆڤێنییەکان بژین شۆڤێنییە بەعســـییەکان ئەوجا بەکوردی قســـە بکەن یان بەعەرەبی یەك شـــێوەن و یەك ئامانجیان هەیە،بـــۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەشـــیان کارەکتەری زمان جیاواز دروســـت دەکەن، بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆیانی پێ پـــەردە پۆش بکەن، ئامانجی ئەوان سوکایەتیکردنە بەئیرادەی هاوڵاتییان و سەپاندنی دەســـەڵاتی دیکتاتۆرییانەی خۆیان، ئەوجا لای ئەوان گرنگ نییە ئەو هاوڵاتییە عەرەبە یان کوردە یان تورکمانە یان کلدو ئاشوورییە، ئەوەی ملکەچی فەرمانی ئـــەوان نەبێت چەپڵە بۆ بیری شـــۆڤێنیان لێنەدا ئەوان وەك دوژمن سەیری دەکەن و، چییان پێبکرێت لە قەتلوعام و کۆمەڵکوژی درێغی ناکەن، سیاسەت کردن لای بیری شۆڤێنی بەعس، پاکانەکردنە بـــۆ پەنابردن بۆ هەر هۆکارێك کـــە ئامانجەکانیان بەدیبهێنێت، ئەوجـــا ســـووتەمەنی ئـــەم ئامانجە لای هەڵگرانی ئەو بیرە شۆڤێنییە کورد بێت یان عەرەب یان تورکمان یان کلد و ئاشوری هیچ گرنگ نییە،لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی ســـاڵی ٢٠٠٩ لیســـتی حەدبا هەوڵیدا بۆ تێکدانـــی پەیوەندی برایانە و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی نێوان کورد و کریســـتیان، پەنـــا بـــۆ تیرۆکردنی برا کریســـتیانەکان و تەقاندنـــەوەی دێر و کەنیســـەکان برد، بەڵام ئەم هەوڵانەیان ئاشـــکرابوو پاشانیش برا کریســـتییانەکان جارێکـــی دیکە لەناو لیســـتی برایەتی نەینەوا خۆیان بینییەوەو ئەو کۆتاییەیان ڕەتکردەوە کە کۆمســـیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بۆی دیاریکردبوون، لای شـــۆڤێنییە بەعســـییەکان و ئەوانەی وەك ئەســـیل نجێفی خەو بـــە گەڕانەوەی بەعـــس دەبینن مافی نەتـــەوە و ئازادی بیروڕای ئایینی و سیاســـیی مافێکە وەك پاداشـــت بە نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی موســـڵ دەدرێت، ئەو هەوڵـــدەدات هەموو نەتـــەوە و ئایینـــە جیاوازەکانی ســـنوری پا ر ێـــز گا ی نەینـــەوا ملکەچی

لەلایەن هاوڵاتییانی دەڤەری تلکیف و وانکێیەوە ئەو سەرمەستییەی ئەسیل نوجێفییان ڕەواندەوەو پێیان ڕاگەیاند ئەو زەمەنە بەسەرچوو شۆڤێنییەکان بتوانن بە ئارەزووی خۆیان یاری بەهەست و خواستی گەلانی عێراق و برایەتی نێوان کورد و عەرەب بکەن

فەرمانەکانی لیستی حەدبا بن و دوورو نزیك پێکهاتە جیاوازەکانی موسڵ تەنانەت ئەوانەشی کە عەرەبن و سەر بە قەوارە و لایەنە سیاسییەکانی دیکەن لە پرۆسەی دروستکردنی بریار و ئیدارەی لۆکاڵی پارێزگاکەدا رۆڵیان نەبێت، ئەم شێوازەی بە درێژایی مێژووی بەعس و بیری شۆڤێنی کاری پێکراوە هەموو کات هەوڵیان داوە کارەکتەری بێگیانی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی عێراق لەناو ریزەکانی خۆیان جێبکەنەوە، بەڵام ئەو کارەکتەرانە بەشێك بوون لە جێبەجێکاری پرانسیپی بەعس نەك نوێنەرایەتیکردنی میللەتەکانیان.ئەم دیاردەیەش لای عێراقییەکان و ئەزموونیان لەگەڵ حکومڕانی بەعس شتێکی نامۆ و نەبووەو هەموو کات ئەو وێنایەیان لەبەرچاوە کە حزبی بەعس بۆ چۆنیەتی چەواشەکردنی رای گشتی هەنگاوی بۆ هەڵگرتووە، هەر بۆیە کاتێك لەگەڵ کەسانی وەك ئەسیل نجێفی و کۆنە بەعسییەکانی دیکە دەکەوینە دانوستاندن کرد بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئیدارەی لۆکاڵی پارێزگایەکی وەك نەینەوا هەست دەکەین بەرنامەی ئەوان بۆ تواندنەوەی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی ئەو شارەیە لە ناو بیری شۆڤێنی بەعسدا، ئەمە لایەنێکی گرنگە بۆ ئەوەی بیکەینە دەروازەیەك و باری ئێستای ئیدارەی لۆکاڵی پارێزگای نەینەوای پێ بخوێنینەوەو بپرسین ئایا بۆچی لیستی برایەتی نەینەوا ناتوانێت لەگەڵ لیستی حەدبا لەناو ئەو ئیدارەیە هاوکاری بکات و بەشدار بێت لەپرۆسەکەدا؟ ئایا مەسەلەکە ئەوەیە کورد داوای ئەوە دەکات خۆی حکومڕانی شاری موسڵ بکات و ئێستا لە هەڵبژاردن دۆڕاندویەتی و ئامادەنییە دەستبەرداری ئەوە بێت ئیدارەی شارەکە تەسلیمی لیستی حەدبا بکات؟ یان جیاوازی و کێشەکان لەوە قوڵترن و بیری شۆڤێنی بەعس رێگە نادات دەروازەیەك بۆ چارەسەرکردن بدۆزرێتەوە؟

## داواکارییەکانی لیستی حەدبا هەوڵێکن بۆ درێژەپێدانەوەی سیاسەتی بەعس

زۆر جار لەلێدوانەکاندا گوێبیستی ئەوە لە ئەسیل نجێفی دەبین کە ئەو هیچ گرفتێکی نییە ئەگەر پۆستی جێگری پارێزگاری نەینەوا یان هەندێك لە پۆستە ئیدارییەکانی ئەو شارە بەکورد بسپێرێت، بەمەرجێ لیستی برایەتی نەینەوا ملکەچی ئەو بڕیارانە بێت کە بەشێوەیەکی دیموکراتییەو بەڕێگەی زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا دەدرێت، ئەم قسانەی ئەسیل نوجێفی ئەگەر بکرێن بەعەرەبی یان بە ئینگلیزیش لای هاوڵاتییەکی ئاسایی عەرەبی عێراق یان عەرەب بەگشتی یان هاوڵاتییەکی ئەمەریکی هیچ کەموکورتییەکی نییە. لەبەر ئەوەی ئەو ئامانجانەی ئەسیل نجێفی و لیستی حەدبا دەیانەوێت جێبەجێی بکەن زۆر بەئاسانی بە رێگەی دەنگی زۆرینە و کەمینەی ناو ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا جێبەجێ دەکرێت، ئەمەش واتە زۆر بە ئاسانی

**لە هەڵبژاردنی پارێزگاکانی ساڵی ٢٠٠٩ لیستی حەدبا هەوڵیدا بۆ تێکدانی پەیوەندی برایانە و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی نێوان کورد و کریستیان، پەنا بۆ تیرۆرکردنی برا کریستیانەکان و تەقاندنەوەی دێر و کەنیسەکان برد**



# ـەوەی کێشەی ناوچە جێناکۆکان و پیشاندانی هێزی دەستوور

**ئەسیل نجێفی دەیەوێت بەرێگەی زۆرینە و کەمینەی هەڵبژاردن دەسەڵاتی دیکتاتۆری دووبارە بسەپێنێتەوە**

**لیستی حەدبا و ئەسیل نوجێفی دەیەوێت بەرێگەی ڕێژەی ٥٠+١ی دەنگی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا ناوچە جێناکۆکەکان لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەربهێنێت**

ئەسیل نجێفی دەیەوێت بەرێگەی زۆرینە و کەمینەی هەڵبژاردن دەسەڵاتی دیکتاتۆری دووبارە بسەپێنێتەوە، لەوانەیە هەندێك بپرسن ئایا ئەو بڕیارانە چین کەوا ئەسیل نجێفی و لیستی حەدبا دەیانەوێت بەرێگەی دیموکراتییانە بڕیاری لێبدەن و وا لیستی برایەتی نەینەوا نایەوێت پێوەی پابەند بێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین لەبەر ئەوەی لیستی حەدبا لە هەڵبژاردنەکانی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ ڕێژەی ٥١٪ی دەنگەکانی پارێزگای نەینەوای بەدەست هێناوە، دەیەوێت ئەم ڕێژەیە بکاتە شەرعییەت دان بۆ ئامانجە شۆڤێنیەکانی، لەوانە:

١- لیستی حەدبا و ئەسیل نوجێفی دەیەوێت بەرێگەی ڕێژەی ٥٠+١ی دەنگی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا ناوچە جێناکۆکەکان لە چوارچێوەی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەربهێنێت و ڕێگەی ئەوەیان لێبگرێت لە میانەی جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و ئەنجامدانی ریفراندۆمی خەڵکانی ئەو ناوچانە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان.

٢- لیستی حەدبا دەیەوێت بەرێگەی دەنگدانی ناو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا ئەو هێزە هاوبەشەی کە پێکهاتووە لە سوپای عێراق، هێزی پێشمەرگە، سوپای ئەمریکا بۆ پارێزگاریکردنی ئاسایشی ناوچە جێناکۆکەکان هەڵبوەشێنێتەوەو بەزەبری هێز هاوڵاتییانی ئەو ناوچانە ناچار بکات بگەڕێنەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی لیستی حەدبا کە هەمان سیاسەتی پێشووی ڕژێمی بەعس درێژە پێدەداتەوە.

٣- لیستی حەدبا دەیەوێت بەرێگەی دەنگدانی ناو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا قائیمقام و بەڕێوەبەرانی ئەو قەزا و ناحیانە بگۆڕێت کە پێیان دەگوترێت ناوچە جێناکۆکەکان و لەجێی ئەوان کەسانی ئەڵقە لەگوێی خۆی دابنێت.

٤- لیستی حەدبا دەیەوێت بەرێگەی دەنگدانی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا ڕێگە لەمافی چارەنووسی برا کلد وئاشورییەکان بگرێت کە دەیانەوێت لە ناو هەرێمی کوردستاندا ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیان هەبێت، هەروەها دەیەوێت بەرێگەی دەنگدانی زۆرینەی ناو ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ درێژە بە و زوڵمە نامرۆڤانەیە بدات کە ڕژێمی بەعس دژ بە هاوڵاتییانی کوردی ناوچەکانی پارێزگای موسڵ ئەنجامیداوە و بەزۆر هەموویانی بەعەرەب نووسیوە، وەك کوردانی پێڕەوی ئایینی یەزیدی، یان شەبەك و گۆران و کەرگەرییەکان،نوجێفی لە لێدوانەکانی بەگشتی و ساڵی پاریش لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گۆڤاری گوڵان زۆر روو قایمانە ئاماژەی بەوەکرد لە سنوری پارێزگای نەینەوا کورد بوونی نییە و ئەوەی هەیە یەزیدی و کەرگەری و شەبەك و گۆران و کریستیانن.

## لیستی برایەتی نەینەوا لە پێناوی چیدا بچێتە ژێر باری ئەم دیکتاتۆرییەتە؟

بۆ ئەوەی هەموو جیهان و عێراقیش لە پەیامی لیستی برایەتی نەینەوا تێبگەن، دەبێت ئاماژە بەو چەند وتە کورتەی سەرۆکی کوردستان بکەین کە لەسەردانی ئەم دواییەی بۆ ئەمەریکا و راستەوخۆ بەسەرۆك ئۆباماى راگەیاندبوو: (( ئێمە جارێکی دیکە ناتوانین لە عێراقێکدا بژین دیکتاتۆر حوکمرانی بکات)) گرنگە لەم وتە کورتەی سەرۆکی کوردستانەوە شرۆڤەی هەڵوێستی مەبدەئی لیستی برایەتی نەینەوا بکەین و دەبێت لەوە تێبگەین مەبەست لە دیکتاتۆر چییە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین:

أ- دیکتاتۆر هەر ئەو کەسە نییە کە بەرێگای کودەتای سەربازی دەسەڵات دەگرێتە دەست یان دەبێتە حکومڕان، بەڵکو زۆرجار دیکتاتۆر لەسندوقەکانی دەنگدانەوە دروست بوون وەك هیتلەر و سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ، هەموو جیهان بینی چۆن دیکتاتۆرییەتی هتلەر بۆ ماوەی نزیکەی پەنجا ساڵ ئەڵمانیای دابەشکرد و چۆن دیکتاتۆرییەتی میلۆسۆڤیچ یوگسلافیای پێشووی لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان سڕییەوە، ئەمە گرنگە بە قووڵی ئێمە لێی تێبگەین و گرنگە عێراقییەکان و ئەمریکییەکانیش لێی تێبگەن ئەگەر بوار بەدیکتاتۆرییەت بدرێت ئەوا شتێك نامێنێتەوە ناوی عێراق بێت، هەروەك چۆن ئێستا دیکتاتۆرییەتی ئەسیل نوجێفی ئیدارەی لۆکاڵی پارێزگای نەینەوای دابەشکردووە.

ب- ئامانجی دیکتاتۆر ئەوجا بەهەر ڕێگەیەك بێتە دەسەڵات ئەوەیە بڕیارەکانی خۆی جێبەجێ بکات و بەهیچ جۆرێك هەڵوێست و بۆچوونی لایەنەکانی دیکە لەبەر چاو نەگرێت، دیکتاتۆر حەزدەکات



كــه بڕیارەكانی شــەرعییەتی دیموكراتی وەربگرێت، هەروەك چۆن كالیگۆلا دەویست بڕیارە تاكڕەوییەكانی شەرعییەتی یاسایی وەربگرێت.

ت- دیكتاتۆر دەیەوێت باجی جێبەجێكردنی بڕیارەكانی بكات بەخەڵات بۆ بەرامبەر و دەگەڕێت بەدوای كارەكتەری كارتۆنی بۆ ئەوەی شەرعییەت بۆ بڕیارەكانی دروست بكات و وای پیشــان بدات هەموو لایەك بەشدارن لە دروستكردنی بڕیاردا، ئەمەش چۆن ئێستا ئەسیل نوجێفی هەوڵی بۆدەدات و داوا لە لیستی برایەتی نەینەوا دەكات كە ئەوان وەك لیستی حەدبا ڕازین بە بەشداری لیســتی برایەتــی لە ئیــدارەی لۆكاڵی پارێــزگای نەینەوا، بەمەرجێك لیســتی برایەتــی ملكەچــی بڕیارەكانی زۆرینەو كەمینەی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا بێت، ئەم سیاســەتە دەقا و دەق هاوشێوەی پیادەكردنی سیاسەتەكانی پێشووی بەعس و سەدام بوون بەرامبەر بە كوردستانییەكان و شۆڕشــەكانیان، ئەو ڕازی بوو جێگری ســەركۆماری عێــراق كوردبێــت، بەڵام ڕازی نەبوو كورد لەپرۆســەی دارشــتنی بڕیاری سیاســیی عێراقدا بەشــدار بێت. ئەمە نموونەیەكی باشــە بۆ ئەوەی زیاتر لە ئامانجە شــارەواكانی لیستی حەدبا و ئەســیل نوجێفی تێبگەین و دەیانەوێت بە پێدانی چەند پۆســتێك بە لیستی برایەتی نەینەواو، لیســتی برایەتی نەینەوا ناچار بكات فەرمانەكانی ئەوان جێبەجێ بكات.

## كێ دۆڕاندی؟

كێشەی وڵاتانی فرە ئیتنی و فرە ئایینی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەوەیە كە مافی نەتەوەو ئایینە جیــاوازەكان بەپێی ڕێژەی دەنگدان مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت و ئەو مافە سروشتییەی نەتەوەوئایینە جیاوازەكان هەیە دەكرێنە قوربانی زۆرینەو كەمینە، ئەگەر لەم لایەنەوە ئەم باســە لەگەڵ ناوچەكانی ئێستای ژێر دەسەڵاتی حكومەتی هەرێمی كوردستان دیاریبكەین، ئەمە وەك ئەوە وایە حكومەتی هەرێمی كوردســتان بەبرا كلدو ئاشــوری وتوركمانەكان بڵێــت، من ڕازیم لەحكومەتی هەرێمی كوردستان توركمان و ئاشوری وەزیریان هەبێت، بەڵام دەبێت كلدو ئاشور و توركمانەكان ئەو بڕیارانە جێبەجێ بكەن كە بەزۆرینەی دەنگ لە پەرلەمانی كوردســتان دەدرێــن، ئەمــەش واتە هەر بۆنموونە ئەگەر زۆرینەی پەرلەمانتارانی كورد لەناو پەرلەمــان دژی ئەوە بوون كە توركمان و ئاشوورییەكان بەزمانی زگماكی خۆیــان بخوێنن، یــان دژی ئەوە بوون كە خۆیان كاروبارەكانی خۆیــان بەڕێوەبەرن، لەبەرامبــەردا داوابكرێــت لەبــەر ئەوەی توركمــان و ئاشــورییەكان وەزیرێكیــان پێــدراوە لەحكومــەت دەبێــت ملكەچی دەنگی زۆرینــەی پەرلەمانتارە كوردەكان بــن، ئەمەمــان بۆیە لەســەر پەرلەمانی كوردستان بە نموونە هێنایەوە بۆ ئەوەی بە خوێنەرانی خۆمان بڵێین ئەگەر پەرلەمانی كوردستانیش بەمشێوەیە ڕەفتار لەگەڵ ئەو نەتەوانە بكات كە بەژمارە لە كورد كەمترن، ئەویش هەر ڕەفتارێكی دیكتاتۆریانەیە.

لێرەوە بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە ســەر لیستی برایەتی نەینەواو ئاستی دەنگەكانی لە هەڵبژاردنی پارێزگای نەینەوا لە ســاڵی ٢٠٠٩ دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بكەین كە كوردستانییەكانی دەڤەری پارێزگای نەینەوا بە ڕێژەی ٣٣٪ دەنگیان داوە بەلیستەكەی خۆیــان و كوردســتانییەكانی نەینەواش هەر ئەو ڕێژەیە لە ژمارەی دانیشــتوانی ئەو پارێزگایــە پێكدەهێنن و لەكۆی ٣٩ كورسی ئەنجوومەنی پایزگای نەینەوا ١٣ كورســی بەدەست هێناوە، بە بەراوردیش لە نێوان ئــەو ڕێژەی دەنگەش لەگەڵ ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی كوردستانییەكانی ئەو دەڤــەرە دەبینین لیســتی برایەتی نەینەوا گەورەترین ســەركەوتنی بەدەســتهێناوە، بۆیــە گرفتەكــە لەودا نییە كە لیســتی برایەتــی نەینەوا دەنگی كــەم هێناوە یان دەنگــی زۆری هێنــاوە، بەڵكو گرفتەكە ئەوەیە لەناو لایەنە سیاسییەكانی عەرەبی موسڵ لایەنە دیموكراتیخوازەكان شكستیان هێناوە و شــۆڤێنی و كۆنە بەعســییەكان سەركەوتوون، بۆیە لیستی برایەتی نەینەوا چەند هەوڵدەدات ڕێگــە چارەیەك بۆ ئەم تەنگژەیە بدۆزێتەوە ئیدارەیەكی هاوسەنگ لە پارێــزگای نەینەوا پێكبهێنرێت، دەبینن لیســتی حەدبا دەســتبەرداری خواســتە شــۆڤێنی و دیكتاتۆرییەكانــی خــۆی نابێتەوە.

## چۆن مامەڵە لەگەڵ كێشەی موسڵ بكەین و چۆن ئەم كێشەیە بكەینە وانەیەک بۆ عێراقییەكان

لەساڵی ١٩٩٣ گراهام فۆللەر بەڕێوەبەری پێشووی CIA لە وتارێكیدا بەناونیشانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ كە لە گۆڤاری فۆرن ئەفێرز بڵاویكردۆتەوە، ئاماژەی بەوەكردبوو دەبێت هەوڵەكان بۆ پاراستنی یەكپارچەیی عێراق دەبێت هەوڵی دیموكراتیانە بن، لەبەر ئەوەی ئەگەر هەوڵبدرێت بەزەبری هێز ئەو یەكپارچەیە بپارێزرێت، ئەوا ئەو یەكپارچەیە شایســتەی پاراستن نییە،ئێســتا دوای تێپەڕبوونی هەڤدە ســاڵ بەسەر ئەو وتارە دەبین ئەو وتارە بۆ ئێستاش هەمان بایەخی ئــەو ڕۆژەی هەیە كە ئەو پێشــبینییەی بۆ ئاییندەی عێــراق تیاكراوە،ڕەفتارەكانی ئەم دواییەی ئەســیل نجێفیش لە سنوری ئیدارەی لۆكاڵی موســڵ جارێكی دیكە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێتەوە كە یەكپارچەیی وڵاتێك بە زەبری هێــز ناپارێزرێت، ئەمە وانەیەكی باشــە ئەگــەر عێراقییەكان و ئیدارەی ئێســتای ئەمەریكاش هەوڵبدەن ســوودی لێوەربگــرن، بــەوەی عێراق بە ڕێگەی دیموكراتی و بەشــداری هەموو پێكهاتەكانــی لەدروســتكردنی بڕیــارە سیاســییەكان دەپارێزرێت نەك بەڕێگەی زەبــر و زەنگ و ترس و تۆقاندن، ئێســتا لە ســنوری پارێــزگای موســڵ لەبەر ئەوەی كورد بەرپــرس نییە لە لەتكردنی ئیــدارەی لۆكاڵی پارێــزگای نەینەوا و ئەســیل نجێفی بەرپرســە لە ڕەتكرنەوەی دەستوور و پێشلكردنی دەستووری عێراق، بۆیە كورد و كوردســتانییەكان بەو پەڕی بڕوابــوون بەخۆیان بەرگری لە دەســتوور دەكەن و خۆیان لــەو ئیدارەیە جیادەكەنەوە كە دەستووری عێراق پێشێل دەكەن،.لێرەوە گرنگە هەموو كوردستانییەكانی سنووری جوگرافی و مێژووی هەرێمی كوردستان لەســەر چۆنیەتی مامەڵەكــردن لەگەڵ كێشــەی موســڵ هاودەنگ بن و ڕێگە نەدەن ئەســیل نجێفی و لیســتی حەدبا ســەرەتا گەڕانــەوەی دیكتاتۆرییەت بن بــۆ عێراق و بەهیچ جۆرێــك نەچنە ژێر باری ئەو داواكارییانەی لیســتی حەدبا بــۆ ئیدارەی لۆكاڵی پارێــزگای نەینەوا داوای دەكات. ئــەم حاڵەتــەش وەك بەگژداچوونەوەی شــۆڤێنیەكانە بەرووی دەســتووری عێراقــدا، ئەگــەر هەموو ڕێگەكــان لەوەگرت ئەم شــۆڤێنیانە لەم بەگژداچوونەوەیە ســەركەوتوو نەبن، ئەوا لە موســڵەوە كێشــەی ناوچە جێناكۆكان هەنگاو بۆ چارەسەركردنی هەڵدەگیرێت و هێزی دەســتووریش بەتەواوەتی بۆ هەموو لایەك دەردەكەوێت.



**(( ئێمە جارێكی دیكە ناتوانین لە عێراقێكدا بژین دیكتاتۆر حوكمڕانی بكات)) گرنگە لەم وتە كورتەی سەرۆكی كوردستانەوە شرۆڤەی هەڵوێستی مەبدەئی لیستی برایەتی نەینەوا بكەین**

**ئەگەر بوار بەدیكتاتۆرییەت بدرێت ئەوا شتێك نامێنێتەوە ناوی عێراق بێت ، هەروەک چۆن ئێستا دیكتاتۆریەتی ئەسیل نوجێفی ئیدارەی لۆكاڵی پارێزگای نەینەوای دابەشكردووە**



ئەحمەد یوسف موسا نوێنەری نەینەوا لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:

# لیستی حەدبا هیچ ئایدۆلۆژیەتێکی نییە تەنیا شتێک ئەندامانی ئەم لیستە کۆبکاتەوە دژایەتیکردنی کوردە

**ئەحمەد یوسف موسا نوێنەری پارێزگای نەینەوایە لەناو لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، سەبارەت بەرەوشی ئێستای بارودۆخی ئیدارەی لۆكاڵی شاری موسڵ و ڕەفتارەکانی لیستی حەدبا و ئەسیل نجێفی پارێزگاری موسڵ بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

> لیستی حەدبا لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی کورد توانیویەتی دەنگ کۆبکاتەوە و لە موسڵ سەرکەوتوو بێت، بە هەمان شێوە چەند هێز و لایەنێکی دیکەش هەن کە هەوڵدەدەن لە ڕێی دژایەتیکردن و دوژمنایەتیکردنی کوردەوە هەوڵی ڕاکێشانی دەنگ و متمانەی دەنگدەران بدەن

*** ئایا ئێوە دۆخی ئەمنی و سیاسی ئاڵۆزی موسڵ چۆن دەبینیت؟ هەروەها چۆن لە هەڵوێستی هێزەکانی ئەمەریکا دەڕوانیت کە پشتگیری لە چوونی پارێزگای موسڵ دەکەن بۆ ناوچە کوردییەکانی ئەو پارێزگایە؟**

- لە ڕاستیدا بارودۆخەکە زۆر ئاڵۆزە، هەروەها هیچ چارەسەرێکی ئاسانیش بۆ ئەم دۆخە ئاڵۆزە لە ئارادانییە، هۆکارەکە بۆ عەقڵییەتی لیستی حەدبا و ئەسیل نوجەیفی و ئوسامە نوجەیفی دەگەڕێتەوە کە ئەوان بە هەموو شێوەیەك بوونی کورد ڕەتدەکەنەوە، تەنانەت لەم دواییانەشدا ئەوەمان گوێ لێبوو کە لێدوانیان داوە گوایە دهۆك مەسیحییە و هەولێر تورکمانە و شتی لەو شێوەیە، کەواتە دیارە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ کەسێك ئەمە بیرکردنەوەی بێت ئاسان نییە. ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵوێستی هێزەکانی ئەمەریکاوە، من پێم وایە ئەمەریکییەکان لایەنیگری لایەنێکی دیاری کراو ناکەن دژی کوردەکان و کوردەکان فەرامۆش ناکەن، بۆ نموونە دەتوانین لەم ڕووەوە ئاماژە بە پێکهێنانی هێزی هاوبەش بکەین لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کە بە باوەڕی من ئەمە لە بەرژەوەندی کوردە و وەك دانانی سنورێکە بۆ هەرێمی کوردستان، چوونیشیان لەگەڵ ئەسیل نوجەیفی بۆ هەندێ ناوچەی وەك تلكێف ڕەنگە لەسەر ئەو ئەساسە بێت کە ئەو پارێزگای موسڵە و دەتوانێت سەردانی ئەم ناوچانە بکات لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە پارێزگای موسڵن.

*** بەڵام ئێمە دەزانین کە لیستی برایەتی لە ئیدارەی پارێزگای موسڵ کشاوەتەوەو ئەو ناوچانەی ئاماژەیان پێدەکەین پەیوەندییان بە ئیدارەی پارێزگای موسڵەوە نەماوە و هاوپەیمانێکی دیکە بەڕێوەی دەبات و حاڵی حازر دەرگایەکی داخراو لە نێوان لیستی برایەتی و لیستی حەدبادا هەیە، ئایا چۆن بتوانین ئەم گرێ کوێرەیە بکەینەوە؟**

- من پێشتریش پرسیارم لە بارەی یاسایی بوونی دروستکردنی ئەنجومەنێکی دیکە کرد غەیری ئەو ئەنجومەنی پارێزگایەی ئێستا هەیە، وەڵامەکە ئەوە بوو کە ئەمە لە ڕووی یاساییەوە مومکینە، لەبەر ئەوەی ناکرێت ئەو ناوچانە بێ خزمەتگوزاری و لە بۆشاییەکی ئیداریدا بمێننەوە، هەروەك چۆن پێشتریش حکومەتی بەغدا لە هەرێمی کوردستان کشایەوە و دواتر خۆمان ئیدارە و حکومەتی خۆمان دروست کرد، لەبەر ئەوەی ناکرێت درێژە بەو بۆشاییە ئیدارییە بدرێت کە دروست بووە، چونکە ڕاستە ئەو ناوچانە بە ڕەسمی سەر بە پارێزگای موسڵن، بەڵام بە فیعلی لە ژێر دەسەڵاتی لیستی حەدبادا نەماون.

*** باشە بۆچی ئەمەریکییەکان هەوڵی هێنانەدی تێگەیشتنێکی هاوبەش نادەن لە نێوان هەردوولادا، ئایا جیاوازییەکان ئەوەندە گەورەن، یاخود ئایا لیستی برایەتی مەرجێکی تەعجیزیی داناوە بۆ ئەوەی قبوڵ نەکرێت؟**

- لە ڕاستیدا مەسەلەکە بۆ خودی لیستی حەدبا دەگەڕێتەوە، ئەم لیستە هیچ ئایدلۆژیایەکی سیاسی نییە جگە لە دژایەتیکردنی کورد نەبێت، چونکە ئەگەر سەیری ئەندامانی لیستەکە بکەیت دوژمنایەتی کورد نەبێت هیچ شتێکی هاوبەش لە نێوانیاندا نییە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووەو لە لێدوانەکانیاندا، بۆ نموونە ئەوان داوای ئەوە دەکەن دەبێت پێشمەرگە بکشێتەوە لە ناوچە کوردییەکان، دەسەڵاتی قەزا و ناحییەکان بە تەواوەتی بکەوێتە ژێر دەستی خۆیان لە کاتێکدا بە پێی یاسا قەزا و ناحییەکان دەسەڵاتێکی تایبەتیان هەیە، ئێ باشە کە ئەوان ئیعتیراف بە یاسا ناکەن کە داوای دابەشکردنی دەسەڵاتی کردووەو داوای کشانەوەی پێشمەرگە بکەن کە لیستی برایەتی قبوڵی ناکات چۆن دەتوانین بگەینە ڕێککەوتن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

*** ئێمە دەزانین موسڵیش هاوشێوەی کەرکوکە، کە لە کەرکوکدا کورد زۆرینەیە، بەڵام ئامادەیە کەمینەکانی بەشداری پێبکات لە دەسەڵاتدا، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار ڕای گشتی لە دژی کوردە دەوروژێنرێت، کەچی لە موسڵدا لیستی حەدبا ئامادەنییە لیستی برایەتی بەشداری پێبکات و ڕای گشتیش هیچ کاردانەوەیەکی نییە، ئێوە ئەم بانێکە و دوو هەوایە چۆن دەخوێننەوە؟**

هاوپەیمانی کوردستان
٣٧٢

- من پێم خۆشـــە ئاماژە بەوە بکەم کە دەبوو لە شـــارەکانی کوردســـتاندا وەك هاوسۆزی و هاوهەڵویســـتییەك لەگـــەڵ شـــەقامی شـــیعەکاندا خۆپێشـــاندان بکرایـــە دژی هەوڵەکانی گەڕاندنەوەی بەعســـییەکان بۆ ژیانی سیاســـی، ئەمە لە کاتێکدا کوردیش کارەســـات و نەهامەتییەکـــی زۆری بینی بەدەســـتی بەعســـییەکان، هەروەها لەکاتی لە سێدارەدنی عەلی حەســـەن مەجییدا کە خۆپیشاندان کرا لە شارە شیعەکاندا باس لەوە دەکرا کە ئەم کەســـە تاوانی دژی هەڵەبجە ئەنجام داوە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت لە ڕێی ئەم هاوهەڵوێســـتی و هاوسۆزی دەربڕینەوە کار بۆ ڕاکێشانی شـــەقامی شیعە بکەین، چونکە ئەگەر ئێمە ناکۆکییەکیشمان هەبێت لەگەڵیانـــدا ئـــەوا لە ســـنوری حکومەتی بەغدادایە و ناکۆکییەکانی ئێمە لە موســـڵ و کەرکوك و دیالەش لەگەڵ سوننەکاندایە. دەبێت ئاگاداربین کە لە ڕاگەیاندنی عەرەبیدا باس لەوە دەکرێت کە لە دوای ڕوخانی ڕژێمی پێشوو کوردەکان لە هەرێمی خۆیاندا حاکم و هەروەها لە بەغداش حاکمن، واتە حەملەیەك هەیە لەم ڕووەوە لە دژی کورد و دەبێت ئێمە کار بۆ ئیحتیواکردنی بکەین، چونکە دەبێت ئەو ڕاســـتییەمان لەبەرچاوبێت کە لیستی حەدبا لەســـەر بنەمای دژایەتیکردنی کورد توانیوێتی دەنگ کۆبکاتەوە و لە موســـڵ ســـەرکەوتووبێت، بە هەمان شێوە چەند هێز و لایەنێکی دیکەش هـــەن کە هەوڵدەدەن لە ڕێـــی دژایەتیکـــردن و دوژمنایەتیکردنی کوردەوە هەوڵی ڕاکێشانی دەنگ و متمانەی دەنگدەران بدەن و دەبێت لەم ڕووەوە وورپابین و کار بـــۆ کەمکردنـــەوەو ئیحتیواکردنـــی کاریگەرییەکانی بکەین.

*** باشـــە بۆچی ئەم خۆپیشاندانانە ناکرێن، هۆکارەکان چین؟ ئایا خەڵك خۆی ئامادەی ئەم هەســـت دەربڕینە نییە، یاخود مەسەلە پارتە سیاسییەکانن؟**

- ســـەرەتا من دەمەوێت ئـــەوە بڵێم کە ئێمە دەتوانین هەندێ شت بکەین کە هیچ لەسەر ئێمە ناکەوێت، بۆ نموونە ئەگەر خۆپیشاندان بکرێت ئـــەوا وا لێکدەدرێتەوە کە ئەوە ڕای گشـــتییە و هەڵوێســـتی خۆی دەردەبڕێ، هەروەها ئەم خۆپیشـــاندانانەش کاریگەری خۆیان هەیە، بۆ نموونە ئەمەریکا ویســـتی بە شـــێوەیەك لە شـــێوەکان بەعســـییەکان بگەڕێنێتەوە بۆ ناو پرۆسەی سیاسی، بەڵام کاتێك بینیی خەڵك خۆپیشـــاندان دەکات و نارەزایی دەردەبڕێت، بۆی دەرکەوت ناتوانێت دژایەتی خەڵك بکات. ئەوەی پەیوەست بێت بـــە هۆکارەکانەوە، ڕەنگە هۆکارەکان زۆربن، ڕەنگە پارتە سیاسییەکان خوازیاری ئەوەنەبن ئەم خۆپیشـــاندانانە بکرێـــن، یاخود ڕەنگە بیریـــان لێنەکردبێتەوە، یاخود وەك پێویســـت خەڵکیان هان نەداوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، واتە وەڵامی ئەم پرســـیارە لای دەســـەڵاتی سیاسییە.

*** ئایـــا چ ڕێگاچارەیەك هەیە بۆ دەرچوون لەو قەیرانەی لە پارێزگای موسڵدا دروست بووە، دەبێت کورد لەم ڕووەوە چ هەوڵێك بدات و چ هەنگاوێك بگرێتەبەر؟**

- ڕەنگـــە ڕێگاچارەکـــە دروســـتکردنی ئەنجومەنێکی تایبـــەت بێت بەو ناوچانەی زۆربەی دانیشتوانەکانیان کوردن، کە دەبێت لەم ڕووەوە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان بودجەبەکی تایبەتـــی بۆ دابین بکات، واتە دەبێت لـــە ڕووی مـــاددی و مەعنەوییەوە پشـــتگیری لێبکات، چونکـــە حکومەتی عێراق بودجەی بۆ دابین ناکات، ئەو بودجە دەداتـــە پارێزگا. هەروەها ئەگـــەر ئێمە بە عەقڵانی و بە هۆشـــیارییەوە لە مەسەلەکە بڕوانین ئەوا لیســـتی حەدبا خۆی ماددەی ١٤٠ی جێبەجێکـــردووە، چونکە ئەگەر ئەو تۆ قبوڵ نەکات لەو ناوچەنەدا، تۆ ناچاریت خۆت جیابکەیتەوە و ئەنجومەنێکی تایبەتی بۆ خۆت پێکبهێنێت. هەروەها دەبێت لایەنی ئیشـــکردن لەگەڵ نەتـــەوە یەکگرتووەکان و هێزەکانی ئەمەریـــکاش فەرامۆش نەکەین، مەبەســـتم ئەوەیە دەبێت هەڵوێستی حەدبایان بـــۆ ڕوون بکەینەوە کە ئـــەوان بوونی کورد قبوڵ ناکـــەن و ئێمـــە دەبێت لـــەم ڕووەوە ڕێگاچارەیەکی دیکەمان هەبێت.

> **ئەگەر ئێمە بە عەقڵانی و بە هۆشیارییەوە لە مەسەلەکە بڕوانین ئەوا لیستی حەدبا خۆی ماددەی ١٤٠ی جێبەجێکردووە، چونکە ئەگەر ئەو تۆ قبوڵ نەکات لەو ناوچەنەدا، تۆ ناچاریت خۆت جیابکەیتەوە و ئەنجومەنێکی تایبەتی بۆ خۆت پێکبهێنێت**

*** ئێمـــە دەزانین کە هەڵمەتـــی هەڵبژاردن دەســـت پێدەکات، پرســـیارەکە ئەوەیە چی بکەین بۆ ئەوەی خەڵك بە گەرم و گوڕییەوە بچێت دەنگ بدات بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی لە بەرژەوەندی لیســـتی حەدبا نەبێت و ئەم لیستەش ئەو دەرئەنجامانە نەکات کارتێکی فشار و بەکاری بهێنێت؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە ئەمە مەسەلەیەکی نیشتمانییە و پەیوەندی بە هیچ پـــارت و لایەنێکی سیاســـییەوە نییە، دواتر دەمەوێت ئاماژە بـــە خاڵێکی زۆر گرنگ بکـــەم لێرەدا ئەویش بریتییە لە پشـــتگیری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو ناوچانە، لـــە ڕێـــی دابینکردنی خزمەتگـــوزاری و تەنانەت لە ڕێی بوونی نوێنەری سیاسی ئەو ناوچانە لە هەرێمی کوردســـتاندا، بۆ ئەوەی خەڵکی ئەو ناوچانە هەست بە ئینتیما بکەن بۆ کوردســـتان و هەست بکەن کە بە شیتکن لەم هەرێمـــە ئەگەرچی لە ١٧ ی بودجەی هەرێمی کوردستانیش بۆ ئەو ناوچانە تەرخان نەکراوە، بەڵام پشتگیری کردنی کوردستان لە ڕووی مـــاددی و مەعنەوییەوە زۆر گرنگە بۆ ئەو ناوچانە.





فردریك هەنتەر بۆ گوڵان:

# هەرگیز پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بە تەواوەتی لەیەکتری تێناگەن بۆیە پێویستیان بە گەرەنتی نێودەوڵەتی هەیە

**فردریك رۆبەرت هەنتەر ئوستادی مێژووە لە زانکۆی ئیندیانا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەراست و عێراق چەندین کتێبی لەسەر کێشەکانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست نووسیوە بۆ قسەکردن سەبارەت بە رەوشی سیاسیی ئێستای عێراق و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی پرۆفیسۆر هەنتەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنێت بە تایبەتی کە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان نزیك دەبینەوە؟**

- من هەڵبژاردنەکان بە هەنگاوێکی ئیجابی دەبینم، هەرچەندە هەنگاوێکی سستیشە و هاوشانە بە چەندین کێشە، بەڵام ئەمە جوڵە و هەنگاوێکی ئیجابییە. بەڵام ئەمەش شتێکی سروشتی و قابیلی تێگەیشتنە، لەبەر ئەوەی عێراق رووبەرووی چەندین کێشە بۆتەوە.

*** پێشبینی هەڵکشانی توندوتیژی دەکرێت بەهۆی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانەوە، تا چ رادەیەك لەگەڵ ئەمەدا هاوڕایت؟**

- هەندێ لایەن کە دژی پرۆسەی دەنگدانەکەنە هەوڵی هەڵکشاندنی توندوتیژی دەدەن، بەڵام من پێم وانییە ئەم توندوتیژییانە ببنەهۆی پەکخستنی پرۆسەکە.

*** هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی هەڵپەسێردراوی هەیە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراقدا، وەك کێشەی کەرکوك و ماددەی ١٤٠ و هتد، ئەمە بۆتە هۆی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان هەردوولادا، ئایا هۆکاری نائامادەیی حکومەتی عێراق چییە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، ئەمە لە کاتێکدا لە دەستووردا میکانیزمەکانی چۆنیەتی چارەسەرەکردنی ئەم پرسانە روونکراونەتەوە، ئایا لە دەرەوەی دەستوری عێراقدا هیچ رێگاچارەیەکی دیکە هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە؟**

- دەبێت کوردەکان ئەو راستییەیان لەبەرچاوبێت کە ئەوان ناتوانن بە تەنها لە باکوری وڵاتەکەدا بەردەوامی بە دۆخی خۆیان بدەن، بەڵکو دەبێت لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا کاربکەن، ئەو میکانیزمانەی کە ئێوە ئاماژەی پێدەکەن کە لە دەستووردا هاتوون بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بە شێوەیەك نووسراونەتەوە کە پێگەیەکی خراپ دەدات بە عەرەبەکان و بە شیعەکان، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە عەرەبەکان بەرهەڵستی جێبەجێکردنی دەکەن، لەبەر ئەوە پێم وایە دەبێت کوردەکان داواکارییە ناسیۆنالیستییەکانیان کەم بکەنەوە و کار لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا بکەن.

*** ئێمە دەزانین کوردەکان لە کەرکوکدا زۆرینەن، بەڵام ئامادەی دابەشکردنی دەسەڵاتن لەگەڵ تورکمان و عەرەب و مەسیحییەکانی ئەو شارەدا، لەگەڵ ئەوەشدا لەم رووەوە پشتگیری لە کوردەکان ناکرێت، هۆکارەکە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- لەبەر ئەوەی گومان هەیە لە ئاست کوردەکان، گومان هەیە کە کوردەکان هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆییەکی سیاسی تەواو دەدەن، هەروەها لەبەر پەیوەندییە ئیتنییەکان، بۆ نموونە دەوڵەتە عەرەبییەکان پشتگیری عەرەبەکان دەکەن، لەبەر ئەوە ئەمە پرسێکی ئاڵۆزە.

*** ئایا هەڵویستی ئەمەریکا چییە لە ئاست ئەم مەسەلەیەدا؟**

- من پێم وانییە ئەمەریکا هیچ هەڵوێستێکی هەبێت لەم رووەوە.

*** بەڵام ئایا ئەمەریکا زیاتر پشتگیری حکومەتی مەرکەزی عێراق ناکات لەسەر حسابی کوردەکان؟**

- راستە ئیدارەی ئۆباما زیاتر پشتگیری لە حکومەتی مەرکەزی عێراق دەکات، بەڵام ئەگەر ئەم کارە نەکات ئەوا عێراق بەرەو هەرەسهێنان و دابەشبوون دەچێت.

*** راوبۆچونی ئێوە چییە لە سەر هەوڵەکانی دوورخستنەوەی کورد لە ئیدارەی پارێزگای موسڵ و هەوڵدان بۆ دووبارە بە عەرەبکردنی ئەو ناوچانەی پێشتر بە عەرەبکرابوون، کە تا ئێستا کوردەکان لەم رووەوە دانیان بەخۆیاندا گرتووە، ئایا چۆن دەکرێت ئەم کێشانە چارەسەربکرێن؟**

- کێشەی موسڵ بە هۆی بوونی نەوت و بە هۆی بوونی پێکهاتەیەکی ئیتنی تێکەڵاوە لەو شارەدا، کە من پێم وایە رەنگە چارەسەرکردنی کێشەی ئەو شارە پێویستی بە ناوبژیوانیکردنی دەرەکی هەبێت، مەبەستم لە دەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا نییە، بەڵکو لایەنێکی نێودەوڵەتییە کە جێی متمانەی هەردوولابێت.

*** ئەمەریکا پێداگیری لە سەر یەکگرتوویی عێراق دەکات، بەڵام ئەمە پێوستە بە لێبوردەی و پێکەوژیانی پێکهاتەکانی عێراق**

**هەیە، هەروەها ئێمە هیچ پشـــتگیرییەك بۆ کوردەکان بەدی ناکەین، پرســـیارەکە ئەوەیە ئایا عێراق بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە؟**

- ئەگــەر حکومەتی مەرکــەزی عێراق و عەرەبـــەکان ئیعتیراف بە ئامانجی کوردەکان بکەن(جگە لە سەربەخۆی ) ئەوا ئەمە دەبێتە هەنگاوێك بۆ پێشـــەوە، بـــەڵام حاڵی حازر هەردوولا بە ترس و بەدگومانییەوە لە یەکتر دەڕوانن و هەوڵی بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی دەدەن، ئەمانە کێشەگەلێکی قورسن و من نازانم بیَ ناوبژێوانێکی دەرەکی چۆن دەتوانرێت ئەم کێشانە چارەسەربکرێن.

*** هەمیشـــە ئەمەریکا داوا لـــە کوردەکان دەکات کار بـــۆ یەکگرتوویی عێراق بکەن، هەروەها سەرۆك بارزانی لە کۆبوونەوەکەیدا لەگـــەڵ ســـەرۆکی ئەمەریـــکا لەلایـــەن سەرۆکی ئەمەریکا هاندرا بۆ ئەوەی کار بۆ لێکنزیککردنەوەی لایەنە عێراقییەکان بکات، ئەمـــەش لەلایەن عەرەبەکانەوە بەو شـــێوەیە تەفسیرکرا کە دەبێت کوردەکان سیاسەتێکی نەرم بگرنەبەر و ســـازش لەسەر مافەکانیان بکەن، پرســـیارەکە ئەوەیە چـــۆن بتوانرێت کار بۆ دروســـتکردنی گیانی پێکەوەژیان و لێکتێگەیشتن لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا بکەین؟**

- من پێم وانییـــە هەرگیز لایەن و پێکهاتە جیاوازەکانی عێـــراق بتوانن بـــە تەواوەتی لەیەکتر تێبگەن، ئـــەوەی دەتوانن ئەنجامی بـــدەن ئەوەیـــە زەمانەتێك بـــۆ تێکڕای ئەو پێکهاتانە دەســـتەبەر بکرێت کە لانی کەمی داوکاری و پێداویســـتیەکانیان بپارێزێت، بۆ نموونە نابێت کوردەکان بیر لە ســـەربەخۆیی بکەنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا مافی خۆیانە پێداگیری لە سەر پاراستنی ئۆتۆنۆمییەکەیان و لەسەر ناسنامەکەیان بکەن لە چوارچێوەی عێراقدا، لەبەر ئەوە دەبێت هەمولایەك بگەنە ڕێککەوتنێك لەسەر ئەو زەمانەتانە و لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە تەسدیق بکرێت.

*** ئێمە لە هەڵبژاردنەکان نزیك دەبینەوە، بەڵام دروشمی لایەنە سیاسییەکان دروشمگەلێکی تائیفـــی، ئیتنـــی و ئاینیـــن، واتـــە هیچ دروشمێکی نەتەوایەتی و نیشتیمانی بەدی ناکەین، پرســـیارەکە ئەوەیە لە دۆخێکی لەم چەشـــنەدا چۆن هەڵبژاردنەکان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن؟**

- بەلەبەرچاوگرتنـــی بارودۆخـــی عێراق، ئەوا تەرکیزکردن لەســـەر تائیفییەت شتێکی حەتمیە و دەبێـــت چاوەڕێی بکەین، لەگەڵ ئەوەشـــدا من هیوادارم دوای هەڵبژاردنەکان میکانیزمێـــك دابنرێت بۆ بەرەوپێشـــبردنی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشـــتمانی و هەوڵی چەســـپاندنی ناســـنامەیەکی نیشـــتمانی هاوبەش بدرێت، هەرچەندە ئەم ناسنامەیە لە نێو عێراقییەکاندا (جگە لە کوردەکان) بوونی هەبـــووە، بەڵام دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت کە لە ڕێی پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتیمانییەوە کار بۆ هێنانەدی ئەم ناسنامەیە بکرێت.

*** ئایـــا ئەم هەڵبژاردنانە چ کاریگەریەکیان دەبێت بەسەر پرۆسەی کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- من پێـــم وایە ئەگـــەر هەڵبژاردنەکان تا ئاســـتێکی دیاریکـــراو بە ســـەرکەوتوویی بەڕێوەبچن، ئەوا ئیدارەی ئۆباما لە نزیکترین دەرفەتدا هێزەکانی پاشەکشە پێدەکات، لەبەر ئەوەی لە ژێر فشارێکی دارایی گەورەدایە، هەروەها لە ژێر فشـــارێکی گەورەی ڕای گشتی وڵاتەکەشدایە.

*** ئەگەری ئەوە هەیە لە دوای کشـــانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دووبارە شەڕی ناوخۆی لە نێوان شیعە و سوننەکاندا سەربەهەڵبداتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە دەبێت کوردەکان چی بکەن بۆ ئەوەی خۆیان لەم دۆخە دوربخەنەوە و نەبنە بەشێك لەو شەڕە لە کاتی بەرپابوونیدا؟**

پێویســـتە کـــوردەکان هەوڵـــی پاراســـتنی هەرێمەکەی خۆیان بدەن و نەبنە بەشێك لەو شەڕە، هەروەها پێویستە داوای هاوکاری لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەن، داوای هاوکاری بکەن بۆ ئەوەی ئەمنیەتـــی هەرێمەکەیان بپارێزرێت نەك بۆ ئەوەی سەربەخۆی سیاسی بەدەست بهێنن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پێویستە کورد ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوبێت کە بـــەردەوام بوونی دۆخـــی هەرێمەکەیان لە مـــەودای دووردا دەوەســـتێتە کارکردن و هاوکاریکردنیان لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی عێراقدا.

**هەڵبژاردنەکان جوڵە و هەنگاوێکی ئیجابییە**

**نابێت کوردەکان بیر لە سەربەخۆیی بکەنەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا مافی خۆیانە پێداگیری لە سەر پاراستنی ئۆتۆنۆمییەکەیان و لەسەر ناسنامەکەیان بکەن لە چوارچێوەی عێراقدا**



هاوپەیمانیی کوردستان
✓ ٣٧٢

هاوپەیمانیی کوردستان
٣٧٢



## پیتەر سلەگلێت بۆ گوڵان:

# بێجگە لەچارەسەرکردنی کێشەکان بە ڕێگەی ئاشتییانە ئەلتەرناتیڤەکانی دیکە مومکین نین

**پرۆفیسۆر پیتەر سلەگلێت کە ئێستا یەکێکە لە بەڕێوەبەری سەنتەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی ئاتا Utah و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر مێژووی کۆلۆنیالیزم و هەروەها لەسەر مێژووی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا لە عێراقدا، کتێبێکیشی لەمبارەوە بە ناونیشانی (بەریتانیا لە عێراقدا) نووسیوە، سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای عێراق و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، پرۆفیسۆر سلەگلێت بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

ئەمەریکا لە کشاندنەوەی هێزەکانی جددیە و خوازیارە زیاتر بایەخ بە چالاککردنەوەی تیمەکانی ئاوەدانکردنەوە لە عێراق بدات

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق هەڵدەسەنگێنیت بە تایبەتی کە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان نزیك دەبینەوە؟ هەروەها چۆن هەڵوێستی ئیدارەی ئەمەریکا دەخوێنیتەوە لە ئاست عێراقدا، بە تایبەتی کە بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراق داوە؟**

- لە ڕاستیدا بۆ من زەحمەتە بتوانم لەم دوورەوە هەڵسەنگان بۆ هەلومەرجەکە بکەم، بەڵام هیوادارم جۆرێك لە ئاشتەوایی لە نێو پێکهاتەکانی عێراقدا بێتەئاراوە. ئەوەی پەیوەندی بە هەڵوێست و سیاسەتی ئەمەریکاوە هەبێت، ئەوا من پێم وایە ئەمەریکا لە کشاندنەوەی هێزەکانی جددیە و خوازیارە زیاتر بایەخ بە چالاککردنەوەی تیمەکانی ئاوەدانکردنەوە لە عێراق بدات.

*** هەرێمی کوردستان چەندین کێشەی هەڵپەسێردراوی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی عێراق هەیە، وەك کێشەی کەرکوك و ماددەی ١٤٠ و هتد، ئەمە بۆتە هۆی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی لە نێوان هەردوولادا، ئایا هۆکاری نائامادەیی حکومەتی عێراق بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە چییە، ئەمە لە کاتێکدا لە دەستووردا میکانیزمەکانی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم پرسانە ڕوونکراونەتەوە، ئایا لە دەرەوەی دەستووری عێراقدا هیچ ڕێگاچارەیەکی دیکە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە هەیە؟**

- لە ڕاستیدا ئەم کێشەیە مێژوویەکی دووردرێژی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سالانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردو، کاتێك کە دەستکرا بە گۆڕینی باری دانیشتوانی شارەکە، لەبەر ئەوە ڕەنگە حکومەتی مەرکەزی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانن بە هەردوولایان چارەسەرێك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە، مەبەستم ئەوەیە ڕەنگە یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە پێویستی بە میکانیزمێکی نێودەوڵەتی و هێنانە ناوەوەی پارێزەری نێودەوڵەتی هەبێت کە هاوکار و یارمەتیدەر بن لە یەکلاکردنەوە و کۆتایی هێنان بەم کێشەیە و ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانی ناکۆکی، هەرچەندە ئەگەری ئەوەش هەیە ئەمە کارێکی کردەنی و مومکین نەبێت، بەڵام من پێم وایە باشترین ڕێیە بۆ ئەوەی ڕێگە لە سەرهەڵدانی ناکۆکی بگیرێت.

*** بەڵام ئایا ئەمەریکا زیاتر پشتگیری حکومەتی مەرکەزی عێراق ناکات لەسەر حسابی کوردەکان؟**

- ئاشکرایە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خوازیارە دوای کشانەوەی هێزەکانی، حکومەتێکی مەرکەزی سەقامگیر لە عێراقدا بوونی هەبێت، بەڵام لەو باوەڕدانیم لە کێشە و ناکۆکی نێوان کورد و عەرەبەکاندا ئەمەریکا پشتگیری لایەنێك بکات دژی لایەنێکی دیکە، ڕەنگە باشتربێت ئەم کێشەیە لە لایەن دادگایەکی نێودەوڵەتییەوە یەکلابکرێتەوە کە زیاتر بێلایەنی ڕەچاودەکات. چونکە ئەگەر لایەنەکان نەگەنە ڕێککەوتنێك لەم ڕووەوە، ئەوا جگە لە پەنابردن بۆ دادگایەکی نێودەوڵەتی ڕەنگە تەنها ڕێگاچارەی شەڕکردن و توندوتیژی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی لایەنەکان پەنای بۆ ببەن. هەرچەندە ئەگەری ئەوەش هەیە کە بڕیاری دادگای نێودەوڵەتی گەڕاندنەوەی کەرکوك بۆ سەر هەرێمی کوردستان بێت، ئەمە زۆر واردە.

*** ئەمەریکا پێداگیری لە سەر یەکگرتوویی عێراق دەکات، بەڵام ئەمە پێوستی بە لێبوردەیی و پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی عێراق هەیە، هەروەها ئێمە هیچ پشتگیرییەك بۆ کوردەکان بەدی ناکەین، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا عێراق بە یەکگرتوویی دەمێنێتەوە؟**

- کێشەکە ئەوەیە بەدیلەکانی دیکە مومکین نین و واقیعی نین، لەبەر ئەوەی نە ئێران و نە تورکیا ڕازی نابن بە سەربەخۆیی و بە بوونی دەوڵەتی کوردی، ئەمە لە کاتێکدا کە بەردەوامبوونی سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی پێویستی بە ڕەزامەندی و پشتگیری ئێران و تورکیا هەیە، ئەمەش ڕوونادات. لەبەر ئەوە هەرچەندە ڕێگاچارەی سەربەخۆیی سەرنجی کوردەکان ڕابکێشێت، ئەوا شتێکی واقیعی نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا چارەسەر ئەوەنییە کە هەرێمی کوردستان دووبارە بکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی بە چەشنی ئەوەی لە ڕابردودا هەبوو، بەڵکو دەبێت هەرێمی کوردستان ئۆتۆنۆمی خۆی بپارێزێت.

*** هەمیشە ئەمەریکا داوا لە کوردەکان دەکات کار بۆ یەکگرتوویی عێراق بکەن، هەروەها سەرۆك بارزانی لە کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا لە لایەن سەرۆکی ئەمەریکا هاندرا بۆ ئەوەی کار بۆ لێکنزیککردنەوەی لایەنە عێراقییەکان بکات، ئەمەش لە لایەن عەرەبەکانەوە بەو شێوەیە تەفسیرکرا کە دەبێت کوردەکان سیاسەتێکی نەرم بگرنەبەر و سازش لەسەر مافەکانیان بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانرێت کار بۆ دروستکردنی گیانی پێکەوەژیان و لێکتێگەیشتن لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقدا بکەین؟**

- بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە رابردوودا بەسەر کوردستاندا هاتووە ئێمە لە گومانی قووڵی کوردەکان تێدەگەین لە ئاست حکومەتی مەرکەزیدا، بەڵام دەبێت کوردەکانیش ئەوە بزانن کە چیتر سەددام حوسێن لە بەغدا نەماوە و ئەوانەی حاڵی حازر لە بەغدان ئەزموونێکی سیاسی تەواو جیاوازیان هەیە، لە هەمان کاتدا پێم وایە باشتر دەبوو ئەگەر ئۆباما بە مالیکی رابگەیاندایە کە دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرێت کە کوردەکان لە رابردوودا نەهامەتی زۆریان لەسەر دەستی حکومەتی بەغدا بینی. لە لایەکی دیکەوە من دەڵێم رێگاچارەی سەربەخۆیی و جیابوونەوە بۆ کوردەکان رێگاچارەیەکی عەمەلی و واقیعی نییە، ئەگەرچی من هاوسۆزییەکی قووڵیشم هەیە بۆ بیرۆکەی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوردستان.

*** ئێمە لە هەڵبژاردنەکان نزیك دەبینەوە، بەڵام دروشمی لایەنە سیاسییەکان دروشمگەلێکی تائیفی، ئیتنی و ئایینین، واتە هیچ دروشمێکی نەتەوایەتی و نیشتمانی بەدی ناکەین، پرسیارەکە ئەوەیە لە دۆخێکی لەم چەشنەدا چۆن هەڵبژاردنەکان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن؟**

- تائیفیەت دیاردەیەکی مەترسیدارە و هاوشێوەی گیانێکی شەڕانییە کە بڵاوبۆوە کۆنترۆڵکردنی زەحمەتە، هەروەها زاڵبوون بەسەریدا و تێپەڕاندنی، پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە و بە شەو و رۆژێك روونادات.

*** بەهۆی نزیکبوونەوەی هەڵبژارنەکانەوە پێشبینی هەڵکشانی توندوتیژی دەکرێت، هەروەها ئەگەری ئەوە دەکرێت دووبارە شەڕی ناوخۆیی لە نێوان شیعە و سوننەکاندا سەرهەڵبداتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە دەبێت کوردەکان چی بکەن بۆ ئەوەی خۆیان لەم دۆخە دووربخەنەوە و نەبنە بەشێك لەو شەڕە لە کاتی بەرپابوونیدا؟**

- لەبەر ئەوەی کوردستان دوورە لەو ناوچانەی کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت ببنە گۆڕەپانی شەڕی ناوخۆی نێوان شیعە و سوننەکان، ئەوا من هیچ هۆکارێکی بەهێز بەدی ناکەم بۆ ئەوەی کوردەکان ببنە بەشێك یان تێوەبگلێن لەو شەڕەی دروست دەبێت، دواتر مەسەلەیەکی دیکە هەیە دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم، من پێم وایە سادەکردنەوەی مەسەلەکانە ئەگەر پێمان وابێت ناکۆکییەکە تەنها لە نێوان شیعە و سوننەکاندایە، بەڵکو ناکۆکی و جیاوازی لە نێوان خودی شیعەکان خۆیاندا هەیە، بۆ نموونە لە نێوان ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی و رەوتی سەدر و حزبی دەعوەدا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- پەیامی من بۆ سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان ئەوەیە کاتی ئەوە هاتووە کە بوار و دەرفەت بە گەنجەکان بدرێت بۆ ئەوەی دەربکەون و جڵەوی کاروبارەکان بگرنەدەست، ئەو گەنجانەی تێڕوانینێکی پێشکەوتنخوازانەتریان هەیە، واتە پێویستە رێگە بە نەوەیەکی نوێ بدرێت دەربکەون، دەبێت رێگە بە گەنجەکان بدرێت بێنە پێشەوە و کێشەکان چارەسەربکەن.

**چارەسەر ئەوەنییە کە هەرێمی کوردستان دووبارە بکەوێتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزی بەڵکو دەبێت ئۆتۆنۆمی خۆی بپارێزێت**

**سەربەخۆیی و جیابوونەوە بۆ کوردەکان رێگاچارەیەکی واقیعی نییە، ئەگەرچی من هاوسۆزییەکی قووڵیشم هەیە بۆ بیرۆکەی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوردستان**



## موحسین سەعدون گەرگەری نوێنەری پارێزگای موسڵ لە پەرلەمانی عێراق بۆ گوڵان:



# دوای چوونی نوجێفی بۆ وانکێ و تلکێف بڕیارێکی هاوبەش لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم دەرچووە کە نابێت بێ پرسی پێشمەرگە سەردانی ئەو ناوچانە بکرێت

**پەرلەمانتار موحسین سەعدون کە یەکێکە لەو کوردانەی پارێزگای نەینەواو ئەسیل نوجێفی نکۆڵی لەوە دەکات کورد بێت، خۆی داوای کرد کە نازناوی گەرگەری بۆ ناوەکەی زیاد بکەین بۆ ئەوەی بزانن کە گەرگەرییەکان ئەو کوردانەن کە نەك هەر نوێنەرایەتی کوردستانییەکانی پارێزگای موسڵ دەکەن، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و لە ناو هاوپەیمانی کوردستان نوێنەرایەتی سەرجەم گەلی کوردستان دەکەن، سەبارەت بەو بارە ئاڵۆزەی کە ئێستا لیستی حەدبا و ئەسیل نوجێفی لەئیدارەی شاری موسڵ دروستیان کردووە، بەڕێز موحسین سەعدون بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

نوجێفی هەمیشە باسی لە نیشتمانپەروەریتی و داگیرکاری هێزەکانی ئەمەریکای دەکرد، بەڵام لە پشتی دەبابەی ئەمەریکییەوە نەبێت نەیتوانی بچێتە ئەو قەزایەوە

*** ئێستا کە گوێمان لە دەنگوباسی شاری موسڵ دەبێت و گوێبیستی ڕەفتارەکانی لیستی حەدبا و ئەسیل نوجێفی دەبین کە دژی لیستی برایەتی نەینەوا و کوردە هەست بە نیگەرانی دەکەین، بۆیە پرسیاری خۆمان لەو خاڵەوە دەست پێدەکەین ئایا تۆ چۆن سەیری بارودۆخی ئێستای موسڵ دەکەیت؟**

- بە داخەوە چەند دەنگێك لە ناو شاری موسڵدا هەن کە خۆیان لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ و پارێزگاری موسڵدا دەبیننەوە، هەست دەکەن دوای ڕووداوەکانی ئەم دواییە لە تلکێف و وانکێ، شەڕی هەڵبژاردن دەدەوڕێنن و چیتر سەنگ و ڕەسیدیان نامێنێ، لەبەر ئەوەی نە خزمەتگوزاری و نە ئەمنیەت و نە دامەزراندن هەیە، هەروەها خەڵك بەدەست بێکارییەوە دەناڵێنن. دەیانەوێت لە ڕێی وروژاندنی مەسەلەی کورد لەو شارەدا فیتنەیەك دروست بکەن و هەوڵبدەن لە ڕێی وروژاندنی ئەم پرسەوە دەنگی زیاتر و کورسی زیاتر بەدەست بهێنن، لەبەر ئەوە ئێمە بە وردی چاودێری بارودۆخەکە دەکەین و لە ڕێی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە داوا لە پارێزگاری موسڵ دەکەین ئەو چەند کوردە بێتاوانانەی کە دەستگیریان کردوون، ئازادیان بکەن.

*** ئەوەی ئێمە گوێبیستی بووین ئەوەیە نوجێفی بە پاسەوانی هێزەکانی ئەمەریکا چۆتە ئەو ناوچانە، ئایا لەم چوارچێوەیەدا چۆن لە هەڵوێستی هێزەکانی ئەمەریکا دەڕوانیت کە پشتگیری لە چوونی پارێزگاری موسڵ دەکەن بۆ ناوچە کوردییەکانی ئەو پارێزگایە؟**

- ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانەوە بینیمان، ئەسیل نوجێفی بۆ ماوەی سێ سەعات لە لایەن دانیشتوانی تلکێفەوە ڕێگەی لێگیرابوو، نەیاندەهێشت بچێتە ئەو شارۆچکەیەوە، دواتر هێزەکانی ئەمەریکا کە لەو ناوچەیەدابوون هاتنە پێشەوە، من دەڵێم ئەوەی ڕوویدا شتێکی زۆر سلبی بوو لەسەر پارێزگار، لەبەر ئەوەی ئەو هەمیشە باسی لە نیشتمانپەروەریتی و داگیرکاری هێزەکانی ئەمەریکای دەکرد، بەڵام لە پشتی دەبابەی ئەمەریکییەوە نەبێت نەیتوانی بچێتە ئەو قەزایەوە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەم ڕووداوە زیاتر ڕەنگدانەوەی سلبی هەبوو لەسەر پارێزگار، وەك ئەوەی لەسەر ئێمە هەیبێت. ئێمە چاودێری دۆخەکە دەکەین و دەبێت هێزەکانی ئەمەریکاش ڕێز لە دیموکراتییەتی عێراق بگرن و دەستکەوتە دەستوورییەکان بپارێزێت.

*** بەڵام کێشەکە تەنها کێشەی چوونی نوجێفی بۆ وانکێ و تلکێف نەبوو، بەڵکو ئێستا پارێزگاری موسڵ هەوڵدەدات کێشە بۆ قائیمقامی شنگال دووروست بکات، کێشەکەشی بە کێشەی یاسایی لەقەڵەم دەدات نەك سیاسی، ئایا کێشەی قائیمقامی قەزای شنگال کێشەیەکی یاساییە یان دەستووری؟**

- لە ڕاستیدا لیستی حەدبا هەوڵ دەدات کێشە بۆ هەموو ئەو یەکە ئیدارییانە دروست بکات کە لیستی برایەتی تێیاندا براوە بووە، هەروەها ئێمە لە لیژنەی یاسایی پەرلەمان بڕیارمان داوە کە بڕیاری پارێزگاری موسڵ بە لەسەر کارلابردنی قائیمقامی شنگال هەڵەیە و ئەو قائیمقامە هەموو دەسەڵاتێکی یاسایی و دەستووری هەیە و دەتوانێت دەعوا لەسەر پارێزگاری موسڵ تۆماربکات بۆ ئەوەی ڕەدی ئیعتیباری ماددی و مەعنەوی خۆی بکاتەوە.

*** کەواتـــە ئێســـتا هەمـــوو دەرگاکان بۆ وتووێژ لەگەڵ لیســـتی حەدبا داخراون بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە یەکلایی بکرێتەوە، ئایا هیچ گفتوگۆیەك لە نێوان لیستی برایەتی و لیستی حەدبادا هەیە، یان ئایا ئومێدێك هەیە بۆ ئەوەی بە دیالۆگ ئەم کێشـــەیە چارەسەر بکرێت؟**

- تـــا هەفتەیەك پێش ئێســـتاش گفتوگۆ لـــە نێوانیاندا هەبـــوو، بەڵام بـــە داخەوە پارێزگاری موســـڵ و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنـــی پارێزگا و ئوســـامە نوجێفی لەبـــەر بەرژەوەندی خۆیـــان هەر کاتێك کە بەرەوپێشـــچوون لە نێوان ئەم دوو لیستەدا رووبدات، ئەوا هەوڵی تێکدان و لەناوبردنی دەدەن. پارێـــزگار و براکـــەی لەبەر ئەوەی فەشـــەلیان لە ئیدارەکردنی موسڵدا هێناوە، هەموو موسڵیەکانیش دەزانن دڵدار زیباریێ دوژمنایەتی لەگەڵ کورد و کوردســـتاندا هەیە، ئـــەم کارە لەبەر بەرژەوەندی خەڵکی موســـڵ ناکات. بـــەڵام ئێمە لە لیســـتی برایەتی پێشـــوازی لە هەر هەوڵێك دەکەین بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بە مەرجێك هەموو مافەکان بداتەوە بە لیستی برایەتی و ئەم لیســـتە لەبەر ئـــەوەی توانیویەتی زیاتـــر لە یەك لەســـەر ســـێی دەنگەکان بهێنێـــت، نوێنەرایەتی لە ئیدارەی پارێزگا و مەنسەبی سیادی لەو ئیدارەیەدا هەبێت، وەك ئیستیحقاقی ئینتیخابی.

*** ئێمە دەزانین موســـڵیش هاوشـــێوەی کەرکوکە، کە لە کەرکوکدا کورد زۆرینەیە، بەڵام ئامادەیە کەمینەکانی لە دەســـەڵاتدا بەشداری پێبکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار رای گشتی لە دژی کورد دەوروژێنرێت، کەچی لە موسڵدا لیستی حەدبا ئامادەنییە لیســـتی برایەتی بەشداری پێبکات و رای گشتیش هیچ کاردانەوەیەکی نییە، ئێوە ئەم بانێکە و دوو هەوایە چۆن دەخوێننەوە؟**

- بە راستی ئەمە بەراوردێکی باشە و دەبێت لەسەر ئاســـتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی باســـی لێوەبکرێت، دەبێت سەرۆك وەزیـــران و ســـەرۆکی پەرلەمانی عێراق ئامـــاژەی پێبکەن، بەڵام بە داخەوە ئەمانە هیچیان هەق ناڵێـــن و ئاماژەی پێناکەن، چونکە لە کەرکوك کوردەکان پۆســـتەکان بەسەر پێکهاتەکانی شارەکەدا دابەش دەکەن، لە موسڵیش شـــۆڤینییەکان بە پێچەوانەوە رەفتار دەکەن.

*** ئێمـــە دەزانین ئەو ناوچانەی ئەســـیل نوجێفی سەردانی کردن، ناوچەی ناکۆکی لەسەرن و هێزی هاوبەش تێیاندا هەن، بۆچی پارێزگاری موسڵ پێش سەردانەکەی داوای هەماهەنگی لە هێزە هاوبەشەکە نەکرد؟**

- ئـــەو هێزە هاوبەشـــەی دروســـت بووە، نزیکەی ١٦ خاڵی پشکنینی لە ناوچەکانی پارێـــزگای موســـڵ دانـــاوە، ئەویش بۆ پاراســـتنی هاوڵاتییە کوردەکان، هەروەها دوای چوونـــی نوجێفی بۆ ئـــەو ناوچانە بڕیارێکـــی هاوبەش لەلایـــەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادی عێراقەوە دەرچوو کە نابێت بێ رەزامەندی هێزی پێشمەرگە سەردانی ناوچە ناکۆکی لەســـەرەکان بکرێت، کە من پێم وایە دەبێت ئێمە کار بۆ تەفعیلکردنی ئەم بڕیارە بکەین کـــە نەتوانرێت لە داهاتوودا بێ رەزامەندی پێشمەرگە سەردانی ئەم ناوچانە بکرێت.

*** ئایـــا چ رێگاچارەیەك بۆ دەرچوون لەو قەیرانەی لە پارێزگای موســـڵدا دروست بـــووە هەیـــە، دەبێت کورد لـــەم رووەوە چ هەوڵێك بدات و چ هەنگاوێك بگرێتەبەر؟ ئایا هەڵوێستی هاوپەیمانی کوردستانی و حکومەتی عێراقی چیە؟**

- هاوپەیمانـــی کوردســـتانی پابەنـــدە بە دەســـتوورەوە کـــە تێیدا ناوچـــە ناکۆکی لەسەرەکان لە پارێزگاکانی موسڵ و کەرکوك و دیالەدا روونە، هەروەها لەم رووەوە بەڵگەی ماددی بەردەســـت هەیە و لە راستیدا ئێمە پێشـــتریش یەك لەسەر سێی کورسییەکانی ئەنجومەنـــی ئیـــدارەی پارێزگامان هەیە و ئێستاش ئێمە شـــەڕی هەڵبژاردنمان لە پێشـــە و دەبێت لەسەر ئاســـتی موسڵیش سەرکەوتن بەدەست بهێنین و بیسەلمێنین کە ئێمە دەتوانیـــن مافی ناوچە کوردییەکانی ئەو پارێزگایە بگەڕێنینەوە، ئێمە ســـەنگ و پانتاییەکی گـــەورەی ئەم پارێزگایەمان بەدەستەوەیە.

*** ئایا لیســـتی برایەتـــی جارێکی دیکە ناگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، یاخود مەرجی بۆ ئەم گەڕانەوەیە هەیە؟**

- گەڕانەوەی ئێمە دەبێت بە پێی ئیستیحقاقی ئینتیخابـــی بێـــت، واتە دەبێـــت جێگری پارێزگار و جێگری سەرۆکی ئەنجومەن لە لیستی ئێمە بێت، ئێمە ئەو هەموو دەنگەمان هێناوە نابێت بێبەش بین لە بەشداریکردن لە مەلەفی خزمەتگوزاری و مەلەفی ئەمنی پارێزگاکە، ئێمە رازی نابین ئەم مەلەفانە بەدەست کەسێکی شـــۆڤینیەوە بێت، لەبەر ئەوە ئێمە رێگاچارەی ناڕەزایی دەربڕین و موقاتەعەی سیاسیمان گرتۆتەبەر و داوای گەڕاندنەوەی مافەکانی خۆمان دەکەین، لە لایەکی دیکەوە ئێمـــە هەوڵدەدەین زۆرترین رێژەی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشـــتمانی لەسەر ئاستی پارێزگاکە بەدەست بهێنین.

**لیستی حەدبا هەوڵ دەدات کێشە بۆ هەموو ئەو یەکە ئیدارییانە دروست بکات کە لیستی برایەتی تێیاندا براوە بووە**

**لە کەرکوک کوردەکان پۆستەکان بەسەر پێکهاتەکانی شارەکەدا دابەش دەکەن، لە موسڵیش شۆڤینییەکان بە پێچەوانەوە رەفتار دەکەن**

